# کۆچی
# سوور

پێشکەشە بە گیانی پاکی
هونەرمەندی جوانە مەرگ: کامەران صدیق

حەمە کەریم عارف

چاپی یەکەم:1988

- کۆچی سوور، ڕۆمان
- حمە کەریم عارف
- چاپی یەکەم 1988
- لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ژمارە- 45-
- چاپخانەی شەهید سەیدا صالح یوسفی
- چاپی چوارەم/ 2012
- تایپ: رزگار حەساری

## پێڕست

*- لە جیاتی پێشەکی بۆ  چاپی چوارەم..
*- سێکوچکەی ڕۆمان و نهێنیگەکانی...
*- ئیشکالیەتی شۆڕش و واقیع لە کۆچی سووردا: ئەبوشەهابی عەرەب
*- کۆچی سوور ڕۆمانێکی پێشەنگە: جەلال زەنگابادی
*- دەقی کۆچی سوور
*- ژینامەی نووسەر

## پێشەکی چاپی چوارەم

ن: حەمەکەریم عرف

(1)

رۆمان، یەکێکە لەو هونەرە بالآیانەی کە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆش رەواج و بایەخی هونەری خۆی لەدەست نەداوە. هەڵبەتە راوبۆچوونی هەمەجۆرو جیاوازو ناکۆك لەمەڕ پەیوەندی ژیانی شەخسی رۆماننوس دەگەڵ دەقی رۆماندا هەیە. فلۆبیر کە یەکێکە لە کەڵە رۆماننووسەکانی فەرەنسا، پێی وایە رۆماننوس دەبێت لە هەموو شوێنێکی رۆمانەکەیدا ئامادەبێ و لە هیچ شوێنێکی رۆمانەکەشدا بەدیار نەکەوێت. فلۆبیر لە بارەی ژیاننامەی رۆماننووس و ژیانی رۆژانەی رۆماننوسەوە دەڵێت:(( رۆماننوس ماڵی ژیانی وێران دەکات تا بە بەردەکانی ماڵی رۆمانەکەی بنیات بنێ و ئاوایکات )) بێگومان ئەمە وا دەگەیەنێت کە هەرگیز لەگەڵ نووسینەوەی ژیاننامەی رۆماننوسدا نییە، بەو حەساوەی کۆمەك بە حاڵی بوونی رۆمانەکە دەکات، میلان کۆندیراش پێی وایە ژیانی شەخسی رۆماننوس پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە، کەم و زۆر زەمینە بۆ دەرککردنی بیرو هەستەکانی خۆشناکات و بگرە زیانیش بەشێوەو ماهیەت و نێوەرۆکی بەرهەمەکانی دەگەیەنێت.

دیارە ئەو رۆماننووسە ناودارانە پێیان وایە کە ژیاننامەی قارەمانانی رۆمانەکانیش گرنگ نین. بەڵکو ئەندێشەو هەستیان، کەشفکردنی ئەو ئەندێشەو هەستانە گرنگن و دەبێ بوونی قارەمانەکە فەتح بکرێت. بێگومان ئەندێشەو هەست نە لە ژمارە دێن و نە لە چوارچێوەیەکدا کۆنترۆڵ دەکرێن، بۆیە وەختێ کە رۆمان سەروساخت لەگەڵ ئەندێشەو هەستی هەمەجۆرو جیوەییدا پەیدا دەکات. ئیدی ئەو بابەتە رۆمانە چێدەبێت کە پێی دەگوترێت رۆمانی فرە دەنگ. هەڵبەتە رۆمانیش پابەندی یاساو رێسای گۆڕانەو هەرگیز لەیەك فۆرم و قاڵبدا نامێنێ و مێژووی رۆمان و قۆناغەکانی رۆمان لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ئەو راستییەیان سەلماندووە. کەواتە رۆمان رەهەندو مەودا جۆراوجۆرەکانی بوون لە مەحەکی هونەر دەدات و هونەرییانە بێ پایانی و ئاڵۆزی بوون نیشان دەدات، دیارە ئەم پرۆسە هونەرییە وا دەخوازێت کە خەیاڵ و واقیع ئاوێتەی یەکدی بکرێن و ئاسۆی بەرینی بوون نیشان بدرێت، کە ئەم کارەش کرا، ئیدی بۆ خۆی قاڵب و فۆرمی خۆی دەخوڵقێنێ و هەنگینێ ژانرێکی هونەری دەردەکەوێت کە هونەری رۆمانی پێدەگوترێت. هەڵبەتە لێرەداو بۆ روونکردنەوەی پتر و سوودی زێدەتر دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە کافکا لەم بوارو مەیدانەدا سەر ئامادەو لە ریزی هەرەپێشەوەیە.

(2)

گوتمان رۆمان پابەندی یاساو رێسای گۆڕانەو هەرگیز لە یەك قاڵب و چوارچێوەدا نەماوەتەوەو تەنانەت مالیجەی هونەری بابەتەکانیشی گۆڕاون، بۆ نموونە رۆمانی سەدەی هەژدە پتر خووی دابووە سەرگەرمکردن و خوڵقاندنی رووداوی سەیر و بەرێکەوت، بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا پتر روودەکاتە واقیعگەرایی (بالزاك و فلوبیر)، رۆمانی سەدەی بیستەم پتر یاخی بوونە لە کەلتوور و

کەلەپووری رۆمانی سەدەی نۆزدەم و ئیدی لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان و دنیاو ژینگەو دەورووبەردا رۆمانی فرە دەنگ، یان فرە دەنگی لە رۆماندا پەیدا دەبێت و ئەمەش حەزوو ئارەزوویەکی شەخسی دروستی نەکردووە، بەڵکو زەرورەتی کەشفکردنی (بوونی مرۆڤ) وای خواستووەو تا رۆژگاری بەشەرییەت بەم رۆژە گەییوەو رۆمانی تازە پەیدابووە. رۆماننووسان هەوڵدەدەن خۆ لە مەتەڵی زەمەنی بەشەری بدەن، خۆ لە یادەوەریی وبیرەوەریی شەخسی دووربگرن و، چەند قۆناغێکی مێژوویی لە فەزای یەك رۆماندا بهونەرێنن.

رۆمان بەپێی قۆناغەکانی چەکەرەکردن و نەشونوماو گەشەکردن و گۆڕانی خۆی، هەر جارەو هەر قۆناغەی بەشێك یان لایەنێکی نەناسراو و نادیاری (بوونی) کەشف کردووە. بێگومان کەرەستەی کەشف و کەشفکاری رۆمان تەنیا هونەرو وردەکاری هونەرییە، بابەتی ئەم پرۆسەیەش مرۆڤ و پاراستنی مرۆڤایەتی مرۆڤە. خۆ ئەگەر رۆمان لەم خەتە لایدا هەنگێ دەکەوێتە دەرێی بازنەی مێژووی خۆی و، رۆماننوس دەبێت بە بابایەکی هەرزە وێژی فرە وێژی چەنەبازی چەقاوەسووی درێژدادڕی منجڕی حیکایەتبێژ لە پێناوی حیکایەتدا. بێگومان ئەمەش پێچەوانەی پرۆسەی کەشف و کەشفکارییە کە یەکێکە لە بنەماکانی رۆمان. بڕۆخ لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەر رۆمانێك کە بەشێکی نادیاری بوون کەشف نەکات، نا ئەخلاقییە، کەشفکردن تاقە ئەخلاقی رۆمانە)) رۆمان دنیایەکی تەواو سەربەخۆیەو ناچێتە ژێر باری هیچ جۆرە وابەستەگییەك یان پەیامدارییەکەوەو خۆی بۆ خزمەتی هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو یان رژێمێکی سیاسی تەرخان ناکات، رۆمان کار بۆ ئەوە ناکات ببێ بەخودانی حەقیقەت، بەڵکو بەدووی حەقیقەتدا دەگەڕێت، هەڵبەتە گەڕانێکی بێ کۆتایی، چونکە حەقیقەت لە گۆڕان و، گۆڕینی هەمیشەیی و بەردەوامدایە.

**(3)**

رەنگە هەندێك پێیان وابێ کە ئێمە لە سەروبەندو رۆژگارێکداین کە کەشف و کەشفکاری زانستی و تەکنولوژیا هەموو شتێکی فەتح کردووەو حەقیقەتەکانی خستۆتە بەردەستی خاس و عام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆمان هەر لەکەڵك نەکەوتووەو کە وەکو هونەر قاڵبی خۆی وەردەگرێت و بابەتێك لە چوارچێوەی خۆیدا هونەریانە کەشف و مالیجە دەکات، بەخۆێنەر دەڵێت: ((شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە تۆ خەیاڵیان لێدەکەیت)).

من، چ وەکو چەمك چ وەکو لوغزێك هەمیشە پرس و دۆزی بناغەیی رۆمان بووە، تەنانەت ئەو رۆمانانەی کە بەسەرەتای سەرهەڵدانی رۆمان دەژمێردرێن و ئەوسا رۆماننوسان ئاگاداری و رۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ سایکۆلۆژی نەبووە. قارەمانانێکیان خوڵقاندووە کە بە (کردەوەی) خۆیان خۆیان لە کەسانی دی جیاکردووە تەوە. بەڵام کە ئەوە بەدیارکەوت دنیای دەرەوەی پراکتیکی زەمینەیەکی ئەوەندە لەبار نییە بۆ دەرککردن و تێگەیشتن لە (من) ئیدی رۆمان رووی کردە دنیای ناوەوەی مرۆڤ (پرۆست و جویس).

جیهان داوێکەو مرۆڤی پێوە بووەو دەرچوونی بۆ نییە. جا لەناو جەرگەی ئەو دنیایەدا رۆمان پرسیارێکە یان کۆمەڵە پرسیارێکە لەمەڕ لوغز و معەمای بوونی قارەمانانی رۆمان - قارەمانان بەو جۆرەی کە زادەی خەیاڵی رۆماننوسن، نەك هاوشێوەسازی بوونی واقیعی. چونکە ((رۆمان، بوون بە هەموو جەنجاڵییەکییەوە دەپشکنێ، نەك واقیع. بێگومان بوونیش ئەوە نییە کە

روویداوه، بەڵکو بوون مەیدانی توانا زۆرو زەبەندەکانی مرۆڤە، هەموو ئەو شتانەیە کە بەشەر دەتوانێ ببێ، هەر شتێکە کە مرۆڤ بتوانێ واقیعیەتی پێ ببەخشێت.))

کەواتە بوون، بوونی بەشەری، بوونی دەروونی بەشەر بابەتی بنەڕەتی رۆمانەو گەڕانە، گەڕانێکی هونەری وردە بەدووی ناسینی ئینساندا و مەوداو رەهەندە زۆر و زەبەندو جۆراوجۆرەکانی کەشف دەکات. دیارە دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە بیرکردنەوە لە قاڵبی رۆماندا پتر بەشێوەی پرسیارە، سروشتی رۆمان لە باوەڕی ئایدۆلۆژی جیاوازە. رۆماننووس باوەڕەکانی خۆی ئەوەندە بەلاوە گرینگ نییە، بەڵکو ئەوەی بەلاوە گرینگە کە بەزەبری خەیاڵی خۆی، شتە نادیارەکان کەشف و بەرجەستە بکات. بیرکردنەوەی رۆماننوس ناکەوێتە پێش رۆمانەکەیەوە، بەڵکو لە رۆمانەکەوە هەڵدەقوڵێت و دروست دەبێت. کەواتە کەشفکردن و پرۆسەی کەشفکردن بابەت و پەیامی رۆمانە. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی کەشفکردنە، بە گوێرەی زەمان و رۆژگار و بەپێی میکانیزمی گۆڕان، گۆڕانی بەسەردا دێت.. دیارە رۆمان و هەموو هونەرەکانی دی، هەستی ناسك و دەرکی شاعیرانە لەلای مرۆڤ دەمەزەرد و تازە دەکاتەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە رۆمان – وەکو هەر ژانرێکی دیکەی هونەری – بە قاڵببەندی قاییل نییە و رۆمانی ئەمڕۆکە وەکو دەبینین کورت و چڕ و سخە، خۆی لە زۆربێژی و درێژداری دوور دەگرێت.. یەکسەر دەچێتە سەر بابەت، فرەدەنگی رەچاو دەکات. دیارە ئەم فرە دەنگییە پتر قاڵبی شیعرییە تا تەکنیکی رۆمان بێت.

(4)

بەبێ رزگاری لە رەمزو بتە زەینییەکان، گیان و زەینی رەخنەیی دروست نابێت و قاڵب و رەوتی خۆی وەرناگرێت. دیارە لە دونیاو چوارچێوەی هەر بیرێکدا کە لە سەر بناغەی رەمزو وێنەو هێمای نمونەیی و ئایدیالی رۆنرابێ، ئەوا ئەقڵ و ئەفسانە لێکدی جیا ناکرێنەوە، واتە بەجۆرێك ئاوێتە دەبن و رەگ لە رۆحی بنیادەمدا دادەکوتن کە بەیەك ئەندازە تەماشا دەکرێن. دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، لە تاریخیەت بەدەر نییەو زادەو بەرەنجامی قۆناغێك یان چەند قۆناغێکەو لە قۆناغی تازەی بیرکردنەوەدا، ئەم ئاوێتە بوونە رەتدکرێتەوە و ئەفسانە وەلا دەنرێ و رێگە بە ئەقڵ و زاڵبوونی ئەقڵ دەدرێ و ئیدی بەمجۆرە مێژووی سەردەمی تازە دەست پێدەکات. ئەقڵ دەبێت بە مەحەك و پیوانەو پێوەری هەموو شتێك و کەون و گەردوون لەلایەن ئەقڵەوە فەتح دەکرێت و چ شتێك لە دەسەڵاتی ئەقڵ بەدەرنابێت، ئەقڵ بەرادەیەك زاڵ دەبێت و زاڵ دەکرێت کە جێی ئەفسانە و وێنەێن نموونەیی دەگرێتەوەو خەرمانەیەکی ئەفسانەیی دەوری دەدات. بەهەر حاڵ کار دەگاتە رادەیەك کە مرۆڤ لە خودی خۆیشی دوور دەکەوێتەوەو بوونی لەبیر دەچێتەوە، دیارە ئەمەش زادەی گواستنەوەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەو بەناچاری لە وەخت و رۆژی خۆیدا دەنیشتێتەوە.. دیارە کە زانست یان ئەقڵ و هەموو دەستکەوتە زانستییەکانی ئەقڵ زاڵ ببێ و جێی چ شتێکی دیکەی نموونەیی یان ئەفسانەیی و مەیلەو ئەفسانەیی و خەیاڵ و خەیاڵپلاوی و خەون و هەستپەروەری و سۆز و گوداز و سۆزداری نەمێنێ، ئەوا هیچ یەکێك لەمانە بەتەواوی لەناو ناچن. بەڵکو پاشەکشە دەکەنەوە بۆ ناو ناخ و دەروونی مرۆڤ و ئیدی لێرەوە چارەنووسیان بە هونەر، بە رۆمان و چیرۆك و شیعر و.. هتد دەسپێردرێت و رۆمان مەوداو و ئیمکانیاتە جۆراوجۆرەکانی بوون کەشف و مالیجە دەکات و

هاوسەنگییەکی دیالکتیکی لە نێوان ئەقڵ و ئەفسانەدا دەسازێنێ و ئیدی دنیای بێ سنووری روح دەپشکنێ و... کەواتە رۆمان سنووری روح دەپشکنێ و مێژووی خەونەکانی مرۆڤ لە قاڵبی هونەردا بەرجەستە دەکات. کەواتە رۆمان بەهەموو نەوەستانێکی خۆیەوە. بەهەموو سەردەمەکانییەوە، بەهەموو گۆڕانەکانییەوە و لە هەموو زەمانێکدا مامەڵە لە تەك بەشێکی نادیار و نەدۆزراوەی بووندا دەکات، وبەم کارەش ، واتە بەم دۆزینەوە بەردەوامانەی، روناکی بە ژیان دەبەخشێت و لێرەوە هەر هەموو بوون، بە دوور لە باوەڕو ئایدۆلۆژیاو پەیوەندییەکی پێشوەختە، دەبێت بە بابەتی هونەرو رۆمان. کەواتە کوندرا گوتەنی: ((رۆمان بەهەشتی خەیاڵی تاکە، رۆمان قەڵەمڕەو و دنیایەکە کە کەس تیایدا خودانی حەقیقەت نییە)). (بڕوانە میلان کوندرا- هنر رمان - ترجمه دکتۆر پرویز همایون پور)، کەواتە بابەت و ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکانی بوونی مرۆڤ، بە دوور لەهەر پابەندییەکی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی، لەلایەن رۆماننووسەوە دەخرێتە بەر شیکردنەوەی هونەری.

(5)

زۆر جار دەبینین قارەمانانی هەندێك رۆمانان دەگەنە کوێرە کۆڵان و ناتوانن دەربچن، هۆیەکەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکی بێ ئازادیدا دەژین..جا کۆمەڵگەی ئاوا وەکو بەرد وایە چ ئیمکاناتێکی تێدا نییە. ناکامی و شکستی ئەم قارەمانانە، نیشانەی روانینێکی تازەیە بۆ مێژوو، مێژوویەك کە دەبێت رەوش و رەوتێکی تازە بگرێتە بەر. رەوشێکی ئازاد.. زەمینەیەکی وەها بۆ توانا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ بسازێنێ کە ئازادانە واقیعییەت پەیدا بکەن، ناکامی و تێشکانی ئەم قارەمانانە، سەرەتای هاتنە مەیدانی قارەمانانی دیکەیە.. قارەمانانێك کە قۆناغێن دیکەی گۆڕانی کۆمەڵگەی بەشەرییان دێتە بەر و، ئەوانیش تێشکان و سەرکەوتنی تازەی مرۆڤ لە مێژوودا تۆمار دەکەن. ئیمکاناتی مرۆڤ ئیمکاناتی شکست و تێشکانی خۆین، لە هەر شکستێکدا هەوێنی سەرکەوتنێك هەیە و، هەر سەرکەوتنێکیش لە مەوقیعییەت و قۆناغێکی تازەدا دەجەڕبێنرێت

رۆمان وەکو هەر بەشێکی دیکەی هونەر، بگرە زیاتریش، بریتییە لە زنجیرە پرسیارێکی بێبڕانەوە دەربارەی مەتەڵی بوونی قارەمانەکانی نێو رۆمان، کە دەکاتە نموونەیەکی بچوککراوەی هونەریانەی ژیان، ئەو قارەمانانەی کە لە هەوڵ و تەقەللای ناسین و ناساندن و کەشفکردنی دیاردەکانی بووندان و بەناو حەقیقەتە رێژەیی و ناکۆکە زۆرو زەبەندەکان دەکەون و نیگەرانی و سەرگەردانی و خەو و خەیاڵ و خۆ هەڵکێشان و فشەکەری خۆیان کەوی دەکەن، کە لێرە کەوی دەکەی، هەر کە چاوت لێ غافڵ کرد لە شوێنێکی دیکەدا کێوی و هۆڤی دەبێتەوە.

رۆمان، وەکو لە رۆمانی تازەشدا بە ئاشکرا دیارە، تاقیگەیەکە کە مرۆڤی بەڕووت و قووتی تێدا شیکار دەکرێت، ئیدی جەوهەر و کرۆکی واقیعییانەی بەشەر، کاروکردار و رەفتاری، لە سایەی حوکمی پێشوەختەو رواڵەتسازی و... هتد. پەنهان ناکات، ئیدی گەلێك خەڵکی زەبەلاحی بەڕواڵەت قارەمان دەبن بە مشکی تۆقیوی هەترەش چوو، قسەی زل و قەبەو قەڵەو دەکەونە ئەو گۆڕەو پەردەیان لەسەر لادەچێت.. ئەو کەسانەی کە خۆیان فریو دەدەن و واقیع بەگوێرەی حەزی خۆیان لە خەیاڵدا پەروەردە دەکەن..خەڵکانی خەیاڵپڵاو، غافڵگیر دەبن و نە رابردووی خۆیان پێ دەسڕێتەوە نە شوێن پێی خۆیان و نەجێ پێی کەسانی دیکەیان پێ کوێر

دەكرێتەوە و هیچ چارێكیات نامێنێ تەنیا خۆ ناسین و ناسینی دنیای خۆیان و دەوروبەری خۆیان نەبێت و ئەوجا روحی خۆیان لە دۆستایەتی و خۆشەویستی مرۆڤدا بسمیل بكەن و رۆحی خۆ تازە بكەنەوە و ماقوڵییەت بە ژیان ببەخشن و لە زەمینەی خۆشەویستیدا، ئازادی بجەرپێنن و مانایەك بۆ ژیانی خۆیان بدۆزنەوە.

**رەنگە خەڵكانێك پێیان وابێ، رۆمان لەم سەردەمە جەنجاڵ و زانست زەدەیەدا مردبێت، یان لە گیانەڵڵای مەرگدا بێت، یان بە تۆبزی بێتە كوشتن. بەڵام تاكو ئەندێشەو خەیاڵ و خولیاو كەڵكەڵەو ترس و نیگەرانی و سەرگەردانی، خەون و خۆزگەی رەسەنی بەشەری مابێ. سەرچاوەكانی رۆمان وشك ناكەن و رۆمان وەكو ژانرێكی باڵای ئەدەبی دەمێنێ و قۆناغ بە قۆناغ وەكو شێوەو نێوەرۆك خۆی تازە دەكاتەوەو كاژ فڕێ دەدات و وەكو پێویستییەك درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و ناچارمان دەكات لە مێژوو و، بوونی مرۆڤ رامێنین.**

(6)

بەهەر حاڵ پێشكەوتنی زانست و لق و پۆپەكانی زانست و پسپۆڕی پەیداكردن لە بوارەكانی پێشكەوتنی زانستی و تەكنەلۆژیدا، وای لە مرۆڤ كرد كە بەرە بەرە بوون لە بیر بكات و لە فەرامۆشخانەی بووندا غەرق ببێ و هێزە تەكنیكی و سیاسی و مێژووییەكان بەسەریدا زاڵ ببن و تا رادەیەك بخرێتە پەراوێزەوە.. دیارە لێرەدا دەبێت ئەوە بگوترێت كە دامەزرێنەرانی سەردەمی تازە تەنیا زانایان و دانایان نین، بەڵكو ئەدیبان و هونەرمەندانیش لەوان كەمتر نین. رەنگە بتوانین بڵێین كە سیر ڤانتس هاوشانی دیكارتە..دیارە هەر یەكەیان لە بواری خۆیدا. ئەگەر بشێت بگوترێ كە فەلسەفەو زانست، بوونی مرۆڤیان فەرامۆش كردووە، ئەوا ئەدەب بە هەموو لقەكانییەوە، بەتایبەتی رۆمان، خۆی بۆ هەڵكۆڵینی ئەو بوونە فەرامۆشكراوە تەرخان كردووەو بە دوویدا دەگەڕێت. بۆیە تا بوونی مرۆڤ هەڕەشەی لەسەر بێ، ئەوا رۆمان نامرێت و لە حاڵەتی (دۆنایدۆندا) سەرهەڵدەداتەوەو مرۆڤ لە (فەرامۆش بوون) پاسدەكات ولایەنە نەناسراوەكانی بوونی بۆ دەدۆزێتەوەو كەشف دەكات، كەشفكردن و دۆزینەوە تاقە پەیامی ئەخلاقی رۆمانە.

(7)

قەدەغەكان، سانسۆر، سەركوتی ئایدۆلۆژی بەهەر هەموو جۆرەكانییەوە، تەنانەت بە ئاینیشەوە دوژمنی سەرسەختی رۆمان بوون و تا رۆژگاری ئەمڕۆش ئەمە لە زۆر وڵاتدا هەیە. رۆمان هەر كە لە قاڵبدراو بیرو ئایدولۆژیایەكی دیاریكراوی پێشوەختەی لێ باركرا، ئیدی دەكەوێتە دەرێی مێژووی رۆمان، بۆ نموونە گەلێك لەو رۆمانانەی كە لە سایەی حوكمڕانی سۆڤیەتداو بەمەبەستی چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای دیاریكراو هاتنە چاپ و بڵاوكردنەوە، چ كەشفێكی تازەیان بۆ بوون پێ نەبوو، واتە چ بەشدارییەكیان لە پرۆسەی كەشف و دۆزینەوەی تازەی بوون نەبوو كە ئەو پرۆسەیە دەكاتە مێژووی راستەقینەی رۆمان واتە رۆمان تا رادەیەكی بەرچاو لەسەردەمی حوكمڕانی سۆڤیەتدا وەستابوو.

دیارە هەر وەستانێك لەم مەیدانەدا گەر درێژە بكیشێت و بەردەوام بێت. هاوتای جۆرە مەرگێكە. هەڵبەتە مەبەست ئەوەیە كە رۆمان لە مێژووی خۆی دادەبڕێت.. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بكرێت كە ئەگەر هۆی سەرهەڵدانی رۆمان و پەیامی رۆمان – ئەگەر قەرار بێ پەیامێكی هەبێ – ئەوە بێ كە رووناكی، كە ماقووڵییەت بە ژیان ببەخشێت و مرۆڤ لە

(فەرامۆشبوون) پاس بکات، ئایا لەم رۆژگارە هەرە ئاڵۆز و جەنجاڵ و ترسناکەی ئەمڕۆدا، لە هەموو سەردەم و رۆژگارێك پتر پێویست بە رۆمان نییە؟! رەنگە وا بێ، ئەمەش بۆ خۆی نوقلانەی بووژانەوەی رۆمانە ، نوقلانەی سەرهەڵدانی رۆمانی تازەو هاوچەرخە، مژدەی گەڕانەوەی رۆمانە بۆ ناو جەرگەی مێژووی خۆی، کە لەبەردەوامی کەشف و کەشفکاری و دۆزینەوەکانی رۆماندا بەرجەستە دەبێت، رۆمان سەروسەختی لەگەڵ رۆحی بووندایە، رۆحی بوونیش لەوە ئاڵۆزترە کە خوێنەر بیری لێ دەکاتەوە.

**(8)**

دیارە رۆمان وەکو ژانرێکی زۆر دیاری ئەدەبیات، بریتییە لە وروووژاندنی پرسیار لە دووی پرسیار و گەڕان بەدووی وەڵاماندا، هەر ئەم بناغەو هەوێنە لق و پۆپی فرەی لێ دەبێتەوەو لق و پۆ بۆ دنیای ئەشق و خەباتی چینایەتی، دیاردەناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مرۆڤ ناسی دەهاوێ و لە تاقیگەی هونەردا تەجرەبەی دەکات و هونەرییانە پێمان دەڵێت کە جیهان و مرۆڤ لێکدی جیا نابنەوەو تەواوکەری یەکترن و کە جیهان دەگۆڕێت بوونیش دەگۆڕێت، دیارە لێرەدا دەبێت ئەوە بگوترێت کە جیاوازی رۆمان لە کایە رۆشنبیرییەکانی دیکە، لە گوتنی شتێکدایە کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیڵێ.. واتە رۆمان بوون دەپشکنێ نەك واقیع، بوونیش زنجیرەی رووداوەکان یان کۆی رووداوەکان نییە، بوون مەیدانی ئیمکاناتی تیرەی بەشەرە، هەر شتێك کە مرۆڤ بتوانێ واقیعییەتی پێ ببەخشێت. رۆماننووسان نەخشەی بوون بە کەشفکردنی ئەم یان ئەو ئیمکاناتی بەشەری دەکێشن. بەڵام هەبوونیش دەکاتە بوون لە جیهاندا، بۆیە دەبێت هەم کەسایەتی رۆمان و هەم جیهانی رۆمان وەکو ئیمکانات دەرك بکرێت، یانی رۆماننوس نە مێژوونووسە نە پەیامبەرە، بەڵکو لێکۆڵەرەوەی بوونە.

* **

یەك ژیان بەشی یەك کەس ناکات، یانی بۆ دروستکردنی کەسێك چەندین ژیان پێویستە، ژیانیش بریتیە لە عەمەل، جا با بزانین عەمەل چییە؟! ئەمە مەسەلەی هەرە بنەڕەتی رۆمانە، مەسەلەیەکە کە رەگەزی بناغەیی رۆمان پێکدێنێ.. هەر لەم پێودانگەوە مەسەلەی نەخشەو بڕیار دێتە ئاراوە، نەخشەو بڕیار چۆن بۆ کردەوە دەگۆڕێن. کردەوە بۆ ئەوەی ببێ بە رووداو چۆن ریزبەندی دەبێ؟ زۆر لە رۆماننووسان پێیان وایە کە بزوێنەرێکی دیارو ئاشکرا کردەوە دەخولقێنێ و هەر کردەوەیەك دەبێتە باعیسی کردەوەیەکی دی. رووداویش دەکاتە زنجیرەیەکی ئاشکرای هۆ و ئەنجامی کرداران..

وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە رۆمان سەروساختی لەگەڵ ئەو شتانەدایە کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیڵێ و نیشانی بدات، کە تەنیا رۆمان دەتوانێ کەشفی بکات..دیارە رۆمان، بۆ ئەوەی بگات بەو ئاستە، دەتوانێت بە شێوەیەکی هونەریانە، کایە رۆشنبیرییەکانی دیکەی وەکو شیعرو فەلسەفە بخاتە خزمەتی خۆیەوە بەبێ ئەوەی ناسنامەی خۆی لەدەست بدات، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شێوەی بیرکردنەوەی فەیلەسوف و شێوەی بیرکردنەوەی رۆماننووس هەیە. واتە رۆماننووس کاری خۆی لە قاڵبی هونەرداو بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆی دەکات، واتە ئەگەر فەلسەفەو فیکر هونەریانە دەخزمەتی رۆمان خران، مانای وا نییە رۆمانووسەکە بوو بە هزرڤانێکی مەزن یان فەیلەسوفێکی گەورە، ئەگەر ئەمە بشبێ ئەوا تەنیا وەکو رۆماننووس

خـودانی فەلسـەفەو هـزرە.. واتـە بـەو مانایـەی کـە دەتـوانیٚ چـۆن لـە ڕێگـەی قارەمانەکانییـەوە دنیایـەکی زەیـنی زۆر دەوڵەمەنـد و جـوان بخـوڵقێنیٚ.. واتـە فیکـر کـە چـووە نـاو چوارچێوەی ڕۆمانەوە لە رووی ماهییەتەوە دەگۆڕێت و ئەو قاتیعیەتەی دەریێی ڕۆمانی نامێنیٚ و بە تان وپۆی ناسکی خەون و خەیاڵ دەهونەرێنرێت.. واتە ئەوەی ڕۆمان دەتوانێت بەشێوازی خۆی پێمانی بڵێت، هیچ جۆرە بیرکردنەوەو تێفکرینێکی کۆمەڵناسانە یان سیاسەتوانانە یان فەیلەسوفانە ناتوانێت بەو ئاوایە پێمانی بڵێت.

**(9)**

فرەدەنگی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خزمەتی پێکهاتەی ڕۆمانی، لە باری هونەرییەوە کردووە. ڕۆمان هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە خۆی لە یەك هێڵی یان تاك هێڵی قوتار بکات و لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چەند کلاوڕۆژنەیەك لە خۆی و بۆ خۆی بکاتەوە.. جا ئەم دەنگانە ئەگەر چی بەیەکەوە پەیوەستن و و لەیەکدا جۆشیان خواردووە. بەڵام سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆیانیش هەیە.
ڕۆمان کەشف و دۆزینەوەی مەبەستە، بەڵام هەموو ئەو لایەنانەی کە کەشفیان دەکات، وەکو جوانی کەشفیان دەکات، جوانیش تروسکەیەکە لە ناخی دەقەوە خێرا هەڵدیٚ و گەشکەیەکی بە لەزەت و حیرەت ئەنگێز بە ڕۆح دەبەخشێت.
لە کۆتاییدا دەبیٚ ئەوە بگوترێت کە ڕۆماننووس پەیڤداری هیچ کەسێك نییەو پەیڤداری بیرە تایبەتییەکانی خۆیشی نییە، بەڵکو ئەویش دەبێت بەکەسێکی ناو ڕۆمان، ڕۆمانیش بەهەشتی خەیاڵی تاکە، ڕۆمان جیهانێکە کە کەس تیایدا خودانی حەقیقەت نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی ناو ڕۆمان هەقی ئەوەیان هەیە کە بناسرێن و دەرك بکرێن.
ڕۆمـان، بەتەبیعـەت و سروشـتی خـۆی، سـەر بـە یەقینیـەتی ئایـدیۆلۆژی نییـە، بـەڵکو بەپێچەوانەوە، واتە ریسی فەیلەسوفان و هزرڤانان دەکاتەوە بە خوری، ئەمەش لایەنێکی هەرە گرنگی ڕۆحی و مەعنەوی قۆناغ و سەردەمی خۆی پێکدێنێت و دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەر قۆناغ و سەدەیەك حەساوی بۆ بکرێت، دەنا هەڵسەنگاندنەکە سەنگەلا دەردەچێت.

**تێبینی:**

*** بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: میلان کوندرا، هنررمان، ترجمە: دکتر پرویز همایون پور– نشر گفتار/ تهران 1377 (1998)**

* ڕۆمان لە نێوان موغامەرەی نووسین و نووسینی موغامەرەدا حەمەکەریم عارف/ نەوشەفەق ژمارە: 18 ئەیلولی 2004 ل 33-39.

# سێکوچکەی ڕۆمان
# و نهێنگەکانی کاری چیرۆکڤانی

**حەمەکەریم عارف**

"1"

ئەدەب لە ولآتانی پاشکەوتوودا ناکاتە شتێکی گرینگ و کاریگەر،بۆیە بە زۆری دەکەوێتە پەراوێزی ژیانی کۆمەلآیەتییەوە و وەکو کارێکی لاوەکی تەمەشاو مومارەسە دەکرێت.بەلآم ئەدەبیات بە گشت ژانر و لق و پۆپەکانییەوە، لە دێر زەمانەوە کەلکەلەو خولیایەکی حەلآڵ و ڕەوای مرۆڤانی بووە، ومرۆڤ هەوڵیداوە لەو ڕێگایەوە جۆرە نەمری و جاویدانییەك بە خۆ و بە ژیانی خۆی ببەخشێت ، خۆی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بگێڕێتەوە و ببێت بە بەشێك لە باکراوندی یادەوەرییەکانی وەچە یەك لە دوای یەکەکانی تیرەی بەشەر و بە ئاسانی لە بیر نەچێتەوەو لە یادگە نەسڕدرێتەوە..ئەگەر لە ڕۆژگارانی کۆنی پێش مێژوودا، بەشەر ئەم خولیا و کەلکەلآنەی لە ڕێگای نەخش و نیگارانەوە لەسەر بەرد و دارودیواری شکەفتاندا بەرجەستە کردبێت، ئەوا لە سەرەتای دەستپێکی مێژووەوە، ئیدی لە ڕێگای وشەو کەرەستەی تری دەربڕینەوە گوزارشتی لە خولیا و خەون و خەیاڵ و ئومێد و نائومێدییەکانی خۆی کردووەو نیشانی داون.هەڵبەتە هەموو کەسێك ئەو تواناو بەهرەیەی نەبووەو نییە.ئێمە لێرەدا کە زیاتر قسەمان لەسەر ئەدەب و نووسینە، بۆیە زیاتر دەست لەسەر وشە دادەگرین، لە ئەدەبدا وشەو پەیڤ کەرەستەیەکی ئەفسووناوییە، تەنیا خەڵکانی ئەفسوونکار، واتا ئەدیب دەتوانن بە شێوەیەکی ئەفسووناوی ئەوتۆ بەکاری بێنن کە گەشکەو لەزەتێکی ئەستاتیکی بە ڕۆحی وەرگر ببەخشێت.ئەمەش خۆ بەخۆ و لە خۆڕا نایەتە دی و بەهرەیەکی خۆڕسکی خودادادی نییە، بەڵکو مەیل و ئارەزوویەکی ئاشقانەی ئەوتۆیە کە حەجمین و حەوانەوە لە هەڵگرەکەی هەڵدەگرێت و لە روحیا پەنگ دەخواتەوە و هەموو خەمێکی دەبێت بە مومارەسەکردنێکی ئاشقانەی ئەو مەیل و ئارەزووە، هێندەی مومارەسەی ئەو مەیل و ئارەزووەی لە لا مەبەستە، ئەوەندە شۆرەت و دەسکەوت و قازانجی مادی – ئەگەر هەبێت– لەلا گرینگ و مەبەست نییە. بە کورتییەکەی نووسین و ئاشقێنی دەگەڵ وشەدا لەلا دەبێ بە باشترین شێوازی ژیان. یانی مەیل و ئارەزوو خاڵی دەستپێکی نووسین و نووسەرایەتییە. هەڵبەتە مەیل و ئارەزوو جۆرە توانایەکی خۆڕسکە. خەڵکانێك، چ نێر چ مێ هاندەدات ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. چونکە پێیان وایە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانن خودی خۆیان بسەلمێنن، ودەگەڵ خودی خۆیاندا بسازێن و گەشکە بە ڕۆحی خۆیان ببەخشن.دیارە ئەم مەیل و ئارەزوو، وبەهرە خۆڕسکە، شتێکی قەدەری نییە لە چارەی هەندێ کەس نووسرابێ و لە چارەی هەندێکی دی نەنووسرابێت، بەڵکو توانایەکی خۆرسکی ڕیشە ئاڵۆزە و بە هەوڵ و کۆشش و لێبڕان گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت وهەندێجار

دەگاتــە ئاســتی بلیمەتایــەتی. بۆیــە ئــە کەســانەی لــە تەمــەنی منــداڵی یــان لــە ســەرەتای هەرزەکارییەوە، بەو دنیایەی کە تیای دەژین ناڕازین و بە خـەیاڵ دنیایەك چێدەکەن کە لە زۆر رووەوە لە دنیای واقیع جیاوازە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستپێك و سەرەتایە بۆ ئەو شتەی کە پێی دەگوترێت مەیل و ئارەزووی ئەدەبی. دیارە ژمارەی ئەوانەی کە دەتوانن بە باڵی خەیاڵ بفڕن و لە دنیای واقیعی و ژیانی ڕاستەقینە دوور بکەونەوەو بە پەیڤ و وشە دنیاێن باشتر و جوانتر دروستبکەن، زۆر کەمە..تەنیا ئەو کەسانە ئەمەیان لێدەوەشێەوەو لە دەست دێت، کە لە ساتێکی تایبەتیدا بڕیاری ئەوە بدەن ببن بە نووسەر و خۆیان دەربەست بۆ نووسین تەرخان بکەن و مەیل و ئارەزووە زەینییە خۆڕسکەکەیان لە ڕێگەی وشە و لە ناو وشە و بە وشە بەرجەستە بکەن.بۆیە هەر بەرزەخەیاڵی و خولانەوە لە بازنەی خەیاڵدا بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی نووسینەوە بەرجەستە بکرێت ، ئەو واقیعە وەهمییەی لە خەیاڵداندا ئاولەمە بووە، بە نووسین بسپێردرێت، هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکی فرە گرینگە بەرەو دنیای نووسەرایەتی، بەڵام ئایندەیەکی نووسەرایەتی ئەوتۆ بۆ هیچ کەسێك وەکو نووسەر زامن ناکات. بەڵام مکووڕ بوون لەسەر ئەوەی ببی بە نووسەر، وبڕیاربدەیت ژیانی تایبەتی خۆت لە قەبەڵی ئەم پرۆژەیە بکەیت، تاقە ڕێگەیە کە لەگینە بتخاتە سەر سەرەتای ڕێگەی بە نووسەر بوون.

بەم پێیە خەیاڵ دەکاتە سەرچاوەی مەیل و ئارەزووی نووسەرایەتی و ڕەگێکی خەیاڵیش دەچێتەوە سەر یاخی بوون، ئەوەی بە باڵی خەیاڵ دەفڕێ و ئاسمانی ژیانە خەیاڵکردەکان دەخاتە ژێر باڵی فرینەوە، بەمە جاڕی یاخی بوون دەدات، یاخی بوون لە دنیای واقیعی، لەو ژیانەی کە هەیە، دەیەوێ دنیاو ژیان بگۆڕێت بەو دنیایەی کە بە خەیاڵ دروستی دەکات، جا هەرچەندە ئەمە پرۆژەیەکی خەیاڵییە، بەڵام لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی (ابداعی) زۆر تایبەتییە، بە شێوەیەکی زاتی ، و مەجازی، و نامێژوویی دێتە دی، و لە مەودای دووردا بە درێژا کار لە دنیای واقیعی، واتە لە ژیانی خەڵکی ناو واقیع و ناو ژیانی ئاسایی دەکات. جا ئەم نارازی بوونە بە واقیع و بە ژیان وەکو چۆن هەیە، یەکێکە لە نهێنییەکانی زەروورەتی بوونی ئەدەب.هەڵبەتە ئەو ژیانەی کە دەقی چیرۆکڤانی، بە تایبەتی دەقی زۆر پوختەی هونەری، بەرجەستەی دەکات و پیشانی دەدات، هەرگیز ئەوە نییە کە داهێنەرەکەی تیایدا ژیاوە و بە کردەوە جەڕباندوویەتی، بەڵکو ئەو دنیاو ژیانەیە کە بە ئاواتی خواستووەو لە ژیانی واقیعیدا پێی نەگەییوە، بۆیە پەنای وەبەر خەیاڵ بردووەو لە ڕێگەی خەیاڵەوە ژیانی دڵخوازی خۆی چێکردووەو بە شێوەیەکی خودی و ناراستەوخۆ، بە دەم خەون و خەیاڵەوە، مومارەسەی ئەو ژیانەی کردووە. هەڵبەتە خەیاڵ بۆ خۆی پەردەیەکەو دراوە بەسەر حەقیقەتێکی گەلەك گەورەدا، دراوە بەسەر ئەو ژیانەدا کە نەبووە.. ئەو ژیانەی لە سەردەمان و ڕۆژگارانێکدا پیاوان و ژنانێك خەویان پێوە دیتووە، بە عەزرەتیەوە بوون، وەهەولیان لە پێناوی وەدیهاتنیدا داوەو پێی نەگەییون، بۆیە چاریان ناچار بووە کە بە خۆیان بیخوڵقێنن، دروستی بکەن، لە نەبوونەوە بیهێننە بوون.واتە ئەم پرۆسەیە ڕێك بە پێچەوانەی کاری مێژووەوە، نەهاتووەتە سەر حازرەکی و ئەوەی هەیەو روویداوە بگێڕێتەوەو تۆمار بکات، بەڵکو سەرو ساختی دەگەڵ ئەو شتەدایە کە

رووی نەداوە، بۆیە چاری ناچارە پەنا وەبەر خەیاڵ و پەیڤ بەرێت و بە جۆرێ بیخوڵقێنێ و بیافەرێنێ کە لە گشت کەم و کوڕی و کێماسی و بۆشایی و بێدادی و نامرادییەکانی ژیانی راستەقینەو واقیعی بە دەربێت..دیارە ئەم پرۆسەیە ڕەگێکی دەچێتەوە سەر یاخیگەرێتی، و ئەم گەمەیە بە ڕواڵەت گەمەیەکی بێوەی و بێ مەترسییە..هەڵبەتە هەر گەمەیەك سنوور و بازنەی مەیدانی تایبەتی خۆی نەبەزێنێت، و خۆی لە ژیانی واقیعی هەڵ نە قورتێنێت، هیچ مەترسییەکی نابێت و زەرەری بۆ پەزی کەس نابێت.. بەڵام گەمەی ئەدەب لەگەمە بێوەیەکان نییە، چونکە خەیاڵ کە رەگەزی هەرە بنەرەتی ئەدەبە، خۆی لە خۆیدا زادەی نارەزاییەکی جدییە دەرهەق بە ژیان وەکو هەیە، وئیدی لێرەوە دەبێت بە سەرچاوەی تورەیی و بێزاری و نارەزایی وکاتێ خوێنەر لە میانەی رۆمانانی مەزنی خەیاڵییەوە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دنیای واقیعی و ژیانی رۆژانە، هەرگیز راستگۆیی ئەو ژیانەی تێدا نییە کە رۆماننووسان خولقاندوویانە و ئەفراندوویانە، ئەوسا دەگەرێتەوە بۆ ناو ژیانی ڕاستەقینە و بە هەستیارییەکی زیاتر و بێدارییەکی پترەوە ڕوو بە رووی کەم و کوڕی و سنووردارییەکانی ژیان دەبێتەوە.بە نیگەرانییەکی تەواوەوە رووبەرووی دنیای واقیعی دەبێتەوە و ئەم نیگەرانییە کە ئەدەبی رەسەن و چاك لە دڵ و دەروونان دروستی دەکات، لەگینە لە هەلومەرجی خۆیدا بگۆرێت بۆ هەڵوێستی یاخی بوون لە دەسەڵات، ودام ودەزگا کارگێڕی و بیرو باوەڕە باوەکان. بۆیە لە دێر زەمانەوە دەسەڵات هەوڵیداوە ئەدەبی ڕەسەن قەدەغە بکات و لە رێگەی سانسۆرەوە دەستەمۆ و کەوی بکات.هەڵبەتە دەسەڵاتبازان و دەسەڵاتڕانان لەمەدا بە هەڵە نەچوون، چونکە پرۆسەی ئەفراندنی چیرۆکێن خەیاڵی، هەرچەندە بە رواڵەت زۆر بێوەیە و ئاشتی لێدەبارێت، بەڵام لە کرۆك وجەوهەردا شێوازێکە لە شێوازە شارستانیەتەکانی ئازادیخوازی، و بانگەوازی یاخی بوونە دژ بەوانەی کە دەیانەوێ ئازادی نەهێڵن و دەست بخەنە بینی ئازادی.جا ئیدی چ خەڵکانی ئاینی بن چ سکۆلاریست.ئەمە هۆیەکە لەو هۆیانەی کە گشت دکتاتۆریاتەکانی دنیای هانداوە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەدەب بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو لە قاڵبی سانسۆری بدەن و بە هەموو شێوەیەك کۆت و زنجیری بکەن.

***

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر ئەسڵی بابەت و مەبەستەکەی خۆمان،کە مەیل و ئارەزووی ئەدەبی بوو..هەڵبەتە مەیل و ئاەزووی ئەدەبی سەرگەرمی و کات بەسەربردن نییە، وەرزش نییە، و گەمەیەکی ناوازەش نییە کە لە کاتی دەست بەتاڵیدا مومارەسە بکرێت . بەڵکو جۆرە کۆیلایەتییەکە کە نووسەر بە خوایشتی خۆی هەڵیدەبژێرێت. واتە نووسەر دەبێت ژیانی خۆی لە قەبەڵی نووسین بکات و بە تەواوەتی خۆی بۆ تەرخان بکات.کەواتە نووسین مێملێ ئاسا لەسەر ژیانی نووسەر دەژی ،و فلۆبیر گوتەنی : " نووسین رێبازێکە لە رێبازەکانی ژیان..یان ئەو کەسەی کە نووسین وەکو شێوەیەکی ژیان هەڵدەبژێرێ و دەچێتە ژێر ئەو بارە جوان و لە هەمان کاتدا قەرسەوە، بۆ ئەوە نانووسێت کە بژی، بەڵکو دەژی بۆ ئەوەی بنووسێت و بەبێ ئەدەب هەڵناکات و ئەدەب دەبێت بە داینەمۆی بوون و مانی. ئەدەب لە لای دەبێت بە جۆرە ئاینێك کە

ئامادەیە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، و خەمی بەرو دوای دەبێت بەوەی بەرهەمێکی زیندووی ئەوتۆ بئافەرێنێ کە سنووری زەمان و سەردەمان ببەزێنێت و لە دوای ئەو بژی...بە کورتیەکەی ئەوەی دەیەوێ ببێ بە ئەدیبی راستەقینە ، دەبێ لە ڕادەبەدەر ئەدەبی خۆش بوێت، وبە جۆرێ ئالودەی ببێت، کە نە تەماح و نە هەڕەشە نەتوانێت پێی تەرک بکات، وهەموو جوانی و لەزەت و خۆشییەك لەو ئالوودە بوونەدا ببینێت.

"2"

هەڵبەتە یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی دنیای چیرۆکڤانی و رۆمان ، ئەزموونی خودی نووسەر و ژیانی رۆژانەیە، یان بە گوتەیەکی دی خوێندنەوەی هونەریانە ژیانی رۆژانە و چۆنیەتی گۆڕینی ئەو ئەزمون و ژیانە رۆژانەیەیە بۆ هەست.دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە چیرۆك یان رۆمان ئۆتۆبیۆگرافییەکی موو بە مووی نووسەرە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ خودی نووسەر و ئەزموونەکانی ژیان بە شێوەیەی هونەری و ناڕاستەوخۆ لە دەقی چیرۆك و رۆماندا رەنگدەداتەوە، واتە بەم پێودانگە خەیاڵیترین رۆمان و چیرۆك ڕەگێکی لە واقیعدایەو لەلایەن نووسەرەوە جووتێ باڵی خەون و خەیاڵی لێنراوە تا بتوانێت سنووری واقیع ببەزێنێت و لە ئاسمانی حەزەکانی نووسەردا، بەرزەفڕی خۆی بنوێنێ و بەلای کەمەوە لەزەتێکی ئەستاتیکی بە وەگر ببەخشێت.دیارە هەر نووسەرەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هونەراندنی ژیان و ئەزموونەکانی ناو ژیان.جا نووسەر دێت زۆر وەستایانە ئەو دیاردەو رووداوانە، ئەو کەس و کەسایەتیانە، ئەو بارو دۆخەی کە شوێنەوارێکی لە یادگەیدا بەجێهێشتووە، و خەیاڵیان جولاندووە، وەکو کەرەستەیەکی خاو هێندە وەستایانە لە بونیادی کارەکەی خۆیدا، بەکاردێنێت، و دنیایەکی هونەری پڕ ئەفراندنەوانی و فلیڤانی (ابداعی) هێندە دەوڵەمەند و رەنگاو رەنگ و ئەفسووناوی لێدروست دەکات کە مەحاڵە بتوانی ئەو کەرەستە خاوانەی کە تیایدا بەکارهاتوون و بوون بە سەرچاوەی ئەو کارە فلیڤانیە بناسیتەوە.واتە وەکو چۆن مەنجەڵێك شیری کولاو کە هەوێنی تێدەکرێت و پاش ئەوەی دەمەیێت و قەوارەی خۆی وەردەگرێت، نەك هەر شێوەو ناوەرۆك بەڵکو ناوەکەشی دەگۆڕێت و کەس هەوێنەکەی بۆ لە تێکڕای بەرهەمە تازەکە بۆ جیاناکرێتەوە، دەقی رۆمان و چیرۆکیش ئەو کەرەستە خاوانە لە خۆیدا هەرس دەکات و دەتوێنێتەوە و جیاکردنەوەیان لە خودی دەقەکە مەحاڵ دەبێت، وئەمە ئەو هەودا زۆر ناسك و پەنهانەیە کە خەیاڵیترین دەقی چیرۆك بە واقیعەوە دەبەستێت.

***

جا ئیستا با بێینە سەر بابەت و تیمەو ناوەرۆك.رۆماننوس زیاتر لەسەر خۆی دەژی.خۆی سەرچاوەی خۆراکی هونەریی خۆیەتی، دێت چینە لە ئەزموونەکانی خۆی و دەوروبەر و ژینگەی خۆی دەکات، نەك هەر بۆ ئەوەی هەندێ کاراکتەر و کەسایەتی، یان رووداو، یان هەندێ دیمەنان لە بنەبانی یادگەو یادگارەکانەوە هەڵگوێزێ و وەکو خۆیان دایان برێژێتەوە، بەڵکو خەون و خەیاڵەکانی خۆی پێ دەمەزەرد بکاتەوە و بە پشتیوانی خەون و بەرزەخەیاڵان، بکەوێتە

هونەراندنی بابەتەکەی و لە چوارچێوەی رۆماندا، کە پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی یەجگار هەستیار و قورسە، بەرجەستە بکات، و خۆی لە باری قورسی ئەو بابەتە رزگار بکات کە بەرۆکی گرتووە..بەم پێیە نووسینی رۆمان یان چیرۆك، وەکو چۆن لە دایکبوونی منداڵ، باری دایکەکەی سووك دەکات و جۆرە ئاسوودەییەکی ڕوحی و دەروونی پێدەبەخشێت، بەو ئاوایە باری نووسەر سووك دەکات و جۆرە ئازادییەکی پیّ دەبەخشێت، یانی بابەت بەرۆکی نووسەر دەگرێت، تا بە وشەو پەیڤانی بسپێرێت و لە کارێکی فلیڤانی ڕاستەقینەدا، کە دەکاتە ڕۆمان، سەربەخۆیی هونەری و ئەستاتیکی خۆی ڕابگەیەنێت و خوێنەر بخاتە سەر باڵی خەیاڵ و بە ئاسمانی خەونانیدا بگێرێت و بە جۆرێکی ئەفسوون بکات کە لە کانگای دڵەوە بڵێت خۆزی تەواو نەدەبوو. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گرینگی و زەرورەتی خەیاڵی قەناعەتبەخش لە کاری رۆمان و چیرۆکڤانیدا دەگەیەنێت.خۆ ئەگەر بمانەویّ خەیاڵ لە قاڵبی پێناسە بدەین، دەکریّ بگوتریّ کە جۆرە خاپاندنێکە(خەڵەتاندن) ، واقیعێکی ناواقیعیە، و وادەنوێنیّ کە واقیعییە. بەم پێیە هەر رۆمانێك بگری، درۆیەکە، هەوڵدەدات وەکو ڕاستی و حەقیقەت بنوێنیّ. ونووسەری چاك و بەهرەمەند بە زەبری تەکنیکی تایبەتی بە جۆرێکی دەهونەرێنیّ کە قەناعەتبەخش بێت و متمانەی خوێنەر بە دەست بێنیّ.. بۆیە نووسەر دەبیّ بە پیری ئەو بابەتانەوە بچێت کە هاندەرێکی رۆحیان لە پشتەوەیە. چونکە ئەو بابەتانەی کە خۆ بەخۆ بەرۆکی نووسەر دەگرن خۆشتر دێنە دەستەوە لەو بابەتانەی کە نووسەر هەڵیان دەبژێریّ و بە تۆبزی بەرۆکیان دەگرێت. هەڵبەتە دەبیّ ئەوەش بڵێین کە بابەت بۆ خۆی و لە خۆیدا و بەتەنیا لە دنیای ئەدەبدا ناکاتە هیچ و گرینگییەکی ئەوتۆی نییە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی لەسەر رۆنانریّ، چاکی و خراپی لە خودی بابەتەکەدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو لەوەدا دەردەکەویّ کە چۆن ئەو بابەتە دەگەڵ تێکڕای رەگەزەکانی دیدا ئاوێتە دەکرێت و دەگۆڕدرێت بۆ ناوەرۆك و تیمە و لە قاڵبی ڕۆماندا بەرجەستە دەبێت و قەوارەی خۆی وەردەگرێت و ئەدەبییەت و ژیانی تایبەتی خۆی پەیدا دەکات. واتە تەکنیك و چۆنیەتی مامەڵەکردن و خوێندنەوەی نووسەر بۆ بابەتەکە و گۆرینی بۆ واقیعێکی پەیڤەوانی (کلامی) رێك و پێك و باڵاتر لەو واقیعەی هەیە، پێوەر و پێوانەیە بۆ دیاریکردنی سەرکەوتن یان بەسەر سەرا کەوتنی کاری ڕۆمانەوانی..

"3"

هەڵبەتە مەسەلەی قاڵب و فۆرم و شێوەش هەڵوەستەیەکی گەرەکە. بێگومان ڕۆمان لە میانەی فۆرمەوە بەرجەستە دەبێت و شەقڵ و مۆرك و تەبیعەتی دیارو ئاشکرای خۆی وەردەگرێت. بەڵام دەبیّ ئەوەشمان لەلا عەیان بێت کە شێوەو ناوەرۆك بە جۆریّ ئاوێتەی یەکن کە لە جیابوونەوەو جیاکرنەوە نایەن ، مەگەر بە ناچاری و بە مەبەستی توێژینەوەو شیکردنەوە. چونکە ئەوەی رۆمان دەیگێڕێتەوە، لە شێواز و چۆنیەتی گێڕانەوەکە جیا ناکرێتەوە ، هەر شێواز و چۆنیەتی گێڕانەوەیە کە قەناعەتی هونەری لەلای خوێنەر دروست دەکات و وای لێدەکات پەیگیری بابەتەکە بکات یان نا، واتە یەکێك لە مەرجەکانی شێواز و چۆنیەتی گێڕانەوە ئەوەیە

قەناعەتبەخش بێت.. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بێت بە شێوەیەکی لامسەرلایی بۆت بگێڕێتەوە کە بابەتی ڕۆمانی (مەسخ) ی کافکا بریتیە لەوەی کە فەرمانبەرێکی بچووك دەگۆڕێت و دەبێت بە سیسرکێکی قێزەوەر، ڕەنگە لە دڵی خۆتا بڵێیت جا من چ مەجبوورم وەختی خۆم بەم درۆ زلەوە بکوژم و بە فیڕۆ بدەم..بەڵام کاتێ دێیتە سەر گێڕانەوە ناوازەکەی خودی کافکا، بە جۆرێ ئەفسوون دەبیت، بەتەواوەتی باوەڕ بەو گۆڕانە ترسناکە دەکەیت و لێت دەبێت بە ڕاستێك لە سەرووی هەموو ڕاستییەکانەوەو بە خوایشتی خۆت ئاوێتەی دەبیت و لە گەڵیدا دەژیت و وەکو واقیعێکی سەربەخۆ و باڵاتر لەو واقیعەی کە هەیە، مامەڵەی لەتەکدا دەکەیت.چونکە شێوازو چۆنیەتی گێڕانەوەکە لە ڕادەبەدەر قەناعەتبەخشە، ئەو قەناعەتبەخشییە یەکێکە لە نهێنییەکانی ڕۆمان و چیرۆکی باش و سەرکەوتوو. هەرکاتێ ڕۆمانێك ئەو هەستەی لا دروستکردین کە لە واقیعی واقیعی رزگار بووە، خۆیبوونی خۆی بەدەست هێناوە،کەسایەتی سەربەخۆی خۆی هەیە، بە بوونی خۆیەوە بەندەو گشت مەرجەکانی ژیانی هونەری لە خۆیدا هەڵگرتووە، مانای وایە گەییوەتە لوتکەی قەناعەتبەخشی، هەنگێ دەتوانێت خوێنەرانی خۆی ئەفسوون بکات و وایان لێبکات نەك هەر باوەڕی پێبکەن، بەڵکو ئاوێتەی بن، لە ناویا و لەگەڵیدا بژین.بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش پێویستە ئەوەمان لەلا عەیان بێت کە شێوەو نێوەرۆك بە جۆرێ ئاوێتەی یەکن و لە بۆتەی هونەردا قاڵ دەبنەوە کە لە جیابوونەوەو جیاکردنەوە نایەن.بە هەرحاڵ شێوەو فۆرم لە دوو رەگەز پێکدێت کە لە ڕووی گرینگی و بایەخەوە هاوتا و یەکسانن، هەرچەندە پێکەوەو لە ناو یەکتردان ،بەڵام هەندێجار بە ناچاری و بەمەبەستی توێژینەوەو شیکرنەوەو شرۆڤە جیادەکرێنەوە.ئەو دوو رەگەزە بریتین لە شێواز و نەسەق، شێواز وەکو ئاشکرایە، پەیوەندی بە وشە، بەو بونیادەوە هەیە کە چیرۆك یان بابەتی پێدەگێردرێتەوە، نەسەقیش بریتیە لە ڕێکخستنی ئەو کەرەستە و ڕەگەزانەی کە چیرۆکەکە یان بابەتەکەیان لێ پێکهاتووە، یانی بە کورتی و کرمانجی پەیوەندی بە تەوەرە گەورەو سەرەکییەکانی بیناو بونیادی رۆمانەوانی و حیکایەتەوانیەوە هەیە: گوتیار (ڕاوی) ، شوێن و ،کاتی چیرۆکڤانی..

"4"

هەڵبەتە شێواز، هەرچەندە تاقە ڕەگەز نییە لە بونیاد و پێکهاتەی ڕۆماندا، بەڵام ڕەگەزێکی یەجگار هەستیارو جەوهەری و سەرەکییە.دیارە ڕۆمان لە وشە و پەیڤان پێکهاتووەو پێکدێت، بۆیە شێواز دەکاتە بەکارهێنانێکی هونەریانەی ئەو وشانەی کە چیرۆکەکەیان پێدەگێڕدرێتەوە، ئیدی لە میانەی شێوازەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوەی گێڕدراوەتەوە، واتە بابەتەکە بە گوێرەی واقیعی چیرۆکەکە و لەناو واقیعی چیرۆکەکەدا قەناعەتبەخشە یان نا، کە ساغبوونەوەی ئەم لایەنە هاوتای راگەیاندنی ژیان یان مەرگی رۆمانەکەیە.بەڵام دەبێت ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێت کە زمانی ڕۆمان لە بابەتی ڕۆمان نایەتە جیابوونەوەو جیاکردنەوە، چونکە بابەت لە چوارچێوەی وشەو زماندا بەرجەستە دەبێت، و تەنیا لەم ڕێگایەوە دەزانرێ کە ئاخۆ نووسەر لە کارە حیکایەتەوانییەکەیدا، لە گێڕانەوەکەیدا سەرکەوتووە یان نا.ئەو چیرۆکە خەیاڵییەی کە بە زمان

و له ناو زماندا بەرهەمی هێناوە توانای ژیانی هەیە، لە داهێنەرەکەی جیابووەتەوە، خۆیبوونی خۆی وەرگرتووە، لە واقیعی واقیعی دوور کەوتووەتەوە، و توانیویەتی وەکو کارێکی هونەری، وەکو واقیعێکی بالآی سەربەخۆ، خوێنەر کەمەندکێش بکات؟. واتە زندوویەتی یان مردوویەتی، کارایی یان سستی نووسین لە چۆنیەتی گێڕانەوەی بابەتەکەیدا بە دیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبێت..ڕەنگە ئەم بۆچوونە سەرنج و خەیاڵی خوێنەر بۆ لای بیرۆکەی زەرووڕەتی سەلامەتی و ساغڵەمی زمان ڕابکێشێت، چونکە وەکو گوتمان شێواز بە کورتی و بە کوردی بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵە کردن دەگەڵ زمان و پێکهاتەکانی زماندا لە ناو ئەو کارە ئەدەبیەی کاری لەسەر دەکرێت. بەڵام بەو مانایە نییە کە سەلامەتی و تۆکمەیی زمان مەرجی زۆر گرینگی زمان بێت، سەلامەتی یان ناسەلامەتی شێواز گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کارا وئەکتیڤ بێت، پڕ بە پێستی ئەرکی خۆی بێت، کە بریتیە لەوەی ڕۆح و ژیان بە بەر ئەو چیرۆك و بابەتەدا بکات کە دەیگێڕێتەوە. هەڵبەتە زۆر کەڵە نووسەر هەن بە شێوازێکی یەجگار ساغڵەم و تۆکمە و بتەو، بە گوێرەی دەستوور و یاساو ڕێسا زمانەوانیە باوەکەی سەردەمی خۆیان بەرهەمی زۆر ناوازەو شاکاری نەمریان نووسیوەو شۆرەتی ئیقلیمگیریان پەیداکردووە، بۆ نموونە ستندال، دیکنز و،گابریل گارسیا مارکیز...هتد.بەڵام لە هەمان کاتدا نووسەرانی دیکە هەن کە لە هیچ روویەکەوە لەوان کەمتر نین، و شێواز و زمانیان لە رووی ئەکادیمیەوە پڕە لە هەڵەو پەڵە، وئەمە نەك هەر نەیکردووەتە کارێك کە پایەی بەرزی هونەریان بێتە خوارێ، بەڵکو لێشیان بووە بەنەخش و بە یەکێك لە تایبەتمەندیی بەرهەمیان حەساو دەکرێت، بۆ نموونە وەك بەلزاك و جۆیس..کەواتە ساغڵەمی شێواز و زمان بە تەنیا و پێشوەختە شتێکی ئەوتۆی دەربارەی هەڵسەنگاندنی دروستی یان نادروستی چیرۆك لەسەر رۆنانرێت.

ئەوەی لە چیرۆکدا گرینگە و بە پێوەری کارایی و ئەکتیڤی نووسینی رۆمانەوانی دادەنرێت ،ئەوەیە کە چەند لە ناوەوە یەکگرتووبێت و،چەند شەقڵ و مۆرکی پێویستی خۆی وەرگرتبێت..رەنگە ئەو چیرۆکەی لە میانەی رۆمانێکەوە دەگێڕدرێتەوە زۆر سفت و یەکگرتوو نەبێت، بەڵام پێویستە ئەو زمانەی کە پێی بەرجەستە دەکرێت، زمانێکی سفتی ئەوتۆ بێت کە شاشی خودی چیرۆکەکە بشارێتەوەو لە بونیادێکی هونەری ڕەسەندا و بە تەکنیکێکی ئەوتۆ کە ژیانی لێ هەڵبقوڵێت، بەرجەستەی بکات. یانی ئەوەندەی یەکگرتوویی و سفتی شێواز گرینگە، ساغڵەمی زمان لە رووی دەستووری و ئەکادیمییەوە، بە تەنیا و پێشوەختە، وەکو ئەوزارێکی گێڕانەوە، گرینگ نییە..بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زمانی رۆمانەوانی، زمانێکی قەناعەتبەخش بێت و کارێکی وەها بکات کە خوێنەر هەست بە هیچ بۆشاییەك نەکات لە نێوان بابەتەکە و ئەو وشانەی بابەتەکەیان پێدەگێڕدرێتەوە. ئەمەش بەوە دێتە دی کە شێواز بە ڕادەیەك قەناعەتبەخش بێت، کە وشەو کاراکتەر و بابەت و نێوەرۆك و هەموو رەگەزەکانی چیرۆك بە جۆرێ ئاوێتەی یەکدی بن و یەکەیەکی یکپارچەی هونەری سفت و کۆکی ئەوتۆ پێکبهێنن کە تەنانەت بە خەیاڵش ئەوەمان بە بیردا نەیەت کە لەگینە لێکدی جیاببنەوە یان جیابکرێنەوە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەر کارێکی سەرکەوتووی فلیڤانی (ابداعی)، و لە

شێوازی زۆربەی هەرە زۆری گەورە نووسەراندا هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت.بۆیە شێوازی ئەو کەڵە نووسەرانە، بە هۆی شەقڵ و هاماجی (فەزا)تایبەتی خۆیانەوە نایەنە لاسایی کردنەوەو، ئەگەر لاساییش بکرێنەوە، ئەوا بەرەنجامی لاسایی کردنەوەکە بە زۆری شتێکی کاریکاتێری دەردەچێت نەك شتێکی ڕەسەن...بۆیە کاتێ هەندێ ڕۆمان و چیرۆکان دەخوێنینەوە، چەند خەیاڵییش بێت، بێ دوو دڵی باوەڕی پێدەکەین، ئەم باوەڕکردنەش لەو وشانەدایە کە بابەتی ڕۆمانەکەی پێ هاتووەتە گێڕانەوە. لە شێوازو لە ڕیتم و ئاهەنگی گێڕانەوەو بەرجەستەکردنی هونەریانەی بابەتەکەدایە، ئەگەر لەو وشەو شێواز و ڕیتمە تایبەتیەی دابڕیت، ناتوانێت بەو شێوەیە ئەفسوونمان بکات، چونکە ڕاستت گەرەکە ئەو بابەتانەی لە ڕۆمانەکەدایە، دەکاتە خودی ئەو پەیڤ و وشانەی سەرلەبەری ڕۆمانەکەی پێ گێڕدراوەتەوە. بۆیە کاتێ کە نووسەرانی دی دێن و لاسایی ئەم شێوازە دەکەنەوە، ئەو ئەدەبەی لەم پرۆسەیەوە بەرهەم دێت، کاڵ و کرچ و قەڵب و جەڵەبی دەردەچێت و زیاتر لە کاریکاتێر دەچێت..ڕەنگە هەندێ لەو لاساییکەرەوانە خوێنەرانێکی زۆر پەیدابکەن و شۆرەتێکی ڕەوتەنی بە دەست بێنن، بەڵام کارەکانیان هەرگیز ڕەسەنایەتی نەمر پەیدا ناکەن و چەندیش پەردەپۆش بکرێن، لاسایی کردنەوەکەیان پێوە دیار دەبێت و خۆیان جاڕ لە خۆیان دەدەن.ئەدەب فێڵێکی گەورەیە، بەڵام ئەدەبی ڕەسەن و گەورە دەتوانێت بە ئەفسوونی خۆی ئەو فێڵە وەشێرێت و، ئەدەبی خراپ و نارەسەن و جەڵەبی بە پێچەوانەوە، فێڵەکە لە قاو دەدات.

کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی شێوازی یەکگرتووی لەبار و گونجاوی سفت وکۆك، مەرجێکی سەرەکی ڕۆمانەودەکاتە ڕەگی ژیانی ڕۆمان، ئەمەش لە خۆڕا بە دەست نایە، گەڕان و دۆزینەوەی دەوێت، خوێندنەوەی زۆری دەوێت، چونکە مەحاڵە بە بێ خوێندنەوەی زۆر، زمانێکی دەوڵەمەندی خۆشدەستی ڕەوانی بە ڕێژەوی برەوداری پڕگوزارشت بە دەست بێت. هەڵبەتە خوێندنەوەش، بە تایبەتی خوێندنەوەی جددی پیاو دەخاتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕۆمان و بەرهەمانەی دەیخوێنێتەوە، ئەفسوونی ئەو نووسەرانەی دەکات کە خۆشەویستی ئەدەبی دەخەنە دڵ و دەروون و لێرەوە ئەگەر پیاو ئاگای لە خۆی نەبێت لاسایی کرنەوە دەست پێدەکات...جا هەر لاسایی کردنەوەیەکی ئەوانە ئاساییە، تەنیا لاسایی کردنەوەی شێوازی نووسین و بەرهەمەکانیان نەبێت، نابێت بە هیچ جۆرێ شێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان دەگەڵ زمان و وشەدا کۆپی بکرێتەوە، چونکە نووسەر کە نەیتوانی شێوازی تایبەتی خۆی، شێوازی هەرە گونجاو ولەبار بۆ ئەو بابەتەی کە گەرەکیەتی بیگێڕێتەوەو، هونەریانە پیشان بدات، بدۆزێتەوەو بەرهەم بێنێت، زۆر ئەستەمە چیرۆك و ڕۆمانەکانی بگاتە ئەو ئاستەی قەناعەت بە خوێنەر بکەن، بڕن بە بەرهەمی قەناعەتبەخش، کە ئەم قەناعەتبەخشییە ژیانی ئەدەبەکەی مسۆگەر دەکات.بەم پێودانگە شێواز بە مانایەك دەکاتە ئەوپەڕی وردی لە هەڵبژاردنی وشەدا، چونکە تەنیا وشەی دانسقە و بە دیقەت هەڵبژێردراو دەتوانێت گوزارشت لە بیرۆکە بکات و بەرجەستەی بکات. جا دانسقەیی وشەش زیاتر بە ڕیتمەکەیدا دەناسرێتەوە..بە هەرحاڵ ئەگەر بڵێین شێوازو فۆرم یەك شتن ڕەنگە نەبێت بە زێدەڕۆیی، چونکە نووسین لایەنێکە لە لایەنەکانی

فۆرمی ئەدەبی، دیمەنێکە لە دیمەنەکانی شێوەی ئەدەبی، ودیمەنێکی دیکەی هەیە کە لە رووی گرینگی و بایەخەوە هیچی کەمتر نییە لە شێواز، ئەویش تەکنیکە، چونکە وشە (شێواز) بە تەنیا دەرەقەتی گێڕانەوەی چیرۆکێکی باش نایەت..

"5"

ڕۆمان، وەکو بونیادێکی هونەری لە کەرەستەو تفاق و ڕەگەزی جۆراو جۆر پێکهاتووە.بەڵام هێندە وەستایانەو قەناعەتبەخش دروستکراوە لە تۆ وایە ژیانی لێ هەڵدەقوڵێت، لە تۆ وایە یەکەیەکی یەکپارچەی سەربەخۆی خۆزاد و خۆژییە. بەڵام ئەمە تەنیا رواڵەتە، ئەگینا لە بنج و بناواندا سەربەخۆیەکی خۆزاد نییە. ئەم وەهمە بە زەبری ئەفسوونی چۆنیەتی نووسینەکەی و وەستایی دروستکردنەکەی چێبووە، واتە بە زەبری شێوازی چیرۆکڤانی دروستبووە...کە پێشتر باسی گرینگی و بایەخی شێوازمان لە کارێن چیرۆکڤانیدا کرد، ئیستاش جێی خۆیەتی هەڵوەستەیەك لە ئاستی تەرتیب و ڕێکخستنی ئەو کەرەستە و ڕەگەزانە بکەین کە رۆمانیان لێ پێکدێت، هەڵوەستەیەك لە ئاستی ئەو تەکنیکانە بکەین کە ڕۆماننووس بەکاریان دێنێت، تا شەقڵ و وزەیەکی ئیحایی تەواو بە داهێنانەکەی خۆی بدات..کۆڵەکە هەرە گرینگ و بنەرەتیەکانی ڕۆمان بریتین لە گوتیار، شوێن، کات، و ئاستی واقیع..

گوتیار، هەر بە ناوەکەیدا دیارە، ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کە چیرۆکێك یان هەرشتێکی دی دەگێڕێتەوە، ئیدی ئەو گێڕانەوەیە چ بە زارەکی بێت چ بە نووسین بێت.لە چیرۆکدا، گوتیار دەشێت نووسەرێك بێت و ڕاستەوخۆ و بە زمانی خۆی بدوێ یان دەمامکێك بێت، یان یەکێك بێت لە کاراکتەرەکانی چیرۆکەکە، کە نووسەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆیی خوڵقاندووە..کاتێ گوتیار سەروکار دەگەڵ ڕووداوەکانی چیرۆکدا، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا، پەیدا دەکات، ڕوانگە و گۆشە نیگای یەکەم کەسی تاك یان کۆ (من، ئێمە)، دووەم کەس (تۆ، ئێوە) و سێیەم کەس (ئەو، ئەوان)ی لێدەکەوێتەوە..کە هەر یەکێك لەم سێ گۆشە نیگایە، چەندین جۆریان هەیە..گۆشەنیگاش بریتییە لەو شێوازەی کە نووسەر لە ڕێگەیەوە تیمە و بابەت و ڕەگەز و پێکهاتەکانی چیرۆکەکەی خۆی بە خوێنەر نیشاندەدات و ئەوەی ڕاستی بێت پەیوەندی نووسەر بە چیرۆکەکەوە نیشاندەدات. هەر چیرۆکێك پێویستە گوتیارێکی هەبێت کە بابەتێك بگێڕێتەوە، گێڕانەوەی بابەتیش لە ڕێگەی یەکەم کەس یان دووەم کەس یان سێیەم کەسەوە ئەنجامدەدرێ..جا بەم پێودانگە گوتیار گرینگترین کاراکتەرە لە هەموو ڕۆمانێکدا، وهەموو کاراکتەرەکانی دیکە بە دەوری ئەودا دەسوڕێنەوە..هەڵبەتە گوتیار، واتە ئەوەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، چەندیش بشوبهێتە سەر نووسەری چیرۆکەکە، وئەگەر بە ڕاناوی یەکەم کەسیش چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، ناکاتە خودی نووسەر و کۆپییەکی موو بە مووی نووسەر نییە.جارێ گوتیار بوونەوەرێکە لە وشە دروستکراوە، تەنیا لە بازنەی ئەو چیرۆك و ڕۆمانەدا دەژی کە دەیگێڕێتەوە. واتە بوونی بەندە بە ڕۆمانەکەوەو لە پێش ڕۆمانەکەدا یان لە پاش ڕۆمانەکەدا هیچ بوونێکی نییە، بوونی، بوونێکی خەیاڵییە و هەموو دنیای ئەو چوارچێوەی

ڕۆمانەکەیە .ناتوانێت لە دەرێی ڕۆمانەکەدا هیچ بوونێکی هەبێت.هەڵبەتە دیارە کە نووسەر ژیانێکی هەمەجۆرتر و بە ڕێژەوتری لە خودی ڕۆمانەکە هەیە، با ئەویش بینووسێت، چونکە ڕۆمانەکە چەند زیندووش بێت، ناتوانێت هەموو ژیان و ژینی ئەو لە خۆ بگرێت. گوتیار زادەو گوراوی خەیاڵە، وەکو هەر کاراکتەرێکی دیکەی ناو ڕۆمان، بەڵام لەوان گرینگترە.هەرچی ڕەفتار و کردار و گوتار و هەڵوێستێکی هەیە، لە پێناوی یەکێتیی ناوخۆیی ڕۆمانەکەدایە، کە ئەم یەکێتییە ناوخۆییەی پێدروست نەکرێت، توانای قەناعەتبەخشینیشی نابێت..

جا با بزانین کێ چیرۆك دەگێڕێتەوە، یان بە زمانی کێوە دێتە گێڕانەوە.هەڵبەتە هەر چیرۆکێك بگری دەبێت گوتیارێکی هەبێت کە بابەتێك بگێڕێتەوە. جا ئەم گێڕانەوەیە دەشێت لە شێوەو قاڵبی یەکەم کەسدا بێت (من، ئێمە) یان دووەم کەس (تۆ،ئێوە) یان لە شێوەو قاڵبی سێیەم کەسدا بێت (ئەو ، ئەوان) واتە گێڕانەوە لەو سێ قاڵبە بەدەر نابێت، یەکەم: گوتیاری قارەمان، واتە گوتیار بە خۆی لە چیرۆکەکەدا بەشدارە و لە ناو چیرۆکەکەوە بابەتەکە دەگێڕێتەوە..دووەم: گوتیاری هەموو شتزان.ئەم گوتیارە لە دەرێی چیرۆکەکەدایە و وابەستەی ئەو چیرۆك وبابەتە نییە کە دەیگێڕێتەوە، ئاگادارییەکی خوایانەی لە ڕابردوو، ئیستا و ئایندەی هەموو قارەمانانی ڕۆمانەکە هەیە، بیرو کرداریان دەخوێنێتەوە ولە گشت هزر وبیرو هەست و نەست و سۆزێکیان ئاگادارە، لە ڕووداوەکان و ئاراستەی ڕووداوەکان ئاگادارە، بە کورتیەکەی لە حوکمی خوایەکە ئاگای لە خشەی مار و مێرووی ناو ڕۆمان و چیرۆکەکە هەیە، و پێویستی بەوەش نییە وەڵامی خوێنەر بداتەوە کە ئەو هەموو زانیارییەی لە کوێندەرەوە هێناوە، هەر بۆیەش پێی دەگوترێ گوتیاری هەمووشتزان. سێیەم: گوتیاری گۆنگ (ملتبس): ئەم گوتیارە لەو چیرۆك و حاڵەتانەدا بەکار دەبرێت کە گوتیار نە (من، ئێمە) یەو نە (ئەو،ئەوان)ـــە.بەڵکو ڕووی دەم لە(تۆ، ئێوە)یە. واتە لە ڕێگەی دووەم کەسەوە، بابەتەکە یان چیرۆکەکە دێتە گێڕانەوە.لەو جۆرە چیرۆکانەدا کە ئەم گوتیارە دەوریان تێدا دەبینێ، تێکەڵەیەك لە هەردوو گۆشە نیگای دەروونی وبێرونی بەکار دەبرێت..هەندێجار ئەم گوتیارە لە ڕاستیدا، لەژێر پەردەی ڕاناوی دووەم کەسدا(تۆ، ئێوە) خۆی دەنوێنێ. لەم حاڵەدا دەوری گوتیاری قارەمان دەگێڕێت، بەشداری لە ڕووداوەکاندا دەکات، بەڵام ناسنامەی خۆی لە خوێنەر و هەندێجار لە خۆیشی دەشارێتەوە. ناسینی تەواوەتی ئەم گوتیارە کە خۆی لە پشت پەردەی ڕاناوی دووەم کەسدا (تۆ، ئێوە) حەشاداوە، زۆر زەحمەتە، بۆیە گوتیاری (ملتبس – گۆنگ)ی پێدەگوترێ، مەگەر لە ڕێگەی مەزەندەو قەرینە ناوخۆییەکانی خودی چیرۆکەکەوە، پەی پێ ببرێت..واتە ئەم جۆرە گوتیارە، برێك ئاڵۆز و بە تەمومانە.هەڵبەتە گوتیاری یەکەم و دووەم کۆنن و لە دێر زەمانەوە بەکاردەبرێن، بەڵام گوتیاری سێیەم( ملتبس) تازەیە، زیاتر لەگەڵ پەیدابوون و سەرهەڵدانی ڕۆمانی تازەدا هاتووەتە ئاراوە. بەم پێودانگە ئەگەر گوتیار بە زمانی یەکەم کەس (من، ئێمە) بدوێت ئەوا گۆشەنیگایەکەی، گۆشەنیگای دەروونی پێدەگوترێ، ئەگەر گوتیار (ئەوەی بابەت یان چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە) یەکێك بێت لە کاراکتەرانی ڕۆمانەکە و باسی ئەو بەسەرهات و پێشهاتانە بکات کە دێنە ڕێی خۆی، پێیدەگوترێ گوتیاری_ قارەمان.ئەگەر باسی بەسەرهاتی کەسێکی دی بکات، ئەوا پێی دەگوترێ

گوتیاری_ چاودێر.. واتە گوتیار لەم حاڵەدا، لە چیرۆکەکەدا بەشدارە، دەگەڵ کاراکتەرەکانی دیدا، لە هەمان شوێن و زەمەنی چیرۆکەکەدا دەژی، ودەوری زۆر گرینگی لە ڕەوت و ئاراستەی ڕووداوەکاندا دەبێت.بەڵام ئەگەر گوتیار، لە قاڵبی سێیەم کەسدا (ئەو، ئەوان) بدوێت بەم شێوە گێڕانەوەیە دەگوترێت گۆشەنیگای بێرونی، لێرەدا گوتیار، لە دەرێی چیرۆکەکەدایە و هەموو شتێك دەزانێت، خودا ئاسا لە هەموو شوێنێ هەیەو لە هیچ شوێنێك نابینرێت.هەموو شتێك دەزانێت، هەموو شتێك دەبینێت، هەموو شتێك دەگێڕێتەوە، بێئەوەی هەرگیز دەربکەوێت، بێئەوەی هەرگیز باسی خۆی بکات..تەنیا گێڕانەوەیەکی بێ لایەنانەی لەسەرە بێئەوەی ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێت..هەڵبەتە ئەوەی تا ئێرە، لەمەڕ گوتیار و گۆشەنیگا، لە ڕۆمان و جیهانی چیرۆکڤانیدا باسکرا، هێڵە گشتی و درشتەکانی بابەتەکەمانە، و ئەو تەقسیمبەندییەی کە کراوە، قاڵبی پیرۆز ولە شکان نەهاتوو نییە، چونکە نووسەر ئازادە لەوەی جێگۆڕکێ بە گوتیارەکانی بکات و کارێك بکات کە ڕۆمانەکەی زیاتر قەناعەتبەخش بێت. هەڵبەتە زۆر ئاساییە کە گێڕانەوەی رۆمان بە یەك گوتیار نەسپێردرێت، بەڵکو بە پێی پێویستی هونەری و ئەستاتیکی و زەرورەتی قەناعەتبەخشین، بە چەندین گوتیار بسپێردرێت و هونەرنوێنی تیابکرێت.هەڵبەتە ئەمە نەك هیچ زیانێك بە چیرۆك و ڕۆمانەکە ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەوڵەمەندی دەکات و گوڕ و زندوویەتی پتری پێدەبەخشێت..

کەواتە گوتیاریش وەکو هەر یەکێك لەو کاراکتەرانەی کە باسیان دەکات، زادەو گوراوی خەیاڵە. لە وشە دروستکراوە، نەك لە گۆشت و ئێسقان و خوێن، تەنیا لە رۆمانەکەدا دەژی و بوونی بەندە بە رۆمانەکەوەو خراوەتە خزمەتی ڕۆمانەکەوە..ئیدی ئەم کاراکتەرە، واتە ئەم گوتیارە دەشێت لە ناو یان لە دەرێی چیرۆکەکەدا بێت یان لە حاڵەتێکی (ملتبس) و گۆنگدا بێت،هەڵبەتە بە گوێرەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە زمانی یەکەم کەس یان سێیەم کەس، یان دووەم کەس.هەڵبەتە زۆر دەگمەنە، وبگرە مەحاڵە تەنیا یەك گوتیار لە ڕۆماندا هەبێت.ئەوەی باوە هەر ڕۆمانێك چەندین گوتیاری هەیە، کە بە نۆرەو دوا بە دوای یەکتر، لە روانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە چیرك یان بابەتی ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕنەوە و پیشاندەدەن. بە هەرحاڵ هەر تەکنیکێك لە رۆماندا بەکاربێت، دەبێت لە پێناوی ئەوەدا بێت کە بابەت و چیرۆکی رۆمانەکە، پتر و پتر قەناعەتبەخش بێت و هونەریانە ژیانی لێ هەڵبقوڵێت و زندوویەتی خۆی بسەلمێنێت..

"6"

دیارە زەمەن(کات)، وەکو چۆن گێڕانەوەو شوێن لە کاری چیرۆکڤانیدا، کە پێشتر و بە خێرایی باسمان کرد،دەورێکی یەجگار گرینگ دەگێڕن، بەو ئاوایە دەکاتە کۆڵەکەیەکی هەرە گرینگی ڕۆمان و چیرۆك، و هیچی لە فۆڕمی حیکایەتەوانی و گێڕانەوەکاری کەمتر نییە، و چۆنیەتی مامەڵەکردن و مالیجەی زەمەن، دەقاو دەق بە ئەندازەی شوێن، دەور لە توانای قەناعەتبەخشی چیرۆکدا دەبینێت.هەڵبەتە پێویستە لە سەرەتاوە زەمەنی زنجیرەیی (کرۆنۆلۆجی)،واتە ئەو زەمەنەی خوێنەر و خودی رۆماننووسانی تیادا دەژین، و تیایدا غەرق بوون، لەو زەمەنە خەیاڵکردەی کە دەیخوێنینەوە، کە لە بنەرەت و جەوهەردا لە زەمەنی واقیعی جیاوازە، جیا

بکەینەوە. ئەم زەمەنە ڕێك وەکو چۆن گوتیار و کاراکتەرانی چیرۆك زادەو گوراوی خەیاڵن، بەو ئاوایە خەیاڵی و خەیاڵکردەو گوتیار لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەمەنەوە کارەکەی لە جیهانی واقیعی ڕزگار دەکات و سەر بەخۆییەکی ڕواڵەتی قەناعەتبەخشی پێدەدات.

هەڵبەتە زەمەن، وەکو ڕەگەزێکی گرینگی دنیای چیرۆکڤانی مایەی ڕامان و سەرنجی زۆر لە زانایان و هزرڤانان و داهێنەران بووەو بیرو بۆچوونی هەمە ڕەنگ و جۆراو جۆر و ناکۆکی لەمەڕ چێبووە، بەلاّم ڕەنگە هەمووان بەلای کەمەوە لەوەدا کۆکبن کە دوو زەمەن هەیە، زەمەنی زنجیرەیی(کرۆنۆلۆجی) و زەمەنی سایکۆلۆجی. زەمەنی یەکەم، واتە کرۆنۆلۆجی، بە خۆی هەیە و لەسەرووی بوون و دەسەلاّتی ئێمەوەیە و جوڵەی تەنە ئاسمانییەکان و ئەو دۆخە جۆراوجۆرانەی پیێ پێوانە دەکرێت کە هەسارەکان لە بەینی خۆیاندا وەری دەگرن، ئیدی بەشەریش وەکو بەشێکی گرینگ لە گەردوون، لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە تا مردن مەحکوومە بەو زەمەنە.واتە تەحەکوم لە ئاراستەی ژیانی قەدەریانەی تێکرای بوون و بوونەوەران دەکات. بەلاّم لە پاڵ ئەمەدا، زەمەنێکی سایکۆلۆجیش هەیە، کە بە گوێرەی هەڵوێست و کارو کردەوەکانمان هەستی پێدەکەین.بە شێوەی جیاواز لە هەڵچون و سۆزو گودازماندا دەردەکەویێ.لە حاڵی خۆشی و شادیدا زۆر بە خێرایی دەقەتیێ و دەگوزەریێ، و لە رووی دەروونییەوە هەست دەکەین زۆر کورتە، مەسەلەکەش ئەوەیە کە دەمانەویێ ئەو زەمەنە سایکۆلۆجیە درێژە بکێشێت و بە خاوی بڕوات، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە لە حاڵەتی چاوەروانی و داخ و کەسەر و ناخۆشیدا،هەستدەکەین کات ناڕوات، لە جێی خۆی چەقیوە، بارێکی قورسە بەسەر دڵو دەروونمانەوە، ڕۆژێکمان لێدەبێت بە ساڵێك، مەسەلەکەش ئەوەیە کە حەزدەکەین، ئەو زەمەنە سایکۆلۆجییە، بەلەز بڕوات. جا لێرەدا زەمەنی ڕۆمانانمان مەبەستە، کە ئەم زەمەنە لە زەمەنی سایکۆلۆجییەوە هەڵێنجراوەو مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت نەك لە زەمەنی کرۆنۆلۆجییەوە. واتە زەمەنێکی زاتی (خودی) یە، مامەڵەی هونەریانەی ڕۆماننووس دیمەن و شەقڵێکی بابەتیانەی پێدەبەخشێت تا لەم ڕێگەیەوە کارێکی وەها بکا کە ڕۆمانەکەی لە دنیای واقیعی دووربکەوێتەوە و جیاوازو لە هەمان کاتدا قەناعەتبەخش بێت کە ئەمە کارێکی ئیجبارییە بۆ هەر بەرهەمێکی خەیاڵی کە بیەویێ لەسەر پێی خۆی بوەستیێ، پشت بە خۆی بژی و خۆیبوونی خۆی هەبێت..وەکو چۆن زەمەنی واقیعی خەونێك، لە چەند ساتێك پتر ناخایەنێت،بەلاّم لق و پۆپ بۆ زەمەنانی دوور و درێژی چ ڕابردوو و چ ئایندە دەهاوێت و جاری وایە دەگاتە سەد ساڵ..زەمەنی رۆمانەوانیش، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، بە زەبری خەیاڵ، لە زەمەنی سایکۆلۆجییەوە لق  پۆپ دەهاوێت و لە پەیڤ و وشەدا بەرجەستە دەبێت و تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ وەردەگرێت کە لە زەمەنی واقیع جیاواز بیێ و، بۆ خوێنەر و لای خوێنەر قەناعەتبەخش بێت.جا بۆ دیاریکردنی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی زەمەنی رۆمانەوانی، پێویستە لە هەر ڕۆمانێکدا بۆ گۆشەنیگای زەمانی بگەرێین و دەگەڵ گۆشەنیگای شوێندا تێکەڵی نەکەین،هەرچەندە هەردوو گۆشەنیگای ناڤبری لە مومارەسەی پراکتیکیدا، یەکانگیرو ئاوێتەی یەکترن..بە هەرحاڵ گۆشەنیگای زەمانی لە هەر ڕۆمانێکدا بریتییە لەو پەیوەندییەی نێوان

زەمەنی گوتیارو زەمەنی ئەو بابەت و شتەی دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش بەند و پەیوەستە بە زەمـەنی ئـەو فرمانـە دەسـتورییەی کـە گوتیـار، چـیرۆکەکەی لـە ڕێگـەوە دەگێڕێتـەوە. جـا بـەم پێودانگـە دەشێت:

1- زەمەنی گوتیار و زەمەنی ئەو بابەتـەی دەگێڕدرێتـەوە تێك بکەنەوەو،یـەك زەمـەن بن.لـەم حاڵەتەدا گوتیار،پەنا دەباتە بەر فرمانی ڕانەبردوو( مضـارع) بۆ گێڕانەوەی بابەتەکەی.

2- گوتیار دەتوانێت لە ڕابردووەوە، ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە کە لە ئیستادا یان لە ئاینـدەدا ڕوو دەدەن.

3- گوتیار دەتوانێت لە ئیستادا یان لە ئایندەدا، ئەو ڕووداوانـە بگێڕێتـەوە کـە لـە ڕابـردووی دوور یان نزیکدا ڕوویان داوە..

هـەر هـەموو ئەمـەش لـە ڕێگـەی زەمـەنی دەسـتوورییەوە، واتـە ئـەو فرمانـەی کـە گوتیـار بـۆ گێڕانـەوەی چـیرۆکەکەی، پـەنای بردووەتـیَ، دەناسـرێتەوەو پـەی پێدەبرێت.هەڵبەتـە ئـەو سـیَ گۆشـەنیگا زەمانییـە، زۆر لـق و پـۆپی تریـان لێدەبێتـەوەو زۆر دەگمەنـە تـەنیا یـەك گۆشـەنیگای زەمەنی لە چیرۆك و ڕۆمانانی خەیاڵکردا بەکار ببریَ، ئیدی واباوە کە گوتیـار لـە نێوان چـەندین ڕوانگـەو گۆشـەنیگای زەمـەنی جیاوازدا لـە هـاتوو چۆدا بێـت و کـاراترین و ئـەکتیفترین زەمـەنی دەستوری، بە گوێرەی پێویستی ڕەوتی گشتی ڕۆمانەکە، بەکاربێنی، زەمەنەکان لە ڕابردووەوە بچێتە سەر ئاینده و لـە ئاینـدەوە بگەڕێنـەوە سـەر ڕابردوو کـە ئەمـە بـۆ بوونـەوەرانی واقیعـی نـاو ژیانی واقیعی مەحاڵە. کەواتە زەمەنی خـەیاڵیش، زەمـەنێکی دەسـتکرد و دروسـتکراوە..هەڵبەتـە زۆرجار پتر لـە یـەك زەمـەن لـە چیرۆکێکدا دەبینریَ و، دوو سیَ زەمـەن یـان چـەند سیسـتەمێکی زەمەنی پێکەوە لە یەك ڕۆمان و چیرۆکدا دەژین..

هەڵبەتە کە باسـی ڕەگـەزەکانی ڕۆمـان، بـە جیادەکرێـت، تـەنیا بـە مەبەسـتی شـەرح و شـرۆڤە و ڕوونکردنـەوەو شـیکردنەوەیە، دەنـا ڕۆمـان وەکـو یەکەیـەکی یەکپارچـەی هونـەری بـە تێکـڕای ڕەگــەزە بنــەڕەتی و لاوەکــی و وردەکــاری و ناســککارییەکانیەوە هونەریــەت و ئەدەبییــەت وەردەگرێت و تێکڕای ڕەگـەزەکان لـە بۆتـەی هونـەردا بـە جۆریَ قاڵدەبنـەوە کـە لێك هـەڵاوێرانیان نیمچـە مـەحاڵ و مەحاڵـە..بۆیـە زەمـەن لـە هـەر ڕۆمانێکـدا داهێنـانێکی فۆرمالییـە، وچـونکە ئـەو چیرۆکەی لە چوارچێوەیدا ڕوو دەدات، نە لە ژیانی واقیعی دەچێت و نە لەگەڵیا تێکدەکاتەوە..

"7"

شتێك هەیە لـە ڕۆماندا پێـی دەگوترێـت ئاسـتی واقیـع. دیـارە ئەمـە بـۆ خـۆی بابـەتێکی یـەجگار ئــاڵۆزەو بــە دەم ڕەوتــی نەشــونماو گەشــەکردنی هونــەریی ڕۆمانــەوە، دنیایــەك لــق و پــۆی لێدەبێتـەوەو بـە سەرانسـەری ڕۆمانەکـەدا دەتەنێتـەوەو تـەرز دەهاوێـت و بەشـێوەیەکی پـەنهانی پەیوەندییـە هەڤدژەکانی نێـوان واقیعـی و فانتـازی لـە خـۆ دەگرێـت.دیـارە ئـەم پەیوەندییـە بـەو ئاوایەی کە گوتیار یان ڕەوتی گشتی چیرۆکەکە بەرجەستەو پێشکەشی دەکەن، هێندەی لق و پۆ لێدەبێتەوە کە لە بڕانەوە نایەت، ئەم لق و پۆ هاویشتنە بە ڕادەیەکە کە هیچ نابێت بـە زێـدەڕۆیی ئەگـەر بڵـێین ڕەسـەنایەتی نووسـەری ئـەدەبی فانتـازی، بـەر لـە هـەر شـتێك وەسـتاوەتە سـەر ئـەو

شێوەیەی، کە ئاستی واقیعی لە چیرۆکەکانیا پێدەردەبڕێت و بەرجەستە دەکات. بەم پێیە ڕەسەنایەتی دەکاتە ئەوەی خۆت بیت، سەربەخۆیی خۆت هەبێت، لە خەڵکانی دی جیاواز بیت،و نەفەسی تایبەتی خۆت بەکارە ئەدەبییەکەت بەخشی بێت و لە نێوان هەزاران کاری دیکەدا بناسرێیتەوە.واتە چمکێکی تازەی ژیان، لایەنێکی شاراوەی ئەزموونی مرۆڤانی، ریشەیەکی بوونت کەشف کردبێت، کە تا ئەو کاتە فەرامۆش کرابێ یان پەراوێز خرابێت یان لە شیکردنەوەی ڕۆمانەوانیدا ئاوڕی لێنەدرابێتەوە و بە جۆرێ لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا زاڵ بێت، کە نۆڕینێکی تازەمان پێ ببەخشێت کە پێشتر لە ژیاندا باو نەبووبێت. بۆیە نووسەری رەسەن دێت لە رێگەی بەرجەستەکردن و دەربڕینی هەندێ ئاستی واقیعەوە کە پێشتر باو نەبووە، نەناسراوە،جیهانبینی و نۆڕینە مرۆڤانییەکانمان لەلا قوڵتر دەکەنەوەو لە دڵ و دەروونماندا ریشاژۆی دەکەن.واتە ئەدەبی ڕەسەن بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، هەست و نەست، سۆز و گوداز، نۆڕین و جیهانبینی مرۆڤ، دەمەزەرد دەکەنەوە و لە رۆتینیەت و یەکجۆریی رزگاری دەکەن. بە هەرحاڵ رەگەزی شوێن و کات و ئاستی واقیع، سێکوچکەی هەر ڕۆمانێك پێکدەهێنن و ڕوانگە و گۆشەنیگای مەکانی و زەمانی و ئاستی واقیعیان لێدەکەوێتەوە. ئیدی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سێکوچکەیە بە شێوەیەکی گونجاو و هاوئاهەنگ لە سەرانسەری ڕۆماندا، ڕادەی یەکێتی و سازانی ناوخۆ و قەناعەتبەخشی رۆمان وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەنوێنێ و، دەکاتە کارێك کە خوێنەر قەناعەت بە حەقیقەت و ڕاستی رۆمانەکە بکات.هەڵبەتە حەقیقەت و ڕاستی رۆمان لەوەدا نییە بشوبهێتە سەر ئەو جیهانە واقیعییەی کە خوێنەر تیایدا دەژی. سەرچاوەی ئەو حەقیقەت و راستییە، لە خودی رۆمانەکەوە، لەو قەوارەیەوە کە لە پەیڤ و وشە دروستکراوە، لە سیستەمی بەکارهێنانی سێکوچکەی نێوبراوەوە هەڵدەقوڵێت..واقیعەت لێرەدا ئەوەیە کە بە گوێرەی واقیعی رۆمانەکە واقیعی و قەناعەتبەخش بێت، نەك بە گوێرەی ئەو واقیعەی کە خوێنەر تیایدا دەژی.بۆیە ئەگەر وشە و پەیڤان، و سیستەمی رۆمانەکە کارابن و دەگەڵ ئەو چیرۆك و بابەتەدا بگونجێن کە دەویسترێ خوێنەری پێ ئیقناع بکرێ ، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە دەقەکە لە رووی تەکنیکەوە سەرکەوتووە و بە شێوەیەکی هونەریانەی ئەوتۆ بابەت و شێوازو گۆشەنیگا ئاوێتە بوون و تێکهاڵاون کە کاتێ خوێنەر دەیخوێنێتەوە بە ڕادەیەك جەزمە دەیگرێت و حاڵی لێدێت، کە بیری دەچێتەوە رۆمان دەخوێنێتەوە و لە دنیایەکی خەیاڵکردی وشە زادا دەژی، وا هەستدەکات لە ناو ژیانی راستەقینەدا دەژی..ئەمەش بە زەبری تەکنیك دێتەدی. وەکو چۆن خوێن بە دەمارەکانی لەشدا دەسورێتەوە بە بێ ئەوەی ببینرێت، زندوویەتی پێدەبەخشێت، تەکنیکش بەو ئاوایە، بە دەمارەکانی لەشی رۆماندا دێ و دەچێت و زندوویەتی پێدەبەخشێت و بە ڕادەیەك خوێنەر ئەفسوون دەکات کە بەلای کەمەوە، لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا، ئەو دنیا خەیاڵکردە وشە زایەی لێببێت بە ژیان و دنیای واقیعی..

هەڵبەتە ڕۆمان و ڕەوتی رۆمان بە شێوەیەکی یەکهاوی و یەکدەست ناڕوات، بەڵکو نەقلە و گوێزانەوەی زۆری تێدەکەوێت. کە ئەم نەقلە و گوێزانەوەیە، رۆتینیەتی خوێندنەوە لەلای خوێنەر دەڕەوێنێتەوە. نەقلە بریتییە لە هەر گۆڕان و دۆخەگۆڕکێیەك کە بەسەر هەر یەکێك لە سێکوچکەی رۆماندا دێت.واتە شوێن، کات، و ئاستی واقیع..بۆیە دەشێت نەقلەو گوێزانەوە مەکانی، زەمانی، واقیعی بێت، بە گوێرەی ئەو دۆخە گۆڕکێیەی بەسەر هەر یەکێك لە سێ ڕەگەزی ناڤبریدا دێت...زۆرجار لە رۆمانێکدا، بە تایبەتی لە رۆمانی سەدەی بیستەمدا چەند گوتیارێك دەبینرێت، هەندێجار چەند گوتیارێکی– قارەمان دەبینرێت،هەندێجاری تر گوتیارێکی هەمووشتزان و چەند گوتیارێکی قارەمان دەبینرێت وەکو ئەمە بە روونی لە یۆلیسیسی جیمس جۆیسدا دەبینرێت..زۆرجار دەبینین ڕاناوی دەستووری لە سێیەم کەسەوە (ئەو، ئەوان) دەگوازرێتەوە بۆ یەکەم کەس (من، ئێمە)بە هەرحاڵ ئەم نەقلە و گوێزانەوانە لە هەندێ رۆماندا زۆرەو لە هەندێکی تردا کەمترە. دیارە سوود یان زیانی ئەم نەقلانە بەندە بە ئەنجامی خودی نەقلەکانەوە، چەند ئاستی واقیعیەت و قەناعەتبەخشی چیرۆکەکە بەرزدەکاتەوەو چەند دەیشێوێنێت. بۆیە ئەگەر نەقلەکان کاراو کاریگەر و بەجێ و گونجاو نەبن و خزمەتی لایەنی قەناعەتبەخشی چیرۆکەکە نەکەن، ئەوا خوێنەر دەپەشۆکێ و لە نێو ئەم نەقلە کوت پڕو لە ناکاو و دەستکردانەدا گومڕا دەبێت.نەقلەی زەمانییش پەیوەندی بە دۆخە گۆکێی زەمەنەکانەوە( رابردوو، ئیستا، ئایندەوە) هەیە. سەبارەت بە نەقلەی ئاستی واقیعیش، چونکە ئاستی هەمەجۆر و زۆر هەیە، بۆیە لەو بوارەشدا ئەگەری نەقلە، یەجگار زۆرەو هەموو نووسەرێك پەنای بۆ بردووە، دیارە چۆنیەتی بەکارهێنانی نەقلە، چ نەقلەی کوت و پڕ و چ نەقلەی بەرەبەرە و، سوود وەرگرتن لەو وەسیلەیە، بە پێی توانا و بەهرەو ئەزموونی هەر نووسەرێك دەگۆڕێت.هەڵبەتە بۆیە پەنا بۆ ئەو تەکنیکە دەبرێت تا خوێنەر پتر قەناعەت بە کارە ئەدەبییەکە بکات و،ئەگەر گوتیار بە شێوازی تایبەتی و دیاریکراوی خۆی و، لە چوارچێوەی چیرۆکێکی تایبەتی و دیاریکراودا، ئەو نیشانەیەی پێکا، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرکەوتنە.

بەم پێیە ڕازو نهێنی و ئەستاتیکا و قەناعەتبەخشی ڕۆمان لە تەکنیکدایە، و ڕەگی تەکنیکش دەچێتەوە سەر سێکوچکەی کات، شوێن و، ئاستی واقیع بە گشت ئەو لق و پۆپانەوە کە لێیان دەبێتەوە( ئەو سێکوچکەیە لە هەموو ڕۆمانێکدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان هەیە).و هەر وردەکاری وهونەرکاری و ئاسککاری و ئارایشت و ڕتوکارییەکیش دەکرێت، ڕەگی لە تەکنیکدایە و وەسیلەیەکە بۆ ئەوەی خوێنەر قەناعەت بە واقیعیەتی چیرۆکەکەبکات. هەڵبەتە لە چوارچێوەو ئاستی واقیعی رۆمانەکەدا نەك لە چوارچێوەی ئەو واقیعە واقیعییەی کە خوێنەر تیایدا دەژی..یەکێك لەو تەکنیك و وردەکاریانەی کە لە کۆنەوە لە کاری چیرۆکڤانی و حیکایەتەوانی و گێرانەوەکاریدا بەکار هێنراوە، و تا رۆژگاری ئەمرۆش بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەبرێت، ئەوەیە کە چیرۆکێك وردە چیرۆکانی لێدەبێتەوە، وەك ئەوەی چیرۆکە ئەسڵییەکە، چیرۆکە دایکەکە، زاوزێ بکات و منداڵ و بێچووی ببێت و زوڕیەت بخاتەوە. جا ئەم هونەرکارییە وەختێ کاراو کاریگەر و قەناعەتبەخش دەبێت کە جۆرێك لە ئەفسوون، مەندی و گۆنگی و ئاڵۆزی، بە

نێوەرۆك و تیمەی چیرۆکە خەیاڵکردەکە ببەخشێت، و ئاوێتەی رەگەزەکانی دیکەی چیرۆك ببێت و جۆرە کەماڵێکی هونەری بەکارە ئەدەبییەکە، واتە رۆمانەکە ببەخشێت. حیکایەتی هەزارو یەك شەوە نموونەیەکی زۆر روونی ئەو زاوزێ چیرۆکڤانییەیە کە باسمان کرد،دایکە چیرۆکەکە، دەیان وردە چیرۆکی لێدەکەوێتەوە.. لەم کارە ئەدەبییەدا، شەهرەزاد بۆ ئەوەی لە کوشتن بخەلەسێت و بە مەرەدی ژنەکانی دیکەی شەهرەیاری ترسناك نەچێت، زنجیرەیەك چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوەو هەموو شەوێك چیرۆکەکە لە شوێنێکی فرە هەستیارو بە شێوەیەکی ئەوتۆ دەبڕێت کە شەهرەیار ئەفسوون بکات و خولیای زانینی ئاکامی چیرۆکەکەی بکەوێتە سەر و چاوەڕوانی سبەی شەو بکات و، شەهرەزاد بەم شێوەیە شەوێکی تر دەداتە دەم مان و ژیانی خۆیەوە..ئیدی بەمجۆرە هەزار و یەك شەو بەسەر دەبات. ئەم گوتیارە بەهرەمەندە ،بە جۆرێ شەهرەیار ئالودەو ئەفسوونی ئەو دنیا خەیاڵکردە دەکات کە لە گیانی خۆش دەبێت و، ژیانی خۆی دەکڕێتەوە..هەڵبەتە ئەم تەکنیکە بریتییە لەوەی کە لە رێگەی گوتیارەوە، چیرۆك لە چیرۆك دەبێتەوە، چیرۆك بە چیرۆك دەسپێردرێت و،هەر چیرۆکە، بە چیرۆکێکی دی ئاوسە و وەکو دەنکی تەزبێح بە دووی یەکدا دێن و،ئەم پرۆسەیەش لە چوارچێوەی سێکوچکەی نەقلەی زەمانی و مەکانی و ئاستی واقیعدا دەمەێت و هونەریەتی خۆی وەردەگرێت..بەم پێودانگە دەتوانرێت بگوترێت خەیاڵ بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیان یەجگار پێویستە و هەرچەندە خەیاڵ ئەو ژیانە نییە کە تیایدا دەژین، بەڵکو ژیانێکی دیکەیە، ژیانێکی یاخییە لە ژیانی واقیعی.بەڵام کەرەستە خاوەکانی لە ژیانەوەو لە وردە ئەزموونەکانی ژیانەوە هەڵدەهێنجێت و لە بۆتەی هونەردا قاڵی دەکاتەوە و ژیانێکی پێدەبەخشێت کە زۆر لە ژیانی راستەقینە باڵاتر و لەبەردڵانترە..

بەهەرحاڵ لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە دووپات بکرێتەوە، کە ڕۆمان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییە و، بە تێکڕای رەگەزو توخمەکانیەوە ئەدەبییەت پەیدا دەکات بە هۆی تێکڕژان و کارلێکی گشت رەگەزو توخم و پاژو وردە پاژەکانییەوە، گشتێك دروست دەبێت کە لەوە دەردەچێت کۆمەڵێك کەرەستەی خاو بێت و بە زەقی درابنە دەم یەکترەوەو جارێکی دیکە بە ئاسانی لێکدی هەڵاوێردرێن.واتە ئەنجامی کارلێکی رەگەزەکان، یەکەیەکیان لێدروست دەبێت، زۆر زیاترە لە یەکانگیری پاژەکان..رۆماننووسی چاکیش سەرپشکە لەوەی پەنا وەبەر هەر وەسیلەیەك بەرێت بۆ ئەوەی ئێمەی خوێنەر ئەفسوونی چیرۆکە خەیاڵییەکەی بکات و قەناعەتی پێبکەین..جا بەو حەساوەی کە تەکنیك و، فۆرم و گوتار و دەق، یەکەیەکی یەکپارچە و گشتێکی هونەرییەو لێکدی جیا نابێتەوەو جیا ناکرێتەوە،بۆیە جیاکردنەوەی بابەت، یان شێواز، یان رەوت و نەسەق، یان گۆشەنیگا و روانگە و جیهانبینی، وەکو ئەوەیە بێی بوونەوەرێکی زندوو مۆمیا بکەیت، کە ئەنجامی ئەم کارە لە باشترین حاڵەتیدا، دەکاتە جۆرە کوشتنێك، چونکە ئەو مۆمیایە هەرگیز زندوویەتی و چەلەنگی و گەشی و پرشنگداری و تەڕی و تازەیی بوونەوەر و گووراوە زندووکەی نابێت..هەڵبەتە ئەم قسەو بۆچوونە بەو مانایە نییە کە رێگە لە رەخنە بگیرێت، یان رەخنە بەکارێکی بێهوودە لە قەڵەم بدرێت و، بە پێویست نەزانرێت و، بشێت

دەستبەرداری ببی.. نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەشێت رەخنە ببێت بە رێنمایەکی یەجگار گرینگ بۆ چوونە ناو دنیای شێوازو نووسینی نووسەرەوە.بگرە هەندێجار دەشێت باس و لێکۆڵینەوەی رەخنەیی بۆ خۆی و لە خۆیدا، کارێکی فلیڤانی(ابداعی) گەورە بێت، وەکو هەر رۆمانێکی مەزن یان چامەیەکی ناوازە..بەلاَم وێڕای ئەمەش دەبێت ئەوەمان لەلا عەیان بێت کە رەخنە، چەندیش وردو دروست و لۆجیکی و بەجێ بێت، هەر ناتوانێت بگاتە بنج و بناوان و ونگە و حەشارگە و نهێنگەکانی دیاردەی ئەفراندنەوانی و داهێنان،و راڤە کردن و شرۆڤە کردنی هەموو ورد و درشتێکی..چونکە هەمیشە لە ڕۆمان و چامەی سەرکەوتوودا، رەگەزێك، لایەنێك، رەهەندێك هەیە کە دەستی شیکردنەوەی رەخنەیی ئەقلاَنی نایگاتێ، چونکە رەخنە خۆی لە خۆیدا مەیدانی مەشقی ئاوەزو زیرەکییە. بەلاَم لە کاری ئەفراندنی ئەدەبیدا، جگە لە ئەقڵ و زیرەکی، مەزەندە، هەستیاری، هەست و نەست، سۆزو گوداز و تەنانەت رێکەوتیشی تێدایە کە ئەمانە لە وردترین تۆڕی باس و لێکۆڵینەوەی رەخنەیی دەرباز دەبن.بۆیە کەس ناتوانێ کەس فێری داهێنان و ئەفراندن بکات..ئەوپەڕی دەکرێت فێری خوێندنەوەو نووسین بکرێت. ئەویتری وەستاوەتە سەر خۆت و مرۆڤ خۆی، خۆی فێر دەکات، ئەمەش رێگەیەکی دژواری پڕ هەوراز و نشێوە، پڕە لە کەوتن و هەستانەوەی بێوچان و بەردەوام.. بۆیە باشترین فێرگە، سەبارەت بە ڕۆمان و بونیاد و فۆرمی ڕۆمانەوانی، ئەوەیە یەکسەر دەست بە نووسینی ڕۆمان بکەیت، و هەر نووسەرەش بە پێی دەوڵەمەندی و هەژاری ئەزموونی خۆی ، یاساو ڕێسای ڕۆمانەوانی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت...

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**


*- ماريو بارغاس،رسائل الى روائى شاب/ ترجمة:صالح علمانى/ دارالمدى للثقافة والنشر/2010

*-متعة الرواية/ دراسة نقدية منوعة/دار المعرفة، بيروت/ط 2005/1/الدكتور احمد زياد محبك

*- د.صلاح فضل/اساليب السرد فى الرواية العربية/ ط 2003/1/ دار المدى للثقافة والنشر

*- جابر عصفور/ زمن الرواية/ط 1999/1/دار المدى للثقافة والنشر

*– **دەربارەی رۆمان و چیرۆك/ حەمەکەریم عارف/ چ 2008/1/ نووسەرانی کەرکوك**

## ئیشکالییەتی شۆڕش و واقیع لە
## (کۆچی سوور)دا

ن: ئەبوشەهاب (فائز)

و: دیدار هەمەوەندی

" شۆڕش تەنیا چەکداری نییە و هەر بەچەك ناژی" ئەمجۆرە قسەیە ڕەنگە بە دڵی هەندێ کەس بێت ، ولەوەشە خەڵکانێکی دی بە نەبەدڵی قەبووڵی بکەن. بەلای کەمەوە جۆرە مشت و مڕ و گەنگەشەیەك دەنێتەوە..لێ ئەگەر گوترا : " چەك مەرجی یەکەمی شۆڕش نییە، ئەوا گەنگەشەکە لە گەنگەشە دەردەچێت و دەگۆڕێت بۆ ئیشکال و ناحاڵی بوون و، لەوەیە قەرقەشەی سیاسی لێبکەوێتەوە.

جا چونکە ئەو دوو قسەیەی سەرێ زادەی خوێندنەوەی کارێکی ئەدەبین و بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەدەبی هێنراونەتەوەو، لە سیاقی ناسینی سیمای قارەمانێکی چیرۆکڤانیدا دەخرێنە بەر گەنگەشە و موناقەشە، بۆیە لێرەدا لۆژیکی سیاسەت، چ وەکو خوێندنەوەو هەڵێنجان، و چ وەکو گەنگەشە..زۆر مەبەست نییە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە زەرورەتی مالیجە ئەدەبییەکە ڕێی بدات و بیخوازێت.

***شۆڕش چییە؟***

قەت دوو کەس نییە ناکۆك بن لەسەر ئەمەی کە شۆڕش بریتییە لە ڕەفزێکی بەرنامەداری واقیعێکی دیاریکراو یان حاڵەتێکی ژیواری (معیشی) و، لە هەمان کاتدا داواو داخوازی واقیعێکی ئەلتەرناتیف و حاڵەتێکی جیاوازە..واتە شۆڕش بریتییە لە (نەء ) و (بەڵێ)ی دوا بە دوای یەکتر و هەڤبەند، یانی شۆڕش بەبێ ( نەء) دەسڕێتەوەو لە شۆڕشی دەکەوێت و بەبێ (بەڵێ) ش دەبێت بە کەڵکەڵەیەکی رووتی نەهلیستی وهیچی تر. بەلاَم لێرەدا دوو پرسیار دێنە گۆڕێ: ( نەء) بۆ چ شتێك و ( بەڵێ ) بۆ چ شتێك؟ بە گوتەیەکی دی چی ڕەفزبکرێت و چی پەسند بکرێت؟

بێگومان پەیوەندی نێوان (نەء) و (بەڵێ)، زەمینە بۆ گەییشتن بەو ئامانجانە خۆشدەکات کە شۆڕش لە پێناویدا دەخەبتێت و تێدەکۆشێت. واتە پەیوەندی نێوان ( نەء) و ( بەڵێ) ئەنجامەکانی شۆڕشی لێدەکەوێتەوەو، دانانی پەسند لە جێگای ڕەفزکراو و ناپەسند، جۆری ئەو زاراوانە دیاریدەکات کە پەنایان بۆ دەبرێت و، بە گوێرەی کەلەپوور و کەلتووری شۆڕشی جیهانی و نێودەوڵەتی، بە تایبەتی لایەنە تێۆرییەکەی ، مارکس گوتەنی : " ڕەوایی وئابروومەندی ئامانج بەو ئەوزار و وەسیلەیەوەیە کە بەکاردەبرێت " و بەم پێودانگە ئەگەر ئەوزارو وەسیلەکە گەردێکی گرت یان درزی تێکەوت یان زەدەدار و عەیبدار بوو، ئەوا

ئامانجەکەش (شۆڕش) نەك هەر راستگۆیی و رەوایی خۆی لە دەست دەدات، بەڵکو گومان لەوەش دەکرێت کە هیچ سوودێکی هەبێت و هیچ بە هیچ بکات و بگاتە ئامانجەکانی.. ئەوەی سەیرە ئەمەیە تا ئیستاش هەزاران هەزار کەس وێڕای ئەو هەموو پۆخڵەوات و گەندەڵیانەی رۆژانە لە سەرانسەری دنیادا، بە ناوی شۆڕش و ئامانجێن بەرزو ڕەواوە دەکرێن، زۆر بە جددی باوەڕیان بە دروستی و راستگۆیی واقیعی و مومارەسەی مەیدانی و پراکتیکی ئەو گوتە و بۆچوونە هەیە!..

هەرچەندە واباوە کە ماکیاڤیللی یەکەم کەسە، بانگەشەی بۆ پرەنسیپی " لە ڕای مەبەست گشت ناڕەوایەك ڕەوایە " کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پرەنسیپە زۆر لە پێش ماکیاڤیللی دا هەبووەو بەکاربراوە، لەو رۆژەوە بەرژەوەندی جیاواز هاتووەتە ئاراوەو ناکۆکی و ململانیّ وکێشماکێشان کەوتووەتە نێوانەوە، ئەم پرەنسیپەش بە باشترین شێوە برەوی سەندووەو رەواج وباوی پەیداکرووەو ، ئەم سەردەمەی ئێمەش سەردەمی زێڕینی بیّ هەڤرکی پرەنسیپی ناڤبرییە!.جا بیّ هیچ دوودڵی و چەند وچوونێکی بێهوودەو، بە ڕاشکاوی دەڵێین کە شۆڕشانی هاوچەرخ، بە شۆڕشی سوسیالیزمیشەوە، ئەم پرەنسیپەیان نەك هەر پراکتیزە کردووە، بەڵکو بە ڕادەیەك داهێنانی پراکتیکیان تیاکردووە، کە ڕووی ولاّتان و دەسەلاّت و حکوومەتەکانیان سپی کردووە، بۆریان پێداون، پێشیان داونەتەوە، هەڵبەتە سەیریش نییە، مادامێکی ئەوانیش (شۆڕشەکان) کار بۆ وەدەستهێنانی دەسەلاّت دەکەن، تەماحی ئەوەیان هەیە ببن بە دەوڵەت و حکوومەت، واتە بە پێچەوانەی ئەو پرەنسیپ و دروشمانەی لە بەیاننامەو راگەیاندن و راگەیەنراوەکانیاندا خستوویانەتە روو، ئەمە جگە لەو هێرشە توند و بروسکە ئاسایانەی کە دەیکەنە سەر ئایدۆلۆژیای بورژوازی و ڕابەران و هزرڤانەکانیان، لە پێش هەموویانەوە ماکیاڤیللی بەدبەخت!. رەنگە زۆر کەس باوەڕنەکەن کە لینین بە خۆی ( قوتابییە زیرەکەکەی مارکس و پەیامبەری شۆڕشی سوسیالیزم) ئەمەی دەگوت و دەگوتەوە کە : " لە سیاسەتا ئەخلاق نییە، تەنیا بەرژەوەندی هەیە. " کە ئەوە دەگەیەنێت گشت ناڕەوایەك ڕەوایە لە پێناوی مەبەست و ئامانجی: رزگاری، سوسیالیزم، دادپەروەری، کۆمەڵگەی یەکسان..هتد، دیارە خەڵکانی زۆریش هەن کە بە خەمساردی و خوێنساردییەوە شان هەڵدەتەکێنن و دەڵێن: " جا چییە..؟ئیدی دنیا واهاتووەو کاروبارەکان وا هاتوون..لەوەیە ئەمە پێویست و زەروری بێت...و لەوە زیاتر هیچ چارێکی دیکە نییە..هتد" دیارە ئەم قسەیە بەشی خۆی ڕاستی تیایە، بە تایبەتی کاتیّ خەڵکانێك بە دەمییەوە دەگرن و دەیڵێنەوە کە لە سەر سەلبیات ڕاهاتوون و سەلبیات بووە بە بەشێك لە بوونیان، چونکە گەندەڵی سیاسی نەك هەر توانای چاوبەستەکیّ و دەسەلاّتی یاساو جفرەی مێژووی خۆی هەیە! بەڵکو زۆربەی خەڵکیش حەزی لێدەکەن و دەچنە ریزییەوەو مومارەسەی دەکەن، بەم هەڵوێستەشیان ( بەڵیّ)ی یەکجارەکی هەڵدەبژێرن و چ بە هۆشمەندییەوەو چ بە نەزانی بەناو دەکەون..بەلاّم قارەمانی ئەم رۆمانەمان، یەکێك نییە لەم زۆرینەیە، لەم مێگەلە، بەوجۆرە قاڵبە رازی نییە.

ئەلبێر کامۆ، هزرڤان و ئەدیبی فەرەنسی دەپرسێت: " ئامانج و مەبەست ئەوزار و ڕێگە حەڵاڵ دەکات؟ دەشێت، ئەدی چ شتێك ئامانج حەڵاڵ دەکات؟ لە مرۆڤی یاخیدا، کامۆ وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵواسراو ومۆڵەقەی فیکری مێژوویی دەداتەوە: " ئەوزار، ئامانج حەڵاڵ دەکات." (بروانە ئەلبێرکامۆ، مرۆڤی یاخی/ وەرگێڕانی : نیهاد ڕەزا/ لە بڵاوکراوەکانی عویدات/ ل362)

***باشە، ئەوزار ئامانج حەڵاڵ دەکات، مانای چییە، چی دەگەیەنێت؟!*** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش چارنییە دەبێ بگەڕێینەوە سەر هەمان کتێبی ئەلبیر کامۆ.

یاخیبوون کاتێ دەست پێدەکات کە مرۆڤ هەست بە کەینوونەی خۆی، بە بوونی خۆی لە کەونـدا بکات، هەست بە سنوورێك بکات کە ئەگەر لەلایەن ( کەسانی ترەوە) بشکێنرێت و ببەزێنرێت ، وبکاتە پایەماڵکردنی ئەم کەینوونەیە ، یان چمك و بەشێکی ئەم کەینوونەیە، یان بەلای کەمەوە بکاتە چەوساندنەوەی ئەم کەینوونەیە. ئا لەمەوە ئیدراکێك لەلای تاك چێدەبێت کە " مرۆڤ شتێکی هەیە کە دەشێت بە شێوەیەکی خودی و زاتی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، پەنای وەبەر ببات، واتە پەنابردنە بەر خۆ وتاکبوونەوە و سازان دەگەڵ خۆدا " دیارە ئەم ئیدراکە بە تەبیعەت بەهایەکی پۆزەتیف لە خۆ دەگرێت کە ڕێك دژ وپێچەوانەی بەهایێن ( تۆڵە ئەستاندن) یان (کردەوە) یان ( ڕکونییە) : " کۆت، هەمیشە کۆتە دژی خود . بەڵام یاخی لە یەکەم هەوڵیدا، ئەو کۆتە لە خۆی دوور دەخاتەوە، لە بوونی خۆیدا ڕەفزی دەکات، واتە یاخی یەکەمجار هەوڵدەدات بوونی خۆی لە کۆت ڕزگار بکات، واتە لە پێناوی سەلامەتی بەشێك لە کەینوونەی خۆیدا دەخەبتێ ( خەبات دەکات) ، کار بۆ بڵاوکردنەوەی یاخیبوون ناکات، بەڵکو کار بۆ تاکیدی زات دەکات ". یاخی " داوای جۆرە ئازادییەکی دیاریکراو بۆ شەخسی خۆی دەکات، بەڵام بە هیچ جۆرێك ولە هیچ حاڵەتێکدا، ئەگەر کەسێکی لۆژیکی بێت، داوای پایەماڵکردن و ڕوخاندنی کەینوونە و ئازادی خەڵکانی تر ناکات. هیچ کەسێك ملکەچ و سووك ناکات. ئەو ئازادییەی داوای دەکات، بۆ هەمووان داوای دەکات، ئەو دیاردەیەی ڕەفزی دەکات بۆ هەمووان ڕەفزی دەکات. یانی نەك هەر کۆیلەیەکە دژی ئاغا ( سید)، بەڵکو مرۆڤێکیشە دژی جیهانی ئاغایەتی و کۆیلایەتی ( هەمان سەرچاوە/ ل 352) ئیدی یاخیبوونەکەی بەوە دەست پێدەکات کە لە چوارچێوەی شۆڕشێکدا دژی ئەو دەسەڵاتە ستەمکار و داگیرکارەی کە دەیچەوسێنێتەوە رابپەڕێت : " ئاغا، حکوومەت، دەسەڵاتی ئاینی...هتد" بەڵام ئەم شۆڕشە هەرکە لەسەر پێی خۆی وەستا، جێ پێی قایم بوو ، هەوەڵین سەرکەوتنی وەدەست هێنا، ئیدی نکوڵی لە پرەنسیپەکانی یاخیبوون دەکات و ژێوان دەبێتەوەو روو بە رووی دوو ئاستەنگ دەبێتەوە: یان نکوڵی لە خۆی دەکات یان جگە لە خۆی نکوڵی لە هەموو شتێکی تر دەکات، واتە ناچارە لە نێوان ( بەڵێی) یەکجارەکی و ( نەء)ی یەکجارەکیدا یەکێکیان هەڵبـژێرێت.یانی دەبێت یان واز لە یاخیبوون بێنێت یان دژایەتی بکات و حاشای لێبکات و خۆی لێبدزێتەوە.

مێژوو وەکو کامۆ نیشانی دەدات، هەمیشە ڕەوتی شۆڕشە هاوچەرخەکان بەرەو نەهلیزم دەبات، واتە بەرەو خیانەت لە بەها پاکژ و بێگەردەکانی یاخیبوونی دەبات، ئەویش بەوەی جگە لە خۆی نکوڵی و حاشا لە گشت شتێکی دی دەکات، تەنانەت پاکانە بۆ بێڕێزی بە مرۆڤ و،

توندو تیژی و کوشت و بڕیش دێنێتەوەو ، پاشان ئەو بارو دۆخە ستەمکارییەی جاران کە بەخۆی لێی یاخی بوو بوو، دەگۆڕێت بە بارودۆخ و ڕەوشێکی ستەمکاری تازە کە هیچی لە بارو دۆخە ستەمکارییەکەی جاران کەمتر نییە، هەنجەتیشی ئەوەیە کە خەباتی لە ڕای کۆمەڵێك ئاوات و ئامانجی بەرز وڕەسەندایە، کە لە ئایندەو ڕۆژانی نادیاردا دێنە دی. جا وەکو چۆن کۆیلە بەبێ کۆیلەدار نابێت و کۆیلەدار بە بێ کۆیلە نابێت، بەو ئاوایەش نەهلیزم و نکوڵی کردنی تەواوەتی بە بێ گەلاڵە بوونی توخمی ملکەچی تەواو بۆ بەرانبەر، بۆ لایەنەکەی دی، مەیسەر نابێت و نایەتە دی ، واتە زاڵی و سیادەتی ( نەء)ی یەکجارەکی بەسەر بارو دۆخەکەدا، بە بێ سەپاندنی (بەڵێی) یەکجارەکی بەسەر تێکرای لایەنەکەی تردا نابێت. هەنگێ ئەو یاخییەی کە لە پرەنسیپە یاخیگەرییەکانی خۆی ژێوان بووەتەوە، لە سەرێتی لەم ڕەوش و بارودۆخە تازەیەدا یەکێك لەم دوو حاڵەتە هەڵبژێرێت: کۆیلە یان ئاغا؟ قوربانی یان جەلاد؟ چەوساوە یان ستەمکار؟ ئیدی لێرەوە بزووتنەوەی یاخیگەریی سیستماتیك لە هەر شۆڕشێکدا، دەبێتە ئالەت و داردەستی دەسەلاتە دکتاتۆریە تازەکە، دەبێتە داردەستی ڕەوت و کەڵکەڵە نەهلیستییە مێژووییەکە، ئیدی یاخییە ڕاستەقینەکە، ئەوەی مکووڕە لەسەر هەڵوێستی خۆی، سوورە لەسەر پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی یاخیبوونی خۆیەوە، ناچارە بە تاقی تەنیا، بە غەریبی و گۆشەگیری وەمێنێ و تا کۆتایی درێژە بە یاخیبوون و خەباتی خۆی بدات، پابەند بێت بە ڕوانگەو نۆڕینی ئاسایی خۆی بۆ ئەو کەرامەت و ڕێز و ئەستاتیکا مرۆڤانییەی کە بە بێنازی لە ژێر پێی نەهلیزمدا پایەماڵ دەبێت.. هەنگێ دەکەوێتە پرسیار لە خۆی و لە دنیا: ئەو ئامانجانە لە کوێن کە ئەم هەموو پۆخڵەوات و قۆڕیات و گەوجاتی و تاوانانەی  بە ناوەوەو لە پێناودا کرا، کە ئەو هەموو خوێنەی لە ڕێگەدا هاتە ڕشتن، کە ئەو هەموو ئەوزارو تاکتیکەی لە پێناودا حەلاڵ کرا؟!.

هەروەها لە هەمان کاتدا دەبێت بەردەوام  وەڵامی ( ئەم پرسیارەی کە هزری مێژوویی بە مۆلەقی و هەڵواسراوی بەجێهێشتووە) بداتەوە کە : ئەوزار ئامانج حەلاڵ دەکات، دەنا هیچ ئامانجێك لە گۆڕێدا نامێنێ و جگە لە توند و تیژی و خوێڕیاتی چ شتێکی تر لە ئارادا نییە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو جگە لە نەهلیزمی کوێرانە کە بە بێ ئامانج بە ناو ونگەکانی مێژوو کەوتووە، چ شتێکی تر لە ئارادا نییە.

وەکو گوتم قارەمانی ڕۆمانەکەمان یەکێك نییە لەو (زۆرینەیە) ی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی (بەڵێی) یەکجارەکی یان ( نەء)ی یەکجارەکییەوە خۆ ساغ دەکەنەوەو بەگەڵ بزاڤ و کەڵکەڵە و ئەڵهای نەهلیزم دەکەون، باشە لەم حاڵەدا پێگەی خۆی لە کوێی ئەم ئیشکالییەتە دژوار و لە چارە نەهاتووەدا دەبینێتەوە، چ هەڵوێستێك هەڵبژێرێت لە نێوان ئەو شۆڕشەدا کە وەکو ڕەمز و چوارچێوەیەك بۆ مومارەسەی یاخیبوونی خۆی هەڵیبژاردبوو، و ئەو واقیع و بارودۆخە تازەیەی کە لەسەر ئەم شۆڕشەوە سەری هەڵداوەو لە هەموو پرەنسیپ و بنەماکانی یاخیبوون هەڵگەڕاوەتەوەو نکوڵی لێدەکات و، بەبێ سڵەمینەوە بەرەو نەهلیزم ملدەنێت.

قارەمانی ڕۆمانەکە، لە هەوەڵەوەو بە گوێرەی ڕەفتار و گوتارو هەڵوێستە سەرەتاییەکانی پێناچێت وەکو پێویست پوختەو کارامە و پێگەییشتوو بێت، خاوەنی ڕۆشنبینییەکی  تەواو

بێت، کە بڕیار دەدات پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکات و بداتە چیا، زیاتر بە خەیاڵی ئەنجامدانی کاری قارەمانانەو تۆمارکردنی داستانان ئەو بڕیارە دەدات، تا بە مەبەستی مومارەسەی یاخیبوونی ڕاستەقینە ئەمە بکا و ئەو بەهایانە بەدی بهێنێت کە لە یاخیبوونی ڕاستەقینەوە هەڵدەقوڵێن : *" منداڵی ، منداڵی..لێگرتوومەتەوە، وادەزانێ هێشتا لە مەمکان نەبڕاومەتەوە! دەبێ کارێ بکەم لە ئەقڵی کەسدا نەبێت، هەرکەسەو داستانێکم بۆ هەڵبەستێت!.."*

وێڕای ئەمەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بێگومان لە وەزع و حاڵێکی دیاریکراو ناڕازییە بۆیە دەداتە شاخ. بەلآم نارەزاییەکەی نارەزایی کۆیلەیەکە لە ئاغا. نارەزایی چەوساوەیەکە لە چەوسێنەر، نەك نارەزایی و ڕەفزێك دژی ( جیهانی ئاغایەتی و کۆیلایەتی) . خوێنەر لە سەرەتاوە ئەو تێبینی و سەرنجەی دەرهەق بە قارەمانەکە لەلا دروست دەبێت. ئەم تێبینییە لە یەکەمین ڕستەی رۆمانەکەوە لەلای خوێنەر دروست دەبێت. بۆیە تێبینییەکی لامسەرلایی و خێراو ڕەوتەنیە، چونکە بونیادی ڕۆمانەکە کە بە زمانی رەخنە ( بونیادێکی فرە دەنگی)یە. بۆ نموونە ئەم دەنگانە هەن: " دەنگی باوکەکە، دەنگی قارەمانی رۆمانەکە، دەنگی سێیەم) کە دەنگی چیرۆکنووس خۆیەتی. بۆیەر و ڕووداوێن ڕۆمانەکە بە دوو هێڵی یەکتربڕدا دەڕۆن. کاتێ خوێنەر جارێکی دی تووشی قارەمانەکە دەبێتەوە دەبینێت ( یەجگار بێزارە) دوای ئەوەی بە خۆی واقیعی جەرباند و قارەمانییەتی و شۆرەت و نێوبانگ و سەربەرزی لەبەرچاو بوون بە تراویلکەو، لە هزرو هزرینی خۆیدا تووشی ناکۆکی و هەڤدژییەك دەبێت کە وەکو پێویست بۆی لە بنج و بناوان ناکرێت و لێی تێناگات، ئەوەتا پێیوایە : *" ...پێشمەرگایەتی پوختەو کاکڵەی شۆڕشە"* و *" شۆڕششیش گۆڕانە..گۆڕینی هەموو مەیدانەکانی ژیان..."* بەلآم ئەوەی لە واقیعدا هەیە ( *شەڕە*) شتێك نییە ناوی ( *شۆڕش*) بێت. جا ئەگەر بویسترێ شەڕ بگۆڕدرێت بۆشۆڕش دەبێ *" بزوتنەوەکەمان پرۆلیتاریزە بکرێت"* و *" ئاگامان لە بۆرژوایان بێ ، چونکە بورژوا لە هەموو دنیادا هەر سەڵەفێ دووانە، پاشان بادەداتەوەو ترسی شۆڕشی لێدەنیشێت!.."* کەچی وێڕای ئەوەش هەرچەند دێڕێك دواتر گوێمان لێی دەبێ کە لە مەنەلۆگێکدا دەڵێت: *" ...میرزا لێت تێدەگەم ، دەزانم چ دەڵێیت، ڕاستدەکەی پێشمەرگایەتی عیبادەتە.. بەلآم داخۆ ئاگات لێیە من، تۆ، لە چ چڵکاوێکدا دەژین! چڵکاوێك پڕە لە دز، دەستبڕ ، لیبۆك، بێکار، فاڵچی، ماستاوچی، قۆنتەراتچی، سیاسەتچی. بۆرەپیاو، و ڕییاکار.. ئەدی ئاگات لێیە هەر چوار دەوریشمان ئاگرە! دەمێنین ، وردە وردە بۆنی چڵکاو دەگرین. دەردەچین دەبین بە خۆراکی ئاگر! بە رای تۆ چ بکەین میرزا..هەڵبەتە مامۆستا محەمەد وتەنی دەبێ بە چنگ چڵکاوەکە بکەین بە ئاگرەکەدا..تا دەبین بە خودانی تەواوەتی خۆمان.."*

جا هەڤدژی و ناکۆکی هزرین و هزرکردنی قارەمانی ڕۆمانەکە لەمەدا بە دیاردەکەوێت: ئەگەر کاری پێشمەرگایەتی و واقیعی پێشمەرگایەتی بووبێت بەو زەلکاوە بۆگەنەی کە پڕبووە لە خەڵکانی ناحەز و کرێت و دزێو، ئەوا نەك هەر مەحاڵە ( شەڕ)ەکە بگۆڕدرێت بۆ ( شۆڕش) بەڵکو بیرکردنەوەش لەو پرۆسەیە جۆرێکە لە کەودەنی و ساویلکەیی..وادیارە تاکی تەرازووی

ڕووداوەکانی دواتری ناو ڕۆمانەکە کە بەلای ئەم بۆچوون و دەست نیشانکردنەدا قورس دەبێت و ناکۆکی و هەڤدژییەکە بە قازانجی واقیعە ( زەلکاوە بۆگەنەکە)دا دەشکێتەوەو دژی قارەمانەکە دەوەستێتەوە، شەرەکە وەکو ( شەڕ) دەمێنێتەوەو ( گۆڕینی هەموو مەیدانەکانی ژیان..) تەنیا وەکو خەون و خەیاڵێکی رووت دەنوێنێت، بۆنی بۆگەنییەکە زیاد دەکا و پیاو هێڕ و کاس دەکات و، ئاگرەکەش پتر تەشەنە دەسەنێ و هەڕەشە لە جەستەکان دەکات و ، بگرە " دز و درۆزن و دەستبڕ و لیبۆکان..." رۆژ بە رۆژ زۆرتر دەبن و ، دەسەڵاتیان پتر دەبێت، پاشان لە ڕووداوەکانی دواتری رۆمانەکەوە نادروستی وێنا و بۆچوونەکانی قارەمانەکە دەردەکەوێ کە : ***"...بۆرژوا لە هەموو دنیادا هەر سەڵەفێ دووانە.."*** و دواتر قارەمانەکەمان بۆی دەردەکەوێ کە " هەر ئەوان هەمەکارەن" وئاغاو کوێخای مەیدانن و، خەڵکی وەکو ئەو و سیابەند و نموونەی ئەوان لە زەلکاوەکە قوتارنابن و زەلکاو و گەنداوەکە قووتیان دەدات و سەریان دەخوات و، (کاروانەکە)ش نەك هەر ناگاتە مەزڵ، بەڵکو دەکەوێتە سەد کەندەوەو هەزارو یەك بەڵاو نسکۆی بەسەر دێت.

میرزا سمایل، لە گفتوگۆیەکیدا دەگەڵ قارەمانی ڕۆمانەکەدا ئەم ڕستەیە دەڵێت: ***"....چۆن عیبادەت پەیوەندییەکی خالیسەی نێوان بەندەو خوایە، ئەشقێکی رووتی بێ ڕیایە، ئاواش پێشمەرگایەتی ئەشقێکی پاك و بێگەردە..."*** ئیدی قارەمانەکە، چونکە ئەو قسەیە ڕاستگۆیانە گوزارشت لە ناخ و ئەڵهاکانی ئەو دەکات، دەیکات بە بە دروشمی خۆی. هەروەها چەند قسەو ڕستەیەکی دیکەی میرزا هەن، خەلیفە خدریان پێ دەدوێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە کورتی و هونەریانە، ئاکامی پڕ ناکامی ئەو یاخیبوونەمان نیشاندەدات کە نکوڵی لە پرەنسیپ و بنەماکانی خۆی دەکات: ***"...خەلیفە بەو خوایەی خواداری ئەرز و ئاسمان دەکات، کاروانێ، نەزان و نەفام سەرکاروانی بێت..بە سەد زانا و فامیدە نایەتەوە سەر رێگای ڕاست. کەندێ کەمە ، دەکەوێتە سەد کەندەوە.."***

قسەیەکی دیکەش هەیە کە قسەی خاڵە عەزەیە و ەکو ڕستەیەکی لەبەردڵان دەکەوێتە سەر زاری خەڵکەکە و دەگوترێتەوە، کە لە ڕاستیدا کورتە و پوختەی ئەو بارودۆخە نالەبارەمان پیشاندەدات و لە بەرچاو بەرجەستەی دەکات کە بەهۆی هەڤدژی و ناکۆکی نێوان یاخیبوون و نەهلیستیەتەوە بە تەواوەتی داوەشیوە: ***" لە هەرشوێنێ زوڵم هەبێت، پێشمەرگەش دەبێت.."***

لە دوا دیمەنەکانی ڕۆمانەکەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە قارەمانی ڕۆمانەکە، کە بە شێوەیەکی رۆمانسیانە دەست بە یاخیبوون دەکات و: ***" پێشمەرگە ئەو کەسەیە لە ناخا شۆڕشێکی بەرپا کردبێت.."*** دەزانێت دەبێت بە قوربانییەکی ئەو ڕەوش و ڕەوت و کەڵکەڵە نەهلیستییەی کە بە هۆی گەندەڵی یاخیبوونەوە، پاش ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی دادەبڕێت، چێبووە، وملی بۆ مەرگی خۆی دەدات، مەرگی خۆی قەبووڵ دەکات و بەدەم مەرگەوە ئەم ڕستەیە دەڵێتەوە: ***" لە هەرشوێنێ زوڵم هەبێت، پێشمەرگەش دەبێت.."*** وەك ئەوەی تاکید لەوە بکاتەوە کە سەرباری زاڵی نەهلیزم بەسەر ڕەوشەکەوە، جگە لە یاخیبوون و خەبات هیچ چارێکی دیکە نییە، مادامێکی زوڵم هەبێت، هیچ چارێك نییە، پیاو ئەگەر ببێت بە قوربانییەکی ئەو رەوش و

بارودۆخـەش، هـەر مەحكوومـە بـە پێشـەرگایەتی، و بـە خوایشـتی خـۆی مـەرگی خـۆی قـەبوولْ دەكـات.." قوربانیـدان، لـە یـاخیبوونی ڕاسـتەقینە و پابەنـد بـە ڕەگ و ریشـەو پرەنسـیپەكانی خۆیەوە، نیشانەی ئەوەیـە كـە ئـازادی ڕاستەقینە قـەرین و هاوتـای كوشـتن نییـە، بـەڵكو قـەرین و هاوتای مەرگی تایبەتیە.." ( هەمان سەرچاوە، ل354)

كات لـە ڕۆمانەكـەدا تایبـەت نییـە بـە سـەردەم یـان قۆنـاغێكی سنووردار و دیاریكراوەوە، وەكو چۆن دو هێڵی یـەكتربڕ لـە ڕۆمانەكـەدا هـەن بـەو ئاوایـەش دوو زەمـەن و كـاتی یـەكتربڕیش هەیـە، لەوەیە بۆیەر و بەسەرهات و ڕووداوەكـانی ( كاروانەكـە) لـە یـەكێك لـەو هێڵانـەدا ئاماژەو ڕەمزێك بێت بۆ ڕێڕەو وكاروانی شۆڕش و نسكۆی كوردان لـە سـاڵی 1975دا: *"...برۆ خوشكێ ، پێی بڵێ : كاروان لێكدی دابڕاوە. شێخە خۆی و بەشی هەرە زۆری كاروانەكە لە چیای هات و نەهات گیری خواردووە. ساحێبی حەوت ڕۆح بن، نابن بە خاوەنی یەكێكیان.."* پێدەچێ ڕووداوەكـانی هێڵەكـەی دیكـەش، بـەردەوامی و یەكتربڕییـەكی ڕووداوەكـانی ( كاروانەكـە) بێـت..پێدەچـێت روداوی هـەر یـەكێك لـەو هێڵانـە هاوتایـەكی بابەتیانـەی هێڵەكـەی تـر بێـت، و ئـەوەی زیـاتر ئـەم بۆچوونە پشت ڕاستدەكاتەوە، ئەوەیە كە كلیلی هەردوو هێڵ و ئاراستەكە لە لای یـەك كەسـە، كـە ئـەویش مـیرزا سمایلـە، كلیلـەكانیش بـریتین لـەم دوو دەسـەواژەیە كـە زۆرجـار لـە ڕۆمانەكـەدا دووبارە دەبنەوە: *" پێشمەرگایەتی ئەشقێكی رووتی بێ ڕیبایە.."* و *" ... بەو خوایەی خواداری ئەرزو ئاسمان دەكات، كاروانێ نەزان و نەفام سەركاروانی بێت.. بەسەد زاناو فامیدە نایەتـەوە سەر ڕێگای ڕاست. كەندێ كەمە، دەكەوێتە سەد كەندەوە!.."*

ئەوەی مایەی سەرنجە، پێناچێت قارەمانەكە، ڕەگەزێكی كارابێت لە ڕووداوەكانی ڕۆمانەكـەدا، یان كۆسپ بێت لەبەردەم ڕووداوەكاندا، یـان لـە دروسـتكردنیاندا بەشـدار بێـت، یـان كاریگـەریی بەسـەریانەوە هـەبێت، بـەڵكو لـە ئاوێنەیـەك دەچـێت وێنـەی كاراكتـەرەكانی دیكـە بنـوێنێ، و لـە میانەیەوە ڕووداوەكان دوا بە دوای یەكدی بێن، وسێبەری ئەو ئێشكالییەت و دژوارییـە عـەكس بكاتـەوە كـە قارەمانەكـە گـیرۆدەی بـووە، ئیشـكالییەتی ژیـان لـە نێـوان ئـەو یاخیبوونـەدا كـە دەیویست ببێت بە شۆڕشێكی ڕاستەقینە و ئەو واقیعە بۆگەنەدا كە بەردەوام و بێوچان لە هـەوڵی دامركاندنـەوەی دەنگـەكانی یـاخیبوونی ڕاسـتەقینەدایە، بـەڵام ئەمـە نـە بـە ڕەگـەزو خـاڵی لاوازی ڕۆمانەكە حەساو دەكرێت و نە لـە ئاستی هونەرییـەتی كەمدەكاتـەوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە، بە تەكنیكێكی سەركەوتووی وێنەگرتنی سیمای قارەمانەكە لە بونیادێكی ڕۆمانەوانی پۆلۆفۆنی و فـرە دەنگیـدا دەژمێردرێـت.ئـەوەی بـە خـاڵی لاوازی كەسـایەتی قارەمانەكـە دەژمێردرێـت، بێدەنگییەكەیـەتی لـە ئاستی تـاوانی تیرۆركردنـی سیابەندا، باس نـەكردنی ئـەو تاوانەیـە، باس نەكردنی كوشتنەكەی سیابەندە، بۆ باوكی خۆی، كە تە نانەت بە تاقە وشەیەكیش باسی ناكات، جا مادامێكی بڕیاری قەبووڵكردنی مەرگی خۆی داوە، هیچ پاكانەیەك بۆ ئەو بێدەنگییە نییە.

هەڵبەتە پێتڤییە ( پێویستە) ئەوە بگوترێ كە ئەوپەڕی ساویلكەیی و بێهودەییە خوێنەر بەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەكە، لە ڕۆخسارو سیما واقیعییەكاندا، لە سیماكانی ناو ژیاندا، بۆ ڕوخسارو سیمای : ( مـەحموود، مستۆ، یـان سیابەند) یان كاراكتـەرەكای دیكـەی ڕۆمانەكە بگـەڕێت، یان

رووداوەکـانی ڕۆمانەکـە لـە گـەڵ ئـەو ڕووداوە واقیعیانـەدا کـە خـۆی دەیزانـێ، بـەراوردبکات و پێکیان بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگینە سیمای مەحموود لە زۆر سیمای دیدا ببینرێت و هەستی پێبکرێت، و هەندێ خەسڵەت و سیمای مستۆش، لە چەند سیمایەکی زۆر کەمدا ببینرێتەوە. بەڵام بەراورد و پێکگرتن جگە لە بەدحاڵی بوون هیچی تری لێ شین نابێت، **" *چونکە حەقیقەت و ڕاستی کاری هونەری لەوەدا نییە کە چەند دەگەڵ واقیعدا تێکی کردووەتەوە یان موو بە موو وێنەی گرتووە"*** ( بڕوانە: الواقعیە/ دیمین کرانت/ ترجمە: عبدالواحد لولوە / ص28) هەروەها والاس ستیفنز گوتەنی: **" *پەیوەندی نێوان واقیع و خەیاڵ ، ماك و بنەمای کەسایەتی ئەدەبی پێکدێنێت."*** ( هەمان سەرچاوە، ل 30)

# (کۆچی سوور) ڕۆمانێکی کوردی پێشەنگە

ن: جەلال زەنگابادی

و:بازەوان عەبدولکەریم

ئەم ڕۆمانە بونیادێکی هونەریی سفتچنراوی ، جوان و یەکگرتووی هەیە و بەتایبەتی پەنای وەبەر تەکنیکی پۆلۆفۆنی ( فرەدەنگی گێڕانەوەکاری) بردووە، تا لەوێندەرەوە زەمینە بۆ فرەنۆڕین خۆشبکات. بۆیە دینامیکیەتێکی بەرزی ئەوتۆی وەرگرتووە، کە لە گرێچن و حبکەی ئاساییدا، کە بە زۆری (گوتیاری هەمە شتزان) ئەرکی گێرانەوەو گێڕانەوەکاری دەستۆ دەگرێت، بەدی ناکرێت. لە پۆلۆفۆنیدا تاکگێڕانەوەیی پاشەکشە دەکات و،فرەگێرانەوەیی شوێنی دەگرێتەوە، فرە گێرانەوەیی ئازادی تەواو بۆ وێنەگرتنی دیمەن و هەڵوێستەکان لە روانگەی جیاوازو هەمەجۆرەوە دابیندەکات، و دەرگا لە ناخی کاراکتەرەکان دەکاتەوە تا بە ئازادی گوزارشت لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بکەن. بەڵام دەنگی ( گوتیاری هەمە شتزان) دەداتە کزی و ئەو دەسەڵاتە پاتریارکییەی نامێنێت کە بە خۆرتی و تۆبزی تاکڕوانگەیی بەسەر هاماج و ئۆتمۆسفیری ڕۆمانەکەدا بسەپێنێت، ئیدی لێرەوە جۆرە تۆنێکی ئەگەرئامێزو گومانامێز زاڵ دەبێت کە خۆی لە خۆیدا دژواری تێگەییشتنی تەبیعەتی کاراکتەرەکان بەرجستە دەکات و، خوێنەر بەناو " ونگەو هەزارلۆی ئەو کێشە مرۆڤانیانە دەکەوێ کە کاراکتەرەکان پێوەی دەناڵن و گیرۆدەی بوون، نەك بە مەبەستی هاودەستی و هاوسۆزی دەگەڵیاندا، وەکو ئەمە لە رۆمانی تەقلیدی و ئاساییدا باوبووە، بەڵکو بەمەبەستی کەشفکردن و دۆزینەوە ،کە پێویستە بە ئاشکرا دووربێت لە هەڵوێستە رۆمانەوانییەکە "1.

ئاشکرایە کە حەمەکەریم عارف وەکو نووسەرێکی بە توانا، بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و لە رێگەی تەکنیکی پۆلۆفۆنییەوە، گرێچن و حبکەی رۆمانەکەی ئیدارە داوەو رۆتینکاری گێڕانەوەی شکاندووەو گوتیاری هەمە شتزان بەسەر ( کۆچی سوور)دا زاڵ و باڵادەست نییە، بەڵکو سێ ئاست یان سێ شێوازی گێڕانەوە بەکار هاتوون کە لە میانەی ئەم شێوازانەوە جێگۆڕکێ و کاتە گۆڕکێ و واقیعەگۆڕکێیەکی زۆر دەکرێت بەو مەبەستەی پوختەی ڕۆمانەکە بە هەموو کاراکتەر و رووداو و هزرەکانیەوە پێشکەش بکات... ودەتوانین گوتیارەکانی، لە باری( ئاستی واقیع)یەوە، کە ئاستی دنیای واقعییە، نەك خەیاڵی، بەمجۆرە پۆلێن بکەین :

1- مستۆ : ئەمە گوتیاری- شا قارەمانە، بە زمانی یەکەم کەسی تاك ( من ) شتەکان دەگێڕێتەوە،و لە نۆڕینی ئەودا شوێنی گوتیار و شوێنی بابەتە گێڕدراوەکە ئاوێتە دەبن، مەنەلۆگ بەسەر گێڕانەوەکەیدا زاڵ دەبێت و ، هەندێجاری کەم بە شێوازی ( ئیلتیفات ) ئەنجام دەدرێت..

2- سادق: ئەمیش وەکو مستۆ گوتیاری- شاقارەمانە ، بەلاّم گێڕانەوەکەی بە شێوەیەکی گشتی بە شێوازی ئیلتیفاتە ، و ( ئیلتیفات= تیل نیگا ) ئەوەیە گوتیار لە ژێر پەردەی ڕاناوی دووەم کەسدا (تۆ ) خۆی دەدوێنێت.

3- گوتیاری گۆنگ ( ملتبس) : ئەم گوتیارە گۆنگ و ئالۆزە. نازانرێ ئاخۆ لە نێو بابەتەکەو دنیای بابەتەکەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، یان لە دەرێرا شتەکان دەگێڕێتەوە ، ئەمجۆرە گوتیارە تازەیە ، بە بۆچوونی ماریو بارگاس یوسا "2" زادەو بەرەنجامی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مودرینە. ئەم گوتیارە لە ( کۆچی سوور) دا زیاتر لە گوتیاری شتزان دەچێت و ، ناو بە ناو دەردەکەوێت و بە زمانی سێیەم کەس ( ئەو) دێتە پێشێ تا بەشداری لە بەرێوەبردنی پرۆسەی گێڕانەوەکارییەکە بکات، بە بێئەوەی بەشدار ی لە ڕووداوەکاندا بکات یان بە خۆرتی و تۆبزی بۆچوون و ئامۆژگاری و حوکمەکانی خۆی بسەپێنێت.هەروەها چەند گوتیارێکی لاوەکیش هەن کە گێڕانەوەکانیان، لە گێڕانەوەکانی سێ گوتیارە سەرەکییەکەوە، لقوپۆ دەهاون، بۆیە جۆرە یەکانگیری و یەکتربڕی و تێکرژانێکی گێڕانەوەکاری چێدەبێت..هەڵبەتە ئاشکرایە کە ( فلاشباك )بە شێوەیەکی گشتی زاڵە بەسەر پێکهاتەو بونیادی ( کۆچی سوور)دا ،کە فلاشباك بە تەبیعەتی خۆی پشت بە یادگەو خەیاڵ دەبەستێت.

دیارە حبکەو گرێچن لە بەرهەم و کاری گێڕانەوەکاریدا دەکاتە " ریزبەندی و هەڤبەندی ڕوودا و بۆیەر و کار وکردەوەکان بەو مەبەستەی بگاتە کوتایی و ئەنجامێك " "3" و هەڤبەندی و پەیوەندیش بە گشتی لەسەر بناخەی پەیوەندی جەدەلی نێوان هۆو ئەنجام ڕۆەنرێت. وحبکەو گرێچن ئاراستەی گێڕانەوە ڕێکدەخات.. جا لە ( کۆچی سوور ) دا پەیوەندی جەدەلی و دیالیکتیکی جۆرەکانی زەمەن، لە چەندین جۆرە گێڕانەوەی جیاوازدا بە دیاردەکەون، لەوانە : گێڕانەوەی ئاسایی و گێڕانەوەی وەبیرهێنانەوە (استرجاعی )کە بۆیەر و ڕووداوەکانی رابردوو وەبیر دێنێتەوەو زیندووی دەکاتەوە.کە ئەمەیان لە ڕۆمانەکەدا زەق و زاڵە، لە دوای ئەمەوە گێڕانەوەی پێشبینیکاری ( استباقی ) دێت کە بە تەبیعەتی خۆی خەیاڵییە و پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، ئەگەرچی سەرچاوەی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە خەیاڵ و ئازادی خەیاڵ و بەرزەفڕی خەیاڵە ، بەلاّم سەرو سەختی دەگەڵ ئایندەدایەو پێشبینی ڕووداوەکانی ئایندە یان بە شێوەیەکی ئاسایی دەکات وەکو چۆن مستۆ پێشبینی کوژرانی خۆی لە میانەی گێڕانەوەی سەربهووردی کوژرانی سیابەندەوە دەکات، یان بە شێوەیەکی ڕەمزی پێشبینی دەکرێت ، وەکو چۆن دایکی مستۆ لە خەونێکدا پێشبینی دەستگیرکردنی سادق دۆغری مێردی دەکات . و پاشان لە خەونێکی تریدا، پێشبینی ئەو پێشهاتە دەکات کە بەسەر مستۆ هات. پاشان هەر هەموو ئەمجۆرە گێڕانەوانە، لە پێکهاتە گێڕانەوەییەکەی ڕۆمانەکەدا یەکدەگرنەوەو یەکانگیر دەبن و لە میانەی ئەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر چەند لێهاتووانە و چەند بە کارامەیی و لێزانی و جوانی و پوختەیی، ڕەگەزەکانی بونیاد و گێڕانەوەکاری وئەوزارە تێکچڕژاوەکانی بەکاربردووە کە لە یەکتری نایەنە هەلاّوێردن و جیاکردنەوە مەگەر بە شێوەی مەجازی و ناچاری،

ئەویش بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە، بۆ نموونە کاراکتەر ( بە هەموو پێکهاتەیەکی فیزیکی و سایکۆلۆژی وئایدۆلۆژی ) خۆیەوە یەکێکە لە رەگەزە هەرە گرینگەکانی ڕۆمان، چونکە پەیوەستە بە رووداوەکان و کۆی کێشماکێشە ( خودی و بابەتیەکانەوە ) وکاراکتەرەکانی (کۆچی سوور ) بە وردبینییەکی ئەوتۆ وێنە کێشراون کە وەکو کەسانی زندووی ناو ژیان هەستیان پێدەکەین و هەر یەکەیان سیمای فیزیکی و سایکۆلۆژی و ئایدۆلۆژی تایبەتی خۆیان هەیە و بە بیر و گوتار و کردارەکانیان لە یەکدی جیادەبنەوە و جیا دەکرێنەوە. لێرەدا سیابەند بە نموونە دێنینەوە، هەرچەندە غایبە، بەڵام ئامادەگی و حوزوورێکی پرشنگداری بۆ نموونە لە رێگەی دایکی و سادق و مستۆ و تەنانەت ناحەزەکانییەوە پەیداکردووە.

ئەوەی مایەی سەرنجە مەنەلۆگ لەلای کاراکتەرانی قەیراناوی و قەیرانزەدەی وەکو ( مستۆ و خەلیفە خدر ) زاڵەو ، لەو رێگایەوە کێشماکێشە پەنهان و رازو نهێنییە دەروونی ئایدۆلۆجییەکانیان کەشف و بەرجەستە دەبێت.بەڵام کێشەی نێوان کەسایەتییەکانی دیکەی وەکو ( خولە قووچ و سیابەند ) زیاتر و بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی دیالۆگدا کەشف و بەرجەستە دەبێت.

ئەوەی لە ( کۆچی سوور ) دا مایەی سەرنجە ، جگە لە نێوەرۆکە گرینگ وبایەخدارەکەی ، فۆرمە هونەییەکەیەتی بە هەردوو رەگەزی ( شێواز ) و ( نەسەق ) ەوە کە بەدەم گێڕانەوەی هونەریانەی ناوەرۆکی رۆمانەکەوە بەرجەستە بووەو گوتیار و شوێن و کاتی لە خۆ گرتووە.

جاچونکە پێشتر باسی گوتیاران وکاراکتەرانی رۆمانەکەمان کرد، بۆیە پێویستە ئامارژەیەك (ئەگەر بە شێوەیەکی لامسەرلاییش بێ ) بە توخم و رەگەزێن : شوێن و کات و رووداو بکەین.

شوێن لەم رۆمانەدا ( چ واقیعی یان خەیاڵی، یان تێکەڵەیەك بێت لە هەدوووکیان ) بە وەسف رۆدەنرێت، وەسفەکەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی وەسفکارەکانەوە هەیە، واتە وەسفێکی وشك و برینگ نییە، واتە ئەو شوێنانەی ( چ شوێنانی سەرەکی و چ لاوەکی )لە رۆمانەکەدا ناویان هاتووە، دابراونین، بەڵکو بە کاراکتەر و بویەر رووداوان ئاوەدانن، وەکو چۆن ئەمە بە روونی لە وەسفی گوندەکەو لە وەسفی ژوورەکەی خولە قووچی مەنسوولی حیزبیدا، لە روانگەی مستۆ وە بە یاردەکەوێت.

کات لە ( کۆچی سوور )دا کاتێکی بابەتی کرۆنۆلۆجی نییە، بەڵکو کاتی خودی سایکۆلۆجی (دەروونی ) بە سەریا زاڵە کە پتر پشت بە یادەوەری و خەیاڵ دەبەستێ..

بەڵام رووداو ( چ واقیعی و چ خەیاڵی بێت ) لەبەر ئەوەی لە ئیجادەوە بریتییە لە کاروکردەوە، کارو کردەوەش بەندە بە زەمەنێکی دیاریکراوەوەو پشت بە حبکەو گرێچن دەبەستێت و جۆرە گرژی و هەڵکشان و داکشانێکی درامی لێدەکەوێتەوە : رووداوی زەماوەندەکەی سادق، و رووداوی گومڕابوون و سەرگەردانی کاروانەکە و ڕووداوی کوژران و شەهیدبوونی مستۆ نموونەی گەشی ئەو حاڵەتەن.

جا گرینگی شێواز، کە شێواز لە جەوهەردا پشت بەو زوبانە دەبەستێت کە چیرۆکەکەی پێدەگێڕدرێتەوە، بەپێی بۆچوونی ( یوسا ) دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە : " رۆمان لە وشەو

پەیڤان پێکهاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەی زوبان و دارشتن و ڕێکخستنی لەلایەن ڕۆماننووسەوە دەکاتە کارێك کە چیرۆك و گێڕانەوەکانی قەناعەتبەخش بن یان نا ، هەڵبەتە نابێت زوبانی گێڕانەوە جیابێت لەو بابەتەی کە ڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوە ، واتە نابێت جیابێ لەو بابەتەی کە لە وشەو پەیڤاندا بەرجەستە دەبێت . " "4" جا لە (کۆچی سوور) دا ڕەسەنایەتی شێوازی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆن بە هەر چوار نکالی خۆیدا کراوەتەوەو بە بەهاراتی پەند و قسەی نەستەق و تەنزامێزی تایبەتی میللی بارگاوی بە درکە و کینایەی کوردی و ناکوردی ڕازێنراوەتەوە، لەوانە"5" :

" بەکەر ناوێرێ بە کورتان ڕەپەڕەپیەتی / گەورە ئاو دەرێژێ و گچکە پێی لێدەخات / شەو چەند درێژ بێت ڕۆژی لە دوایە / بەرخی نێر بۆ سەربڕینە نەك بۆ دۆشین../ ئەقڵ نە باشە گیان دەر عەزابە / لە ئاوی خوڕ مەترسە لە ئاوی مەنگ بترسە / لە ناو دەخۆی و لە پەڕ دەخەوی.. / مردن مردنە لەقەفرتێی بۆ چییە؟ / ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ / ئاگرە گڕەی خۆمانە نایدەین بە کچە بێگانە / ئاگر میوەی زستانە ساوەر ئالیکی مێردانە / کاروانێ بێنن خەمانم باربکا وای لە من../ حاجی لەقلەق فەقیرە بەڵام مار دەخوات /... ئەسکوێی حەوت مەنجەڵانە / هەر تاڵێکی ڕدێنی هەزار ئۆینی پێوە ئاوێزانە! /

لە شێوازی نووسەردا چەند (پاشبەندێك ) دووبارە دەکرێتەوە کە گوڕ و تین و تاوێکی زیاتر بە پرۆسەی گێڕانەوەکاری ڕۆمانەکە دەبەخشێت و یەکێتیی فۆرمی ڕۆمانەکە سفتتر دەکات و دینامیکیەتێکی زیاتر بە تۆنی ڕۆمانەکە دەدات، لەوانە :

" ئا لێرەدا، لە پاینی ئەم دۆڵەدا، ئێستاش پێوەری سەرەکی وەخت هەتاوە : بەیانی ، نیوەڕۆ، ئێواری.." / " ها، یانی دەسکە گوڵەکەی تۆ! وەڵڵا خەلیفە دڵنیابە کاروانێ نەزان و نەفام بەرێوەی بەرێت، بە سەد زاناو فامیدە ناهێنرێتەوە سەر ڕێگا. کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە." / " پێشمەرگە ئەو کەسەیە لە ناخا شۆرشێکی بەرپاکردبێت.بە کورتی پێشمەرگایەتی پوختەو کاکڵەی شۆرشە. شۆرشیش گۆڕانە.. گۆرینی هەموو مەیدانەکانی ژیان..." / " پێشمەرگایەتی ئەشقێکی رووتی بێ ڕیبایە.." / " قازانجی حیزب لە سەروو هەموو شتێکەوەیە، هەر کەسێ دڵسۆز بێ دەبێ ملکەچی تەواوی بڕیارەکانی حیزب بێت.. ئێمە لە پێناوی پاراستنی حیزبدا تەنانەت ئەندامانی خۆیشمان دەکوژین. ڕێکخستنی پۆڵایین ئەمەی دەوێ! ئا دەیکوژین و پاشان لەبەرچاو خەڵکی فرمێسکی بۆ دەرێژین.../ " قەتارێ بێنن ڕۆڵە ڕۆ خەمانم بارکا../ " لە هەر شوێنێ زوڵم هەبێت، پێشمەرگەش دەبێ. "

( کۆچی سوور ) لە پاچڤە عەرەبییەکەیدا، بریتییە لە نزیکەی (15210) وشە. یانی نۆڤێلا (کورتە ڕۆمانە) بەڵام هەموو دەزانین کە بایەخی ئەدەبی، بە درێژی یان کورتی ڕۆمانەکە نییە. یانی بە زۆری یان کەمی لاپەرەی ڕۆمانەکە پێوانە ناکرێت. میتا مۆرفۆس ( بەد گۆران ) کە کورتترین ڕۆمانی کافکایە، پێگەیەکی گرینگتر لە کۆشکەکەی هەیە کە درێژترین ڕۆمانیەتی"6" . ( کۆچی سوور) ئەوەندەی بەسە کە ڕۆمانێکی سەدی سەد کوردییە، سەدان هەزار کەسی وەکو کاراکتەرەکانی کۆچی سوور لە نێوماندا دەژین، هەزاران ڕووداوی وەکو ڕووداوەکانی ناو کۆچی

سوور لە کوردستاندا روویان داوەو تا ئەمڕۆش روودەدەن، جا لێرەوەو بۆ ڕەواندنەوەی هەر ئاڵۆزی و گۆنگییەك، دەمەوێ گەشتێکی خێرا بە رۆمانەکەدا بکەم کە هیوادارم ببێتە مایەی روونکردنەوەی رەوتی رووداوەکانی رۆمانەکە:

لە فەسڵی یەکەمدا کە بریتییە لە (213) وشە، مستۆ لە رێگەی مەنەلۆگەوە، رووداوەکانی نێوان خۆی و باوکی، کاتێ کە پێی دەڵێت بە نیازە بداتە چیاو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات، دووبارە دەگێڕێتەوەو وەبیریان دێنێتەوە. پاشان سەرەداوی گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەستی ( گوتیاری گۆنگ ) تا گفتوگۆو ماجەراکانی نێوان داك و بابی مستۆ بگێرێتەوە..

لە فەسڵی دووەمدا کە (2181وشەیە) گوتیاری گۆنگ بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی ئەو شتانەدا کە لە نێوان داك و بابی مستۆدا روو دەدات و چۆن باوکی لێدەبڕێ حاشای لێبکات، ئەوسا سادق بە خۆی ئەرکی گێڕانەوەکە لە ئەستۆ دەگرێت و لە رێگای فلاشباکەوە ساڵانی رابردوو وەبیردێنێتەوە ، خەونە پڕدەلالەت و رەمزامێزەکەی (ئاتە ) ی خێزانی دەگێرێتەوە، کاتێ کە مستۆ منداڵ بوو، وچۆن دوابە دوای ئەو خەونە سادق دەستگیر دەکرێت و لە لایەن پیاوانی ئەمنی عێراقییەوە ئەشکەنجە دەدرێت و تاقیقی دەگەڵ دەکرێت، و سەرباری هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی ، قارەمانانە خۆی ڕادەگرێت و دان بە هیچ شتێکدا نانێت و هیچ نهێنییەك نادرکێنێت. ئەوەی لەم فەسڵەدا مایەی سەرنجە ئەوەیە کە سادق دۆغری بەسەرهاتەکانی خۆی، بە تایبەتی لە رووداوی دەستگیرکردنەکەیدا لە رێگەی مەنەلۆگی استرجاعی یەوەو بە شێوەی ( ئیلتیفات= تیل نیگا ) دەگێڕێتەوە. واتە بە ڕاناوی دووەم کەس (تۆ ) خودی خۆی ( من ) دەدوێنێت، کە ئەم شێوەیە بە درێژایی رۆمانەکە لە گەڵیا (سادق دۆغری) دێت.

نووسەر توانیویەتی وێنەیەکی ئەفسووناوی خەونەکەی ئاتەی دایکی مستۆ و دیمەنەکانی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان بە هەموو شێوازەکانی تەماح خستنە بەر و هەڕەشەکردنەوە، هەروەها وێنەی دیمەنی خەوبینین بە جوانووەکەوە دوای ئەشکەنجەدان لە ماوەی دەستگیرکرنەکەدا، بە دەستەوە بدات و بەرجەستە بکات.

سادق دۆغری کە رووداوی دەسگیرکردنەکەی سەردەمی لاویی خۆی وەبیردێنێتەوە لە رووی سایکۆلۆژی و فیکرییەوە لە هەڵوێستە نەرێنییەکەی خۆی سەبارەت بە چوونە شاخی مستۆی کوڕی ژێوان دەبێتەوە : " نا،نا بۆ حاشای لێبکەم؟! بۆ بە کوڕی خۆمی حسێب نەکەم...چما نازانی کوڕەکەی تۆ ڕۆڵەی گەلی بندەستە! ئەدی نازانی رۆڵەی گەلی بندەست مەحکوومە بە پێشمەرگایەتی!...بریا زمانم بە برِین چووبا و ئەو قسەیەم نەکردبایە..." بەوجۆرە دەبینین مل بۆ بڕیارەکەی مستۆی کوڕی دەدات . هەڵبەتە نابێ ئەوەش لە یادبکرێ کە مکووڕبوونی مستۆش کاریگەریی لە سەر هەڵوێستی باوکی (سادق دۆغری ) هەبووە.

لە فەسڵی سێیەمدا کە :( 2305 وشەیە ) مستۆ ( دوای ئەوەی دەبێ بە پێشمەرگە ) بە شێوەی ئیلتیفات ( تیل نیگا ) ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن دەمەو ئێوارانێکی درەنگ وەخت خۆی بە

گونـدێکی رزگـارکراودا دەکـات تـا شـەوێك لەوێنـدەر بحەوێتـەوە ، دەگاتـە قـەراخ ئاواییەکـە کـە دیمـەنێکی پانۆرامـایی هەیـە ، تەداعیاتـە دەروونـی و زەینییـەکانی ئاوێتـەی ئـەو دیمەنـە دەبـن ، ولەوێنـدەرەوە یـەکێك لـە دیمەنـە گرینگـەکانی ژیـانی رۆژانـەی خـەڵکی گوندەکـەمان لەبەرچـاو بەرجەستە دەبێت ، کە بریتییە لە دیمەنەکانی کانی و سەرچاوەی گوندەکە کە ژنان و کچانی گوندەکە بۆ ئاو هاتووچۆی دەکەن...و مستۆ دیالۆگێکی گشتی ( کە ڕستەو دەستەواژەکانی زیرەکانە هەڵبـژێردراون ) نێوان ژنانی سـەر کانییەکـە دەگوازێتـەوەو زۆر راشـکاوانە و بوێرانـە پـەردە لەسـەر هەنـدێ لـە شـتە پەردەپۆشـکراوەکانی ئـەو گونـدە وەکـو نموونەیـەکی بچـکۆلەی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵدەماڵێت : " زەڵەی منداڵ و چەقەچەقی ژنان ، تەقەی تەنەکەو بەرمیل ، شڵپەی گلاوکوتك ، شەڕە جنێو ونۆبەبڕی، تریقەی کۆرپە کچ و حیلکەی قەیرەکیژ، لاقرتێ و شۆخی ژنان ، تووك و نەفرینی ژنانی لە مێرد نارازی، وڕوکاست دەکەن...

- ڕەبی کوێرەوە بێ.
- دەمت بشکێ.
- کچی فاتە لەنجە حەیشی لەبەر هەڵگیراوە.
- تاوی بەری داویە لەسەری.
- خەنی لە خۆت مینا خێل.
- مەلەکێ چاك دەستت لەگەڵ ئەحۆلدا تێکەڵ کردووە.
- بە کوێرایی چاوی ناحەز.
- بە براژنم بی یاخوا.
- توخوا رێم بکەن پەلەمە.
- راستەکات کەڵەگاکەی هاتووەتەوە.
- خۆزەم بە خۆی!.
- کوێر بی ،بۆ دەستت تێخست، نازانی بۆ وسڵ دەرکردنمە.
- منیش دڵم خۆشە مێردم هەیە، رەبی لەشی ساغی سێبەڕۆ بێ.
- بڵێ کۆنە قەڵتاغ تۆ تازە چیت لە چیا ماوە!..

ئەوسا مستۆ ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن وەکو میوانی ناوەخت لـە ماڵی میرزا سمایل دامـەزراوەو، چـۆن کەوتوونەتــە بــاس و خواســی پێشــمەرگەو پێشــمەرگایەتی لــە لایــەك و چ گەنگەشــە و موناقەشەیەك لە نێوان خەلیفە خدر و میرزا سمایل دا دەربارەی کاروانەکە روویداوە. ئیدی ئەم فەسڵە بەوە تەواو دەبێت کە مستۆ درەنگە شـەوانێك لـە ماڵی میرزا هەڵدەستێ، تا بڕوات وەکو پێشمەرگەکانی دی لە مزگەوت بخەوێ و رۆژبکاتەوە. هەڵبەتە ئەمە حاڵەتێکی باو بوو لـە گونـدە رزگارکراوەکانی کوردستان.

لە فەسڵی چوارەمدا کە ( 1712 وشەیە ) گوتیاری گۆنگ ، دەست بە گێڕانـەوەی کول و کۆڤان و خەم و پەژارەکانی سادق دۆغری دەکات ،نیگـەرانی ئەوەیە کە مستۆی کوڕی هێشتا منداڵـەو رەنگـە بـاری سـەخت و دژواری پێشـمەرگایەتی نـەبات، خـەمی ئەوەشـیەتی کـە ماوەیەکـە هـیچ

هەواڵێکی نییە. ئەوجا سادق بە خۆی ئەرکی گێڕانەوەکە دەستۆ دەگرێت، بە شێوەی تیل نیگا (ئیلتیفات ) و لـە میانـەی فلاشـباکەوە، حیکایـەتی زەماوەنـدی خـۆی ، کـاتێ کـە لـە لاویـدا پێشمەرگە بووە، دەگەڵ ئاتەدا وەبیر دێنێتەوەو لە خەیاڵی خۆیدا زندووی دەکاتەوە. هەڵبەتە ئەمـە چـیرۆکێکی زۆر دڵگـیر و جوانـە و گـەلێك لـە داب و نـەریتی زەماوەنـد لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریدا ( بە تایبەتی کۆمەڵگەی دێهاتی ) بە خوێنەر نیشاندەدات. دوای وەبیرهێنانەوەی یادگاری زەماوەندەکە، دەگەڵ ئاتەدا دێتە سەر باسی مستۆ و شەوی زەماوەندەکەی خۆیان وەبیر ئاتە دێنێتەوەو ئاتەش پێی دەڵێت : " دەی باشە لەبەر خاتری ئەو شەوە سەرێکی مستۆ بدە. " سادق قاییل دەبێت : " ... لە سبەی زووتر نییە دەچم بۆ لای.."

لە فەسڵی پێنجەمدا کە ( 2041 وشەیە ) مستۆ ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن ئەو پەتۆیەی کە دوێ شەو بە ئەمانەت لە ماڵی میرزا سمایل وەری گرتبوو، دەگەڵ ئەو پریاسکە پارەیەدا کە لە تویێ پەتۆکەدا دۆزی بوویەوە، بۆ ماڵی میرزا دەباتەوەو چۆن سەباوی ژنی میرزا دەستخۆشی لێدەکات و ستایشی خەسڵەتی پێشمەرگانەی دەکات. و مستۆ پاش قاوەڵتی دەکەوێتە ڕێ و بە دەم ڕێگاوە خۆی دەدوێنێ : " نا. نا هێشتا باشم ، بۆنی چڵکاوم نەگرتووە." بە دەم خەیاڵەوە ماجەرای یەکێك لە و شەڕە قورسانەی بیردەکەوێتەوە کە پێشمەرگەی تیا شکاوە و چۆن هەندێ پێشمەرگە ماڵەکەی (ئومێد ) ی دۆستی نزیکی هێزی پێشمەرگە، تالآن دەکەن، گسکی لێدەدەن، و چۆن ئومێد سکالاَ دەباتە لای بەرپرسێك بە ناوی ( سەربەست ) کە زۆر بە بێ نەزاکەتی وەلاَمی دەداتەوە : " پێت دەڵێم بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە، ئەگینا یا دەتتۆپێنم، یان شەهیدم دەکەی!!."

ئەمە لە ڕۆمانەکەدا یەکەمین ڕوو بە ڕووبوونەوە و پێکا هەڵشاخینی نێوان کەسایەتیانی پاك و گەندەڵە لە ناو بزاڤی چەکداریی کوردایەتیدا.

لـەم فەسـڵەدا، و لـە میانـەی مەنـەلۆگێکی دوور و درێـژی مسـتۆ وە، یـەکێك لـە بەرپرسـە هـەرە گەندەڵـەکان دەناسـین کـە ئـەویش خولـە قووچـی بیژییـە کـە بـێ چـەند و چـوون، دوور لـە هـەر ئینسـاف و ویـژدانێك بـاوەڕی بـە پرەنسـیپی ( لـە ڕای مەبەسـت گشـت ناڕەوایـەك ،ڕەوایـە.) هەیە.هەنجەت و بیانووشی گوایە دڵسۆزییە بۆ حیزب و گەل و نیشتمان : " قازانجی حیزب لە سەروو هەموو شتێکەوەیە، هەر کەسێك دڵسۆز بێ ، دەبێ ملکەچی تەواوی بڕیارەکانی حیزب بێت.. ئێمە لە پێناوی پاراستنی ڕیزەکانی حیزبدا تەنانەت ئەندامانی خۆیشمان دەکوژین. ڕێکخستنی پۆلاَیین ئەمەی دەوێ! ئا دەیکوژین و پاشان لەبەرچاوی خەڵکی فرمێسکی بۆ دەڕێژین.." پاشان بۆمان دەردەکەوێ کە بە پیلان و فیت و تەگبیری ئەو، سیابەندی پێشمەرگەو پاشتر مستۆ دەکوژرێن. دوایی مستۆ، سەرگورووشتەی سیابەند ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو شتانەی کە بابی بۆی گێڕاوەتەوە، دەگێڕێتەوە.

لـە فەسـڵی شەشـەمدا کـە ( 725 وشـەیە ) : گوتیـاری گـۆنگ (ملتـبس) جڵـەوی گێڕانەوەکـە دەگرێتە دەست ، زیاتر خولە قووچ، بەرپرسی تاوانبارو ، پیاوەکانی و دەستوپێوەندە بودەڵەو ریاکارەکانی، و پەیوەندییە سێکسییەکانی دەگەڵ ( پەروانـە ) ی خوشـکی ( دلێـر ) ی گـەوادی

نزيك له خوله قووچ، دەناسێنێ. پاشان هێڵە گشتییەکانی ئۆین و پیلانەکەیان دژی سیابەند، کە دژی گەندەڵییەکانی ئەوان دەوەستێتەوە، دەردەکەوێت.

لە فەسڵی حەوتەمدا کە (3004 وشەیە ) : گوتیاری گۆنگ، دیمەنی گوندە رزگارکراوەکە و هۆی ناتەبایی و دردۆنگی بەردەوامی نێوان خاڵە عەزەو خەلیفە خدر وەسف دەکات و ، گوتیار لە میانەی (خەلیفە خدرەوە) مەینەتی کاروانە سەرگەردان و وێڵەکە و، هەوڵی بێهودەی دۆزینەوەی کاروانەکە باسدەکات، و لە ئەنجامدا دروستی بۆچوونەکەی خاڵە عەزەو نابەجایی هەڵبژاردنی سەرکاروان لە لایەن خەلیفە خدرەوە دەردەکەوێت.لە کۆتایی ئەم فەسڵەدا جەمالی خورت ولاو کە لە پێش تاقیبکەرەکانەوە دەرۆیی، هەڵدەداتێ و دان بە حەقیقەتە تاڵەکەدا دەنێت، و هەڵوێستی خۆی یەکلایی دەکاتەوە : " لەپڕ وەستا، رووی کردە زەلامەکان، خوێنی هاتە جۆش، گیانی کەوتە لەرزین. بە دەنگێکی نێر گوتی :

- کورینە ئەم کاروانەشمان فت..

هەموو تێکڕا وتیان:

- فت.
- خۆ ئێمە بێ کاروان هەڵناکەین .
- هەڵناکەین..ناژین...
- وەرن مەردی خوابن ،لەمەو دوا بە دەهۆڵ و زوڕنای هەر کەس و ناکەسێك هەڵنەپەڕین.. با لەمەو دوا خۆمان بناسین . ئازایەتی ئەوەیە بزانی چیت لە باردایە ، چیت لە دەست دێت ، نەك دەستخەڕۆی حەز و خۆزگە بیت. سوارێ سوار نەبێ هەر بارە بەسەر ئەسپەوە. سەرکاروانێکیش سەرکاروان نەبێت، دەبێتە باعیسی تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی.. کەری دێزە!..

لە فەسڵی هەشتەمدا کە ( 611 وشەیە ) : گوتیاری گۆنگ دەقی ئەو نامە پیلانگێڕییەمان بۆ کەشف دەکات کە سەلامی جاسووس ، پیاوی خولە قووچ دژی سیابەندی پێشمەرگەی راستەقینە دایڕشتووەو ، نامەکە دەقی گفتوگۆکەی نێوانیانی لە خۆگرتووەو ، لە دەقی گفتوگۆیەکانەوە ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێ کە سیابەند کەسێکی رۆشنبیرەو لەبەر رۆشنایی و لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزمدا هەڵوێستی خۆی وەرگرتووە.

لە فەسڵی نۆیەمدا کە ( 1909 وشەیە ) : مستۆ دیمەنی مێرەمی کۆستکەوتەی بابان وێرانی دلبرینی، جەرگ سووتاوی دەوراندیدەی دایکی سیابەند دێنێتەوە بەرچاوی خۆی ،لەپڕ فیڕەی شاورێك وەئاگای دێنێتەوە ، دەبێ فریابکەوێ و بگاتە پێشمەرگەکانی دی تا بچنە هانا و هیمدادی ئەو هاورێیانەیانەوە کە بەرەنگاری هێرشێکی سوپای عێراقی و جاشی کورد ، بوونەتەوە.. مستۆ بەدەم رێگاوە ، لە میانەی مەنەلۆگێکی دوور و درێژەوە چینە لە یادگە و یادگارەکانی خۆی دەکات و چۆنیەتی تیرۆرکردن و پاکتاوکردنەکەی سیابەند دەگێڕێتەوە ، بە دوور و درێژی چۆنیەتی رووداوەکە وەبیر دێنێتەوەو زۆرجار لەگەڵ ئیستای خۆیدا یەکانگیر دەبێتەوە..دڵی خەبەر دەدات کە بە هەمان مەرەد و چاەنووسی سیابەندی جوانە مەرگ دەچێت،

بە تایبەتی کە دلێری گەوادی ، پیاوی هەرە دڵسۆزی، خولە قووچ کە تفەنگی بڕنەوی هەڵگرتووە ، تا لەشەڕەکەدا دەگەڵ هێزی پاشینەدا بمێنێت ، بەڵام مستۆ کە کلاشنکۆفی پێیە ، دەبێ لە هێرشبەرانی ریزی پێشەوەدا بێت ، وبەراستی گومان و خەیاڵاتەکانی مستۆ دێنە دی، لە پشتەوە دەپێکرێت . پاش بەزینی دژمن و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ گوندەکە ، بە هۆی برینە سەختەکەیەوە لەبەر مزگەوتی گوندەکە و لە ناو بازنەی ئاپۆڕای خەڵکی گوند و پێشمەرگەدا کە خاڵە عەزەشیان دەگەڵ دەبێت، گیان دەسپێرێت و لە گۆڕستانی هەمان گوندا دەنێژرێ. لەم فەسڵەدا مستۆ دایکی بیردەکەوێتەوە کە دووگیانە.

لە فەسڵی دەیەم و کۆتاییدا ( 509 وشەیە ) : گوتیاری گۆنگ بە ئاماژەیەك ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە سادق دۆغری بابی مستۆ هاتووە تا ئێسك و پروسکەکەی مستۆ بەرێتەوەو لە گۆڕستانی شارەکەی خۆیاندا بە خاکی بسپێرێت و ، هەر زوو سادق دۆغری، لە قاڵبی تیل نیشاندا ، جڵەوی گێڕانەوەکە دەگرێتە دەست ، بۆمان روون دەبێتەوە کە مەبەستی راستەقینەی سادق دۆغری ئەوە بووە کە لە وەڵامی ئەم پرسیارە خەوزڕێنەی خۆی دڵنیا ببێت: باشە مستۆ لە پێشەوە پێکرابوو یان لە پشتەوە؟! جا بۆ دڵنیایی خۆی لەو دوو پێشمەرگەیەی هاوڕێی مستۆ، کە تا نزیکی شار لەگەڵی دەچن ، دەپرسێت: " تو ئەو خوایە پرسیارێکتان لێدەکەم ،ڕاست و دۆغری جوابم بدەنەوە..مستۆ کوڕێکی ترسنۆك بوو ؟!

– نەخێر ، نەوەڵڵا خودا قەبووڵ ناکات ، لە هەموو شەڕێکدا هەر قارەمان بوو ، لە پێشەوە بووە..بەڵام ئەم پرسیارە بۆ؟! "

هەناسەیەکی قوڵت هەڵکێشا: لە دواوە پێکراوە!!"

بەڵام مەسەلەی کوژرانی بە ناهەقی مستۆی جوانەمەرگ ناکاتە کۆتایی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە ،لەم فەسڵەدا بەردەوامی و نەپسانەوەی کاروانی ژیان و تێکۆشان بە تەواوەتی دەردەکەوێت . بە تایبەتی کاتێ کە ئاتەی دووگیان، دایکی مستۆ دوا خەونی خۆی کە پەیوەندی بە چارەنووسی مستۆوە هەیە ، دەگێڕێتەوەو داوا لە سادقی مێردی دەکات کە خێرێك قەرار بدات. هەنگێ سادق لێی دەپرسێت : " ئاتە ئەم کوڕەمان ناو بنەین چی ؟ "

ئاتە وەڵامی دەداتەوە : "با کاکە مستۆ ناوی لێبنێت ، بچۆ سەرێکی لێبدەو با ناوێکی خۆشیشمان بۆ بدۆزێتەوە.."

"... ئەمیشیان ناو بنێ مستۆ..."

وەکو لەو نمایشکردنە خێرایەی سەرێڕا دەرکەوت ، دەبینین چەند وردە چیرۆك و چیرۆکی لاوەکی ، بەو شێوەیەی کە یۆسا دەیشوبهێنێت بە (میکانۆی چینی ) و ماریوشکای(بوکەڵەبازی) روسی "7" لە چیرۆکە سەرەکیەکەوە لە دایکبوون ، واتە چیرۆکە سەرەکییەکە زاوزێ دەکات و وردە چیرۆکانی لێدەبێت و دیارترین نموونەی ئەمەش ( هەزار و یەك شەوەیە ). جا لە چوارچێوە گشتییەکەی ( کۆچی سوور )دا تووشی چیرۆك و بەسەرهاتی مستۆ ( کە هەرچەندە پانتاییەکی گەورەی نەگرتووەتەوە ، بەڵام چیرۆکی سەرەکییە ) دەبینین ، کە دەگەڵ چیرۆك و سەربهووردی سادقی باوکیدا تیکدەکەنەوەو یەکانگیر دەبن و یەکتر دەبڕن ، و پاشان چیرۆکی (کاروانەکە )و (

خولـه قـووچ ) و (سـيابەند )يشـى دەڕژێنـە سـەر ، و لـە زمـانـى مسـتۆو باوكييـەوە دەگێڕدرێنـەوە ،بەسەرهات و چيرۆكى مستۆ بـە دەستپێك و تـەوەرى رۆمانەكـەو چەقى گێڕانـەوەكارى رۆمانەكە دەژمێردرێـت ، و چـيرۆكى (كاروانەكـە ) لـە رووى بايەخـەوە دواى ئـەو دێـت كـە پەيوەنـدى ديـاليكتيكى و جـەدەلى دەگـەڵ چيرۆكە سـەرەكييەكەدا ، واتـە دەگـەڵ چيرۆك و بەسـەرهاتەكەى مسـتۆدا هەيـە. پاشـان چيرۆكى سيابەند دێت ، كـە هيچى لـە دوو چيرۆكەكەى دى كـەمتر نييـە ،هەرچەندە چيرۆكێكى لاوەكييە.

جێى خۆيەتى لێرەدا ئەم چەند رستەيە بە دەسكارييەوە لە وتارێكى "8" پێشووترى خۆمـەوە بگوازمەوە كە ڕادەى ( پابەندى خوديى ) حەمەكەريم عارفى ئەديب و پاچڤەوان لە بوارى چالاكى رۆشـنبيريى خۆيـدا ،چ لـە ئاسـتى چيرۆكنووسـين و چ لـە ئاسـتى نووسـينى وتـار و ليكۆڵينـەوەو پاچڤەدا دەنوێنێ : بەمجۆرە بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم ئەديبە هەم لە ئاستێن خودى و ئـەخلاقى ، هـەم لـە ئاسـتێن نەتـەوەيى و مرۆڤـانى تـا سـەر مـۆخ ، خـۆ بـە خـۆ و بـێ هـيچ وابەسـتەييەكى ئايدۆلۆژى تەسك ، كەسێكى پەيامدار و پابەندە ، رۆسـۆ وتـەنى : " ئەوانـەى زەنگـان لێدەدەن ، بەشدارى لە كاروان و كـەژاوەى ئاهـەنگ و كەڕنەڤاڵەكانـدا ناكـەن ! " ئەمـە جگـە لـەوەى كـە ئەگـەر شليگل واى بۆ چووبێت كـە : " مێـژوونووس پەيامبەرێكـە و دەڕوانێتـە رابـردوو. " ئـەوا ئـەديبى هونەرمەنـدى فليڤـان ، پەيامبەرێكـە دەروانێتـە ئاينـدەو لەوێنـدەرەوەش دەڕوانێتـە ئيسـتا ، واتـە بەپێچـەوانەى سياسـەتوانەوە كە زۆربـەى كـات خـۆى بـە ئيسـتاى سنووردارەوە بەستووەتەوە، و لێرەوە كێشەو گرفتى پەيوەندى نێوانيان هەڵدەقوڵێت و چێدەبێت.

جا لە (كۆچى سوور )دا يوسا گوتـەنى ئەو " نيگەرانييە بەدى دەكرێت كە ئەدەبى باش لـە دڵ و دەروونـانى دەخوڵقێنێـت سـەبارەت بـە روو بـە رووونـەوەى جيهـانى واقيعـى ، كـە دەشـێت لـە هەنـدێ هـەلو مـەرج و بـارو دۆخـى ديـاريكراودا بـە دژايـەتى دەسـەڵات و دام و دەزگاكـانى، يـان بيروبـاوەڕ و داب و نـەريتى بـاو لـە قەڵـەم بدرێت و بخوێنرێتـەوە . " ئەمـەش وامـان لێدەكات نـەك تەنيا هاودەنگ دەگەڵ فاسلاف هافل دا ئەوە بڵێين كە : " هەر كۆمەڵگەيـەك توانـاى (نـەء ) گـوتنى لە دەست دا، خەڵكەكەى دەبێت بە مێگەلە مەڕ. " بەڵكو ئەوەش بڵێين كە بێگومان ئەگەر ئەديبان و هونەرمەنـدان هـەر لايـەنى چاكەى سـەردەمى خۆيـان بەرجەسـتە بكـەن و خراپـەكانى پشـتگوێ بخەن، ئەوا گەورەترين خيانەت دەكەن ، وەكو چۆن لە سێبەر و سايەى سيستەمانى كۆمۆنيستى و سۆسياليسـتيدا ، كـاتێ رياكـارى و ريابـازى رۆشـنبيريى پـەرەى سـەند و بـاوى پەيـداكرد ، بەشدارييەكى گەورەى لە هەرەسهێنان و لـە گۆڕنـانى ئـەو سيستـەمەدا كرد و تـابووتى مـەرگيانى بزمار رێژ كرد...! كەواتـە ئـەركى بـەرو دواى ئـەديبان و هونەرمەنـدان تـەنيا و تـەنيا راستگۆييە ، لەسـەريانە پـەردەى پـيرۆزى و پيرۆزانـدن لـە رووى هـەموو نادروسـت و ناراسـتێك هـەڵماڵن و دابدڕن.واتە لامارتين نەهەقى نەبووە كە جارێك پڕ بەزار هاواريكردووە : " شەرمەزارييە مرۆڤ لـەو كاتەدا گۆرانى بچڕێت كە رۆما بە بەرچاوييەوە دەسووتێ . " هەر لەم روانگەيەشەوە گرينگى ئەم قسەيەى ماريو بارگاس يوسا دەردەكەوێت كە دەڵێت : "پيلانگێڕيـى ئـەركى هەميشـەيى ئەدەبە. "

حەمەکەریم عارفی چیرۆکنووس و پاچڤەوان و میدیاکار ئەم رۆمانەی بەر لەچارەکە سەدەیەك ، دەقاو دەق لە 1986/11دا بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە (نۆ ساڵی تەمەنی لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا بەسەر بردووە ) لە گوندی یاخسەمەری رزگارکراودا نووسیوە . بەلاّم بە نوسخەی زۆر کەم لە ساڵی 1988دا بلاّوکراوەتەوەو خێرا لە لایەن هەندێك لەسەرانی ئەوسای حیزبێکی کوردییەوە کە ئاوارەی شاری سەقزی کوردستانی ئێران بوون، فتوای سووتاندنی دەرچوو ، و لە خاڵی قاسمەرەشی نێوان سنووری عێراق و ئێران لە ناوچەی سەردەشت کۆکرایەوەو سووتێنرا.بەلاّم ویڕای ئەوەش لە ناو پێشمەرگەی رۆشنبیر و خوێنەواردا بایی خۆی بلاّوببووەوەو دەستاو دەستی کرد و زۆر باش دەنگی دایەوە. لە ساڵی 1987دا (بەر لەوەی بە کوردی بلاّوببێتەوە ) لە لایەن یەکێك لە رۆشنبیرانی بزوتنەوەی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە ، بە ناوی : ن. شایگان ،پاچڤەی فارسی کراو بە تیراژی زۆر کەم چاپ و بلاّوکرایەوە ، و لە ساڵی 1988دا لە لایەن ئەبو شەهابەوە، کە گەنجێکی خوێنەواری سەربەخۆی عەرەبی موسلاّوی بوو ، وپەیوەندی بە بزوتنەوەی چەکداریی کوردییەوە کردبوو ، وپاشان دوای ئەنفالەکانی 1988، رۆیی بۆ ئەوروپا، بۆ زمانی عەرەبی پاچڤە کراوە.چونکە ئەبوشەهاب وەکو پێویست دەسەلاّتی بەسەر زمانی ئەدەبی کوردیدا نەشکاوە، زیاتر پەنای بردووەتە بەر خودی نووسەر و پشتی بە هاوکاریی تەواوەتی ئەو بەستووە، ئیدی کارەکەی لە راستیدا دەکاتە نیمچە وەرگێران و دەستکارییەکی زۆری تیا کردووەو زۆر شتی پەڕاندووە ( بە ڕستە، دەستەواژە، پەر ەگراف و لاپەڕەی لێپەڕاندووە ) بەلاّم ویڕای ئەوەش بۆ ئەو رۆژگارە سەخت و دژوارە کارێکی پێشەنگ و ریسکامێز بووە، ئەمە جگە لەو پێشەکییە باشەی کە بۆی نووسیوە ، کە لێرەدا لەبەر بایەخە فیکرییەکەی ( هەڵبەتە دوای بژارکردنی ) خستوومەتە پاشکۆی رۆمانەکە .

( کۆچی سوور ) تا ئیستا سێ جار چاپکراوە و لە بەرگی پشتەوەی ئەمە نووسراوە : " کۆچی سوور ، کەشفێکی پێشوەختەو هونەریانەی سەردەمی خۆیەتی، هاوارێك بوو، بانگەوازێك بوو، گوتارێك بوو تا ئەو بارودۆخ و پێکهاتەیەی دەسەلاّتی چەکداریی ئەو قۆناغە بێتە گۆڕین. مستۆ ، کاراکتەرێکی چەند رەهەندییە، چەندین مستۆ هەن، یەکێك کە میرزا دەبینیٚ، یەکێك کە خولە قووچ دەبینیٚ، یەکێك کەئەوانی دی دەبینیٚ. بۆیە لە کۆی ئەوانەوە مستۆیەکی چەند رەهەندی لە خەیاڵدانی خوێنەردا پەیدا دەبیٚ. کاراکتەرەکانی دیکەی کۆچی سوور، لە رێگەی خەڵکانی ترەوە هونەرییەت پەیدا دەکەن و دێنە ناسین و لە خەیاڵ و هزری خوێنەردا بەرجەستە دەبن." "9"

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بۆ رۆمانی (سەگوەڕ)ی ئەدیبی گەورەی کورد ،محەمەد موکری بکرێت کە ئەویش لە چیا و لە سەرەتاکانی هەشتایەکاندا بلاّوبووەوە، کە ئەویش هاوشێوەی کۆچی سوورە لە واری رەخنەگرتن لە سەلبیاتەکانی بزوتنەوەی چەکداریی کورد و پەردە هەڵماڵینی ئازایانە لە رووی شتە پەنهان و دیزە بە دەرخۆنە کراوەکان، کە ئەویش زۆربەی سەرانی سیاسی و رۆشنبیرانی قەڵس و توڕەکرد، بە رادەیەك کە سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، جەلال تاڵەبانی بە خۆی کەوتە ناوبژی و پێشەکییەکی بۆ چاپی دووەمی نووسی.

بەهەرحاڵ ئەوەی کە لە سەرێرا لەمەڕ کۆچی سوور گوترا هیچ سەیر نییە، چونکە کۆچی سوور بەو ناوەرۆکە بوێرانەیەو بەو بونیادە هونەرییە بەرزەیەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە چیرۆکنووسی گەورە، حەمەکەریم عار ف، لە مەیدانی رۆمانی کوردی ( هونەری ) دا پێشڕەوە، وەختێ کە ئەو کۆچی سووری نووسیوەو بلأوی کردووەتەوە و پاچڤەی عەرەبی و فارسی کراوە، هێشتا رۆمانی کوردی ( هونەری) لە هەموو کوردستاندا لە گاگۆڵکێدا بووە، وژمارەی رۆمانی کوردی لە ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست تێنەپەڕیووەو بەم پێیە کۆچی سوور بە یەکێك لە رۆمانە پێشەنگەکانی مێژووی رۆمانی هونەریی کوردی دەژمێردرێت، کە ماك و بنەما و سەرەتاکانی بۆ دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەڵبەتە رۆمانی کوردی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، و لە جەرگەی دەرهاویشتە و گۆڕانکاریە رامیاری و جڤاکی و کەلتووری و رۆشنبیرییە بەرچاو و دیارەکاندا، لە رووی ( چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە) بزوتنەوەیەکی گەورەی بە خۆوە دیت.

لە کۆتاییدا زۆر بە داخەوە دەیڵێم کە لاوازی حوزور و ئامادەگی رەخنەی ئەدەبی راستەقینە لە مەیدانی رۆشنبیریی هاوچەرخی کوردستاندا، بووەتە مایەی ئەوەی کە گەلێك لە دەسکەوتە رۆشنبیرییە فلیڤانییەکان، بکەونە نەدیوی و بە نەهەق پەردەپۆش بکرێن، و گەشترین نموونەش بۆ ئەم گوتەیەمان کارە زۆر و زەبەند و نەوعییەکانی نووسەر و وەرگێڕی گەورە حەمەکەریم عارفە. کە کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لە دایکبووە، بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەیە، ولە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبییەوە، بەرهەمان بۆ کوردی پاچڤە دەکات. یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی دنیای رۆشنبیریی ئەمرۆی کوردستان، و پتر لە سەد(100) کتێبی، چ نووسین و چ ئامادەکردن و چ پاچڤە، پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. پێنج کۆمەڵە چیرۆکی خۆی هەیە لەگەڵ رۆمانی کۆچی سووردا، هەندێ لە پاچڤەکانی ئەمانەن: (نینا، رۆمانی سابت رەحمان / نامۆ، رۆمانی ئەلبیر کامۆ/ قوربانی، رۆمانی هیرب میدۆ/ دوورە وڵات، رۆمانی ع. ڤاسمۆف/ ئازادی یا مەرگ، رۆمانی نیکۆس کازانتزاکیس/ چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی/ چیرۆکەکانی یەلماز گونای/ هاوماڵەکان، رۆمانی ئەحمەد مەحموود / ئیلیادەو ئۆدیسە، هۆمیرۆس/ ڤان کوخ، باول ئایزلر/ جولەکەی ماڵتا، کریستۆفەر مالرۆ/ ریچاردی سێیەم، شەکسپیر/ بێناسنامەکان، رۆمانی عەزیز نەسین/ جەمیلە، رۆمانی ئایتماتۆف / باڵندەکەی من، رۆمانی فەریبا وەفی/ گێڕانەوە، رۆمانی بزورگی عەلەوی/ هەژاان، رۆمانی دوستۆیفسکی/ مەسەلەی کورد لە عێراقا، عەزیز شەریف/ مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا/ لە مهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی ئاراس، نجف قولی پسیان/ کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، کریس کۆچرا/ کورد، گەلی غەدرلێکراوی لەخشتەبراو، گوینتەر دیشنەر/ مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، سێ بەرگ/ مێژووی ئەدەبیای روسی، سعیدنفیسی/ قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی/ ریالزم و دژە ریالزم لە ئەدەبیاتدا، سیرۆس پرهام...و زۆری دیکەش..وپێشتر کۆچیرۆکێکیم بە ناوی (ظل الصوت وقصص اخری) وەرگێڕاوە کە لە ساڵی 2005دا چاپ و بلأو بووەتەوە. هەروەها شەرەفمەندی کردووم بەوەی کە لە راستکردنەوەو

هەڵەبڕی فەرهەنگە پێشەنگ و گەورەکەیدا، فەرهەنگی گۆڤەند وزنار/ فارسی– کوردی/ 1200 لاپەڕەی گەورەیە و لە ساڵی 2006دا چاپ و بڵاوبووەتەوە، یارمەتیم داوە و پێشەکیم بۆ نووسیوە..

***پەراوێزەکان:***

1- القصة العربية والحداثة/ د. صبري حافظ *1990*/بغداد ص*188*
2- رسائل الى روائي شاب/ ماريو بارغاس يوسا/ ترجمة صالح علماني/ *2005* دارالمدى للثقافة والنشر/ ص*45*
3- المعجم الادبي/ جبور عبدالنور/ *1979* بيروت/ص*91*
4- رسائل الى روائي شاب/...ص*33*
5- الجمل والعبارات والفقرات المستشهد بها مقتطفة من شتى صفحات رواية ( الرحيل الدامي) في ترجمتها العربية ( ج.ز)
6- وهنا تجدر الاشارة ايضا الى الروايات القصيرة المهمة الاتية على سبيل المثال، لا الحصر : الامير الصغير، انطوان دي سانت اكسوبري/ ت: يوسف عضوب/ الجلد،كورزيو مالابارتة، ت: صلاح عبدالصبور/ الصوت، غابريل اوكارا: نزار مروة/ صاحب الفخامة الديناصور، خوزية كاردوسو بيريس، ت: فاضل العزاوي / النورس، ريتشارد باخ، ت: عزة كبة / الامير احتجاب، هوشنط طلشيري، ت: سليم عبدالامير حمدان/ وتلك الرائحة، صنع اللة ابراهيم.
7- رسائل الى روائي شاب/...ص*99*
8- ظل الصوت وقصص اخرى، حمەکريم عرف/ تقديم وترجمة: جلال زنطابادي/ موسسة الشفق- كركوك *2005*/ ص*6*
9- ***کۆچی سوور، حەمەکەریم عارف/ چ سێیەم 2007/ لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان- سلێمانی***

- کوڕم تۆ هێشتا بۆنی شیری خاوت لە دەم دێ. تۆو ئەو مەیدانە کوجا مەرحەبا! پەلە مەکە، دنیا زۆری بە بەرەوەیە، کەسێ نەمرێ نۆرەی تۆش دێت، کوڕاو کوڕی تۆش....

هەرچەند ئەو قسانەی بابی بیر دەکەوتنەوە، هەستی دەکرد غیرەت و پیاوەتی زەدەدار دەکرێ، بۆیە پتر سوور دەبوو لەسەر ئەوەی پیاوەتیی و غیرەتی خۆی بۆ بابی و هەموو بابێکی خۆی گوتەنی: ترسنۆك بسەلمێنێ.

"منداڵی! منداڵی،" لێگرتوومەتەوە وا دەزانێ هێشتا لە مەمکان نەبڕاومەتەوە. دەبێ کارێ بکەم لە ئەقڵی کەسدا نەبێ، هەر کەسەو داستانێکم بۆ هەڵبەستێ.

- ئەو بستە منداڵە؟
- غیرەت و پیاوەتی بە گەورەیی و بچووکی نییە.
- سادق دۆغری و شتی وای لێبکەوێتەوە!...
- ماشەڵڵا لە کاری تۆ خوایە!
- جا باوکم سادق دۆغری چیەتی! پیاوێکە چۆن بتەوێ..

لەو رۆژەوە کە گرێی دڵی بۆ بابی کردەوە، مەسەلەی چوونە دەرێی لەلا درکاند. ئیدی بابی خیشی کرد، چارەی بە یەکادا، غەنزری، بە غەزەبەوە تەماشای دەکرد و بیانگەی بە دایکی دەگرت.

- کەسێ بە شیری تۆ گۆش کرابێ، زەحمەتە خیرەوەدا... دێڵە قۆڕی شیر سەگ..
- بێ بەلا بی پیاوەکە، تۆش بە کەر ناوێری و...
- دە فڵتە فڵت چەتیو، بە کەل ناوێلی...
- ئەدی چییە، گەورە ئاو دەرێژێ و گچکە پێی لێدەخا. خۆت کەمت کرد، کەم تا بەرەبەیانان لەبەر دەرگا چاوەڕوانم کردووی. تۆکێکی پێم بە رێی زیندانەوە رۆیی.

((2))

هەستا تا بەر دەرگای حەوشە ڕۆیی، دەستێکی بە بەڕکەکەی بەر باخەڵیدا کرد. هەڵوێستەیەکی کردو هەر لەبەر دەرگاوە گازی کرد:

- ئاتە، هۆ ئاتە... ئەو جزدانەم بۆ بێنە. لە ژێر سەرینەکەمە.

ئاتە چاوێکی بە منداڵەکاندا گێڕا، بەپەلە جزدانەکەی برد، بزەیەکی شیرینی بە رووی شووەکەیدا دا:

- بەم دەمەو ئێوارەیە بۆ کوێ دەچی پیاوەکە! ماتەڵ مەبە، حەمامم داخستووە.

سادق پیاوێکی کەڵەگەتی داڵە گۆشت بوو. خاڵێکی درشت لەسەر روومەتی بوو. چاوەکانی درشت و برۆکانی چڕو پەیوەست بوون. تاکو تەرا داوی سپی کەوتبوونە قژی لۆش لۆش بەرەو بازاڕ شۆڕ بووەوە، قسەکانی دوێنێی خۆی لە گوێیدا دەزرنگانەوە.

- حاشات لێدەکەم، بە کوڕی خۆمت حسێب ناکەم. ئاخر هەی خوا نەناس من کۆشێ خێزانم بەملەوەیە، کەی ڕەوای هەقە لەسەر تۆ...

لەگەڵ داکشانی هەتاودا. مەلی بیری ئەمیش هەڵ دەفڕی، بەرز دبووەوەو لەسەر ڕابردو لەنگەری دەگرت..

هەموو وەختیٚ، وەختی خوایە. دەمەو ئێوارانیٚ بوو ئەم حەلانە، ئەوساکە ئاتە واتیک نەقوپا بوو، سرك و چوست و چالاك دەتوت كارمامزی گەرمیانە. ورینجە ورینجی قەف بسکە قەترانییەکەی شەڕی بە ئاوێنەی ڕووی دەفرۆشت. چەندی دڵ بە ماڵ و حاڵەکەی خۆش بوو، بەردەوام خەونی دەبینی. بەیانیان لەسەر قاوەڵتی، بە دەم چا تێکردنەوە، بە نازەوە سەرێکی هەڵدەبڕی و دەیگوت: پیاوەکە خێریٚ قەرار بدە.

– دیسان خەونە ؟

چاوە مەیلەو سەوزەکانی هەڵدەبڕی، سەری زمانی بە لێوە تورتەکانیا دەهێنا:

– ڕاوەستە با بۆتی بگێڕمەوە: خوایە گیان دەغیلت بم، خوا بە خێری بگێڕیٚ لە خەوما پێکەوە چووبووینە گویٚ چەمی.. ئاوێکی ساف و ڕۆشن خوڕە خوڕ دادەکشا، وردە شەپۆل وەکو منداڵ بە خنە خن بەرەو کەنارەکە دەهات و لەوێدا دەتوایەوە، وردە شەپۆلی دیکە شوێنیان دەگرتەوە. تۆش سەیرێکی ئەملاو ئەولات کرد، لێم نزیك بویتەوەو دەمت هێنا... ئەوجا گوتت: ئاتە ژیانیش هەروایە، دەقاو دەق نێوان دوو کەنارە! منیش لێت حاڵی نەدەبووم. تورە بویت و بە توندی دەستمت گرت و چووینە ناو چۆمەکەوە.. زیخ و چەوی ژێر ئاوەکە وەکو پولەکەی سوخمەی تازە بووك دەورینجانەوە... ورینجانەوەیەکی فێنك! لە پڕ قیژاندم و بەرەو دوا گەڕامەوە. تۆش لە ئاوەکەدا مایتەوە و قاقا بەمن پێدەکەنیت. لە پڕ ئاوەکە لێڵ بوو، لافاو هەستا هاوارم لێکردیت: فریای خۆت بکەوە... تۆش پەشۆکایت و لە تاوا خۆت گەیاندە کەنارەکەی ئەوبەر... ئیدی لە واقە واقی مستۆ خەبەرم بووەوە.

– خێرەبیٚ ئیشاڵڵا.. چەتیو ئەوەندە بە خەیاڵەوە دەنووی...

...وا دەزانیت ئێستایە. هەروا چەند ڕۆژێك پاش ئەو خەونەی ئاتە، ئێوارەیەك ئەم حەلانە سیٚ – چوار لۆزەندەر، بێوەی لە دەرگا بدەن خۆیان بە ژووردا کرد. یەکێکیان گوتی:

– ئێرە ماڵی وەستا سادقە ؟

– فەرموو، بەڵیٚ !

– تۆی ؟

– بەڵیٚ .

– خێرا پێشمان بکەوە.

– ئاخر...

– ئاخرو ماخری ناویٚ، حورمەتی خۆت بگرەو بیٚ قڕەو بڕە پێشمان بکەوە.

ئاوڕێکی لە چەتەوڵە ئەسمەرەکەی تەنیشتیەوە دایەوە:

– خەڵەف کەلەپچەکە بکە دەستی...

بردیانیت، ئاتە کەوتە تووك کردن و قڕ ژنینەوە. دەرو دراوسێ لێی خڕ بوونەوە، بە خەیاڵ ئاگات لێبوو:

- دا وەشێی... چۆن لەبەر چاوی دوژمن دەگریت!
- سەبرت بێ کیژم، شەو هەرچەند درێژ بێ ڕۆژی لە دوایە.
- بەرخی نێر بۆ سەربڕینە...
- ئاخر بۆ هەر بەرخی من پورە ئەجێ ؟
- سادق بەرخی هەموومانە کیژم.

لە ولاتریشەوە:

- دەبخۆ دەی، کوردێنی دەکەی !
- سیاسەت قومارێکی گەورەیە، کەم کەس باری دەبا.
- گۆزە لە ڕێی کانیدا دەشکێ .
- ئەولا تر چێ! وا لووتی لێهەڵکردبوین، دەتوت ئێمە هەقی کوردمان زەوت کردبوو!
- ئەقل نەباشە، گیان دەر عەزابە!

دوریان خستیتەوە، لە پێچی کۆڵانەکەدا، چاویان توند بەستیت، بە شاپان توڕیان دایتە پاش ترومبێلەکەوە. لە ناو ترومبیلەکە ڕاتیان کشاند، شریق قاپیەکەیان داخست. قاچیان خستە سەر سەرت، رەفتاری وا لەگەڵ سەگیشدا ناکرێ ! ترومبیل وەکو گوللە بۆی دەرچوو. لەگەڵ هەر تاسەیەکی ترومبیلەکەدا، سەرت بەرز دەبووەوەو تاق دەیدا بە ترومبیلەکەدا. زمانت سووتا ئاخێکت کرد ! لۆزەندەرێکیان جگەرەیەکی بە ڕومەتت کوژاندەوە. لە فکران ڕاچویت. نەخێر ماوەیەکی باشی تێدا دەبیت، بەلای کەمەوە تا ئەم برینەی سەر ڕوومەتت چاك دەبێتەوە، نایانەوێ کەس پێبزانێ! بۆ نەگبەتی گوشتیشت خراپە!.

لەگەڵ جیرەی ئوستۆپدا دایان گرتیت وەکو چۆن گورگ مەڕ دەداتە بەر سینگ، ڕفاندیانیت. لە ڕاڕەوێکدا تێت بەربوون، شاپ بە شاپی دەگوت بەولاوە. ئیدی بوو بە پاس پاسێن .مڕە مڕو نەڕە نەڕیش لەولاوە بوەستێ. وڕوکاس بویت. لە پڕ دەنگێك چەشنی هەورە گۆڵە لە ڕاڕەوەکەدا دەنگی دایەوە.

– هەی نا مەردینە! کێ گوتی وای لێبکەن، نا کەس بەچانە، نان دراون تەربیەت نەدراون، دڕندەن! نابێ تۆزێ ئەدەبتان هەبێ ! ڕاستە گاور کوشتن غەزایە بەڵام بێمروەتی باش نییە!.

دەستیان لێهەڵگرتیت.

– چاوی بکەنەوە...

بە پەلەو گوێ ڕایەڵانە چاویان کردیتەوە، زەلامێکی سورفلّی سمێڵ تاشراوی عەینەك لە چاو ڕووبەڕووت وەستا بوو. چاوە چکۆڵەکانی یەك دنیا فڕو فێڵ بوون. بە مەیلەو بەزەییەکەوە تێی ڕوانیت. ئەوجا چاوی داخست و کەوتە سەر بادان: نچ، نچ، نچ!... غەداربابانە چیان لە کوڕەکە کردووە ؟. بەڕاستی ئینساف بۆ بنیادەم چاکە!.

ئەوجا دەستی گرتیت و بردیتیە ژوورێکەوە. دای نیشاندیت، جگەرەیەکی دایتێ. بە دەستی خۆی بۆی پێکردیت!.

سادق نەخەڵەتابی ها! قسەکەی مامۆستا برزۆت لە بیربێ: "هەر قسە کردنێ بە قازانجی ئەوان بێ، دەبێ بە پشوە بایەکی سازگارو تەمەنی پڕ تاوانکاری ئەوان دەلاوێنێ...."

- کوڕم ئێمە دەزانین تۆ بابایەکی هەژارو بێکەسیت، بۆ بە خۆڕایی سەریەشە بۆ خۆت دروست دەکەی ؟!

سەرت داخستبو، تەنیا بە جەستە لەوێ بوی. کۆکەیەکی کردو ئەمجار هێدی تر لەسەری رۆیی.

- ئێمە هەموو شتێك دەربارەی تۆ دەزانین، بەڵام شتەکە بە دەمی خۆت بڵێی بۆ ئێمە خۆشترە، دەڵێی چیی ؟! پارەو پول، کارو مووچە.. هەر چییەك دڵت بیەوێ.

لە دڵی خۆتا گوتت: ئەم رێگا نزیکەو ئەم کرێ بارە چەورە بێ سڕ نییە !

وەك ئەوەی هەر لەوێش نەبی! کەڕم لاڵم هیچ نازانم.. ئەوجا لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی کرد. کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. لە پڕ وەستا، رووی کردە قاپیەکە.

- خەڵەف چایەك بێنە.

خەڵەف چەتەوڵێکی درێژی بە سام بوو. بە پیاڵە چایەکەوە هاتە ژوورەوە. پیاڵەکە لە ناو لەپیا بە ئەندازەی هەڵماتێك بوو... هەڵوێستەیەکی کرد، وەك بڵێی بپرسێت بۆ کێیە سەیدی ؟! پاشان پیاڵە چایەکەی تریق لە بەردەمی تۆدا دانا. هەردوو لاقی جووت کرد، تەمەنایەکی سوپاییانەی کرد، وەرچەرخاو چووە دەرێ.

کابرا جگەرەیەکی داگیرساند. سەیرێکی کردیت، ئەوجا چاوی بڕییە قۆندەرە تازە بۆیاخ کراوەکانی و لە فکران ڕاچوو.. یەك دوو جار بە قامکە ناسك و سپییەکانی دایە سەر مێزەکەدا.

- ئێ، با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئێستا کوڕی خۆم، کوڕی باش بەو مەبە بە بەڵای سەری خۆت، تەنیا ناوی هاوکارەکانتمان پێ بڵێ و ئیدی وەکو پیاو بچۆوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت.

تۆش، کەڕم لاڵم.. هیچ نازانم. گوێت دەزرنگێتەوە:

- هەردەم هەڵهێنانێ قازانجی ئەوانی تێدابێ، پشووە بایەکی سازگارەو تەمەنی پڕ لە تاوانکاری ئەوان دەلاوێنێ...

- بڵێ بە قورئان، بە شەرەف، خیانەت لە کوردو کوردستان ناکەم... نوکە پێیەکی بە پێتا نا: هەم... دەڵێی چی؟! مەترسە مەگەر گڵ ناوی تۆمان لە دەم ببیستێ... خۆ ئیشاڵڵا لە جیاتی پیاوەتی ناچین... هەم.. وا دیارە خۆت بە مەغدور دەزانی!

پشتی تێکردیت، چەکمەجەیەکی مێزەکەی ڕاکێشا. فایلێکی دەرهێنا:

- ئەم فایلە تایبەتە بە تۆ... بۆتی بخوێنمەوە!ناو: سادق بەکر... ناسراو بە خەلفە سادقی کەبابچی. دانیشتووی: کەرکووك، گەڕەکی ئیمام قاسم... بەردەوام بم یان....

فایلەکەی داخست: ئێمە لێمان عەیانە کە ئێوە پیتاك كۆدەكەنەوە، پەتۆ، قەمسەڵەو...دەینێرن بۆ چەتەو ڕێگرەکان، بابە قەینا لەبەر خاتری تۆ بۆ یاخیەکان... گوایە شۆڕشگێڕن! کوڕم ئەوانە کۆمەڵە ئاغایەکن و بۆ مەبەستی خۆیان داویانەتە ئەو شاخانە وئاسایشی ولات دەشێوێنن.. بە ویژدانت گوناح نییە بە گژ سێبەری خودادا دەچن. ئەم ولاتە، ئەم شامی شەریفە دەشێوێنن! ئێستا چ دەڵێی؟ ئەگەر ڕاستدەکەن با بێنە شارەکانەوە و تا دەتوانن شۆڕش بکەن! مەسەلەن وەکو تۆ !! بابە با واز لەمە بێنین، تۆ تەنیا ناوی یەك کەسمان پێ بڵێ و تەواو. بەڵێنی پیاوت دەدەمێ لەبەر خاتری تۆ نەیەڵم ئیعدام بکرێ!

وەستا، تەماشایەکی کردیت.. هێدی هێدی لێت هاتە پێشەوە. پەلە پیتکەیەکی کێشا بەسەری کەپوتا:

– دەزانی من کێم پێدەڵێن: من ئەبو مازنم ئەبو مازن! قەسابی ئەمن...!

داوەشێی پیاو، بزانە شانازی بە چییەوە دەکا !

ئا لەم ژوورەدا، بڕ بڕ زەلامم چەشنی مەڕ دابڕیوەو ناردومن بۆ قەسابخانە...

دەستی هەڵبڕی: ئەم ریزە بۆ ئیعدام، ئەمە دە ساڵ، ئەوەیان بیست ساڵ. کەسیش نەیگوت بۆ ؟! من حکومەتی ئێرەم. ئێستا چی دەڵێی؟ هەر قسان ناکەی ؟ خۆ ناشێت بڵێی خوا نەخواستە بوختانت پێدا دەکەین ؟! باشە کە وای لێهات من جۆرە کەراماتێکم هەیە، تا ئێستا زۆر شتم پێی کەشف کردووە، وا دیارە دەتەوێ لەگەڵ تۆشدا بەکاری بێنم، کەراماتێك کە پیاوی تاوانبار روو ڕەش دەکات.

زۆر لە مەنگی و هێمنیەکەی دەترسای، لە ئاوی مەنگ بترسە... نەبادا بە زمانی لوس.. پڕ بە دڵ حەزت دەکرد شتێ بڵێی تا ڕەفتاری لەگەڵتدا بگۆڕێ. کارێکی وا بکات حیرست هەستێ و... دەنگی قالەی دەلاك لە گوێتدا دەگیرسێتەوە: خەلفە سادق هەندێ جار بێ دەنگی گەورەترین هەڵوێستە...

بە توندی لەسەر پاژنەی پێی وەرچەرخا. دەستی ڕاکێشا:

– تەماشای ئەو ئاوێنەیە بکە...

ئاوێنەیەکی بالانما بەلای چەپی مێزەکەوە، بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. وەرچەرخایەوەو تا هێزی تێدا بوو شەقێکی بە ڕومەتتدا کێشا. دەمو چاوت سڕ بوو. چەند ددانێك هەڵوەرینە ناو دەمت. گەرماییەك بە ڕوومەتتدا هات. کە سەرنجی ئاوێنەکەت دا خوێنی دەم و کەپوت لەگەڵ بۆیاخی پێلاوەکانی ئەودا لەسەر چەناگە چاڵەکەت تێکەڵ بووبوون، تەنیا ئەوەندەت گوێ لێبوو:

– وەرن ئەم قورمساغە بەرن. گەوادە دەڵێی سوێندی خواردووە...

مێشکت دەزرنگایەوە:

– بڵێ بە قورعان. بە شەرەف خیانەت لە کوردو کوردستان ناکەم...

وەختێ بە ئاگا هاتیتەوە ئازای لەشت دەتگوت لە قاڵب دراوە، جوڵەت پێنەدەکرا. لە فکران ڕاچویت: هەنوکە ڕۆژ ڕۆژی مینە زلەیە، دەچێتە کن ئاتەو بە زمانی لوس درۆو دەلەسی دنیای بۆ هەڵدەڕێژێ:

خوشکم، لە کاکی خۆت کەوێ، چت خەم نەبێ، خوا یاربێ نایەڵم بێ خەلفە سادقیت پێوە دیار بێت! تۆ بزانە لە پەنایەکەوە کەمۆکەکم پارە بۆ پەیدا ناکەیت، بە حەول و قوەتی خوا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا پێکتان شاد دەکەمەوە.. چت خەم نەبێ لە منت کەوێ... کەمێ حەوسەڵەت بێ، بەری تەنگانە کورتە، تۆ تەنیا خەمی کۆمۆکەك پارەم بۆ بخۆ...

ئای مینە زلە، هەی نامەرد، دەڵێی کونەپەپووە، روو بکاتە هەر ماڵێ وێران دەبێ!.چەندمان راپۆرت لەسەری بەرز کردەوە! کوڕە پیاوی چا بن ئەم کابرایە جێی گومانە! لە پیاوێکی چاك ناچێت! ئەمە وەزع و حاڵەکەیەتی! نەخێر بە گوێیاندا نەچوو نەچوو... گوایە پارت پێویستی بەو جۆرە کەسانەش هەیە!... ئێمە بە خۆمان هەموو شتێك دەزانین...

خوای بکردایە ئەقڵ بە هانای ئاتەوە بچوبایەو سیکتری لەو نا پیاوە کردبا، نا ئاتە وریایە! دەی ئاتە بتەڕەژم، شەرمێ نەکەی پێی بڵێ! کابرای زلە تۆ شەرم ناکەی! من پارە لە کوێ بێنم؟ بە راستی خەمخۆرو برای چاکی! لە بری باربوم بکەیت... ئاخر سادق و مادق هاوڕێی تۆن بۆیە باریان سەنگینە. هەموو باجی خۆیان دا، تۆش وەکو بەرزەکی بانان... دایمە لە ناو دەخۆی و لەپەڕ دەخەوی. ئەگەر سادق پیاو بێ مشووری خۆی بە دەستی خۆیەتی.. دەی سیکتر بە لەبەر چاوم، فەساڵت خواتەوە، رەزا قورسی بەدووم...

**

کوت و پڕ لە شریقەی قاپیی راپەڕیت. سێ چوار حەیتە بە هەناسە بڕکێ خۆیان بە ژووڕێدا کرد. پیلیان گرتیت و وەکو کەلاك بکێشیان کردیت. کە تۆزێ دەستیان شل دەکرد، دەکەوتیتە سەر زەوی، بە شاپان راستیان دەکردیتەوەو راکێشە ! بە راڕەوێکی تاریکدا بردیانیت بۆ بەر سەگەکان...

دەنگی جوتێك سەگ، هەر بە دەنگی سەگی دڕو بە ئانقەست برسی کراو دەچوو. لە راڕەوەکەدا دەنگی دەدایەوە. تا پتر دەیانبردیتە پێشەوە دەنگەکان دڕندانەترو نزیکتر دەبوونەوە. خەریك بوو زیڕە بکەی! بە زاتی خوا پارچە پارچەم دەکەن! کوڕە خۆ ئەوە بە ڕاستیانە!

– قسە دەکەی یان نا ؟!

پاش ئەو هەموو پەت پەتیە! نەخێر، نەکەی دەم هەڵێنی.. با بمری، مردن مردنە لەقە فڕتێی بۆ چییە!.

یەکێکیان بە گوێتیا چپاند: قەینا، من دەچم بە بەگ دەڵێم ماندووە، با هەندێ پشوو بدات... ئەوسا بە خۆی هەموو شتێکمان پێدەڵێ...

بۆت دەرکەوت کە ئەمەش چاوڕاوێکی دییە ! چ سەگێك لە گۆڕێدا نیەو تەنیا تەمسیلە. خەمت نەبێ تازە غاراویت و کەوتویتە سەر فێڵەکەی.. کەڕم لاڵم.. هیچ نازانم.

لە پڕ دەنگی شاورێك لە ڕاڕەوەکەدا و لە مێشکتدا دەنگی دایەوە. بە پرتاو بردیانیت. تا هێزیان تێدا بوو توڕیان دایتە ژوورەوە. لەسەر عاردەکە تەخت بوویت. پاش نەختێك ئازای لەشت کەوتە مێرولە ، هەستت دەکرد رووت کراویتەوە.هەر تاو نە تاوێ ئازای لەشت ڕادەچڵەکێ. ئازارێکی تیژ بەدڵتا تێپەڕی و... نازانیت پاش چەندێ بوو، لە پڕ شێت ئاسا لە خەو ڕاپەڕیت. چاوت بڕیە تاریکیەکە، چ ئەسپێك دیار نەبوو! خەون بوو، لە خەوتا جوانویەکی یاڵ شۆڕ، تەوێڵ سپی، کە یەك پارچە غوربەت بوو، هاتە بەر دەرگای حەوشەتان. بەمەلولیەوە لمۆزی لە دەرگاکەتان هەڵدەسوو.. ئاتە بە دەمیەوە چوو، باڵای بەرزی بە ئاستەم چەمی بوو. ئاوێنەی ڕووی نەختێ تەڵخ بوو بوو دەرگاکەی کردەوە و وتی:

– وەی وەی لەم جوانووە. دەبێ هی کێ بێ وا بەم شەوە...

پاشان بە نا بەدڵیەوە دەری کرد. جوانوەکە گوێچکەکانی قوت کردەوە، کلکی کلاَفە کردو تا ئەو سەری کۆڵانەکە غاری دا. لەوێ هەڵۆێستەیەکی کرد. نیگایەکی پڕ لە غوربەتی دواوەی کرد. پاش تۆزێك بە دەستوری جاری پێشو هاتەوە بەر دەرگاکەتان. ئەم جارەش ئاتە دەری کردەوە:

– هەتە تۆ، سەری ساحێبت بخۆی! هەر لەمەمان کەم بوو! دەڵێی کاریلەی دەرماڵیە!..

زۆر پەست بویت، دوعا دوعات بوو ئەم جارە بێتەوە و خۆت بە دەمیەوە بچیت و بیگری. لەپڕ شریقەی دەرگاکە ڕاپەڕاندیت. گێژو کاس، چاوەکانت کەوتنە ڕێشکەو پێشکە. کابرای سورفڵ بە خۆی و چەند بۆرە زەلامێکی لۆزەندەرەوە لە دیار سەرت وەستا بوون. وەك نەیەوێت پێڵاوەکانی پیس بن بە فێزێکەوە نوکە شەقێکی لێدایت.

– ها کاك سادق! ئێستا چ دەڵێی، ئاقل بویت.. یان..

وات لێهاتبو، بە راستی واتدەزانی لاڵ بوویت.

– خەڵەف، ئەورۆ ڕۆژی ڕابواردنە. هەر ئێستا دەچێت ژنە قەحبەکەی دێنی و هەر هەمووتان ڕیز دەبەستن و بە بەر چاوی خۆیەوە بەعەمەلی دێنن!

هەرکە ئەو قسەیەی لە دەم دەرچوو، وەکو لالێکی ڕاستەقینە کە سەدمەیەك زمانی بکاتەوە، دەمت هەڵێنا:

– بێ زەحمەت منیش بخەنە ریزەوە..

***

کە سادق سەری هەڵبری گەیبوە بەر دوکانەکەی قاڵەی دەلاك، دەستێکی بۆ هەڵبڕی. بە پەلە بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

نا، نا. بۆ حاشای لێ بکەم ؟! بۆ بە کوڕی خۆمی حسێب نەکەم... بریا زمانم بە بڕین چوبایەو ئەو قسەیەم نە کردبایە.. کەس دەست بە خێری خۆیەوە نانێ.. ئەگینا ئەوەندەی ئەو دڵی بە خۆێندنەکەی خۆش بوو.. خۆزگە....

ئینسان که بۆ یەکەمجار شوێنێ دەبینێ زۆر بە وردی سەرنجی دەدات. بچوکترین شت سەرنجی ڕادەکێشێ. دیمەن و شوێنەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شاشەی مێشکی دەمێنێتەوە. خۆ ئەگەر بیرەوەرییەکی زۆر شیرین یا تاڵ تێکەڵ بەدیمەن و شوێنەواری ئەو شوێنە ببێ ئەوا ڕەنگە هەرگیز لە بیر نەچێتەوە..

ئالێرەدا، لە پایینی ئەم دۆڵەدا ،ئێستاش پێوەری سەرەکی وەخت هەتاوە : بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارێ...

– خاڵە عەزە وەختی نوێژ نیە !

– ماوێتی. کە سێبەر بگاتە سەر شا لقی دارتوەکە ئیدی نوێژی نیوەڕۆیە.

که شەو ڕەشماڵی خۆی هەڵدەدا، وا دەزانی هەردوو شاخەکەی ئەمبەرو ئەوبەری گوند دێنەوە یەك و باوەشی پێدا دەکەن تا لە چەپاڵەی زاڵمانی بپارێزن. کەس تەمەنی شاخەکان نازانێ، زۆر کۆنن، ڕەنگە شایەتی دەیان کارەساتی دڵتەزێن و لە هەمان کاتدا داستانی قارەمانێتی بن. بەردی زل زل چنگیان لە بەرۆکی چیاکان گیر کردەوە. زریان و با هۆز و تۆف و باران، تەنانەت تۆپ و بۆمباش نەیانتوانیوە تلیان پێبدەن و بە یەکجاری لە باوەشی چیاکانیان دەربێنن! پەڵە دار بەڕووی کورتە بالاو سەرو پۆتەلاك بە تەور داهێنرا و بەردەمیان گرتوون. هەندێ لە و دار بەڕووانە کەوتونە بەر زەبری تەورو ئیدی یان بوون بە خۆراکی سۆپای دار، یا کراون بە خەڵوزو بۆ چەند ساتێك مامەڵەی بازاڕێکیان نەختێ گەرم کردووە. کە پاش ڕۆژاوا بەرەو گوند بێی ، مەگەر حەپەی سەگێ یان شۆقی کزو لەرزۆکی قوتیلە چرایەك دێت نیشان بدات. خۆ ئەگەر دنیا تەم ومژ بێ و هەندێك سەرما بێت ئەوا دووکەڵی شینباوی دوکەڵکێشی سوپای دار هێندەی دی تەم و مژی سەر گوندەکە خەست دەکاتەوە.

بە دەستی ئەمبەرەوە و لە بناری شاخەکەدا گورستانێك بەسەر تەپۆلکەیەکەوەیە، ڕێبوار دەخاتە هەزارو یەك ئەندێشەی بێ بنەوە. کە لە ئاسۆگەکەی ئەمبەرەوە دیقەت بدەی، گوند بریتییە لە چەند بارستاییەکی تێکچڕژاوی نا ڕێك و پێك، پتر لە ئاسەواری کۆنە قەڵایەکی داڕوخاو دەچێ. هەموو شتێك کپ و خامۆش و بێ جوڵە دێتە بەرچاو. بەر لەوەی بگەیتە ئاوایی تووشی کوێرە کانییەك دەبێت کە لەبەر قەوزە بە زەحمەت دەتوانی جێی هەردوو دەستت بکەیتەوە تا شڵێ ئاو بە دەم و چاوتا بدەی، یا چۆڕێ ئاو بخوێتەوە. کە دەچیتە دیاری و جێی دەسەکانت دەکەیتەوە سەدان سەرە مێکوتە بە کلکە لەرزێ خۆیان بۆ بن قەوزەکان تاو دەدەن. بۆقی بۆرو چڵکن لە بن پێتدا دەکەونە بازرەقەو خۆ نەجاتدان.

چەمە زستانەیەکیش بە خوار دێدا دەکشێ. ئەگەر زستانەکەی تەڕ بێ، ئەوا بۆ چەند مانگێك ئاوی پێدا دەڕوات و لەگەڵ تەواو بوونی زستاندا وشك دەکات و هەندێ ڕەگە دەوەنی بێ کەڵك وەکو هەتیو لە کەناریا هەڵدەتوتێن و لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی هاویندا گەرما دەیانبات و هەڵدەپروکێن.. ئەوەی بە چاو قایمی خۆیشی زیاتر بمێنێتەوە ئەوا وڵسات لەوارو وێخی

دەنیشێت . زۆربەی وەرزەکانی ساڵ کەلاکی گوێدرێژێ یا هێسترێك یا گوێرەکەیەك یا چێڵێك لە چەمەکەدا بەرچاو دەکەون. سەگەل یا پاش تێر خواردن و مڕ بوون بە دیارییەوە وەرکەوتوون یا سەریان تێژەندووەو کلکیان ناوەتە ناو گەڵیان...

هەر لە دامێنی چیاکانەوە ریزە گردۆڵکە چەشنی شەپۆل بەرەو قەراخی گوند کشاون. ناو بە ناو، لێرەو لەوێ پانتاییەك لە بەینی گردۆڵکەکانەوە بەرچاو دەکەوێ، کە کراوە بە شکارتە. تولە ڕێی باریك باریك چەشنی داوە دەزوو لە نێو ئەم گردۆڵکانەدا بەرەو خوارو بەرەو ژوور داگەڕاون و هەڵگەڕاون. وەختێ ماندوو دەبیت، لە پاڵ یەکێك لەو گردۆڵکانە دادەنیشیت و جگەرەیەك دادەگیرسێنی و تەماشایەکی ئاسمان دەکەیت، زۆرجار چاوت بە داڵە کەر خۆرەیەك یا تاقە واشەیەك دەکەوێ کە خۆی لە قولایی ئاسمان گیرکردووە، هەر تاو نە تاوێك لەنگەرێك دەگرێ. پاشان بەرز دەبێتەوە و بە چوار دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. تا بەرزتر بێتەوە، مەودای بازنەیی خولانەوەکەی بەرینتر دەبێ... ئیدی بەرز دەبێتەوەو بەرز دەبێتەوە، تاوەکو دەبێ بە خاڵێکی بچکۆڵە بەسەر سنگی ئاسمانەوە. لە پڕ لەنگەرێك دەگرێ و باڵەکانی دا دەداتەوەو بە پڕتاو بەرەو لوتکەیەك دادەکشێ. وا هەست دەکەیت هێزێکی نەبینراو بەرەو خوار بکێشی دەکات، پاشان لە پڕ هەڵدەسێتەوە، کە دەچیتە شوێنەکەی هەندێ جار چنگێ پەڕوپۆ یان کوڵك و پێست دەبینی!.

پاش ئەوەی تێر سەیری ئاسمان دەکەیت، جگەرەکەت تەواو دەکەی و دەتەوێ هەستی و بکەویتە ڕێ، هەست دەکەی دڵت دەگوشرێ. دۆڵەکە دێتەوە یەك و هەناسەت سوار دەکا. هەست دەکەی مەودای بیرکردنەوەت تەسك دەبێتەوە.. پڕ بە دڵ حەزدەکەی ببی بە واشەیەك و لەم دۆڵە وشکەوە تا دەتوانی بەرەو قولایی ئاسمان هەڵفڕیت. کەچی گوندەکە گازت دەکا. بۆنی ئاوەدانیت بەسەردا دێت. چ بۆنێ لە بۆنی ئاوەدانی خۆشترە!.. ئاوەدانی ئەفسونەو مرۆڤ لە دوورەوە ڕادەکێشێ. ئاوو ئاوەدانیان گوتوە، خۆ ئەم گوندە هەر بەناو ئاوی هەیە... کە دەگەیتە ناو گوند دەبێ بە تەنیشت کانی ژناندا ڕەت بی. کیژو ژن لە گشت گەڕەك و کۆڵانەکانەوە بەپەلە بەرەو کانییەکە دێن تا دوا کاروانی ئاو ببەنەوە. زەڵەی منداڵ و چەقە چەقی ژنان، تەقەی تەنەکەو بەرمیل وپیپ، شڵپەی گلاوکوتك ،شەڕە جنێوو ونۆبەبڕی، تریقەی کوڕپە کچ و حیلکەی قەیرە کیژ، لاقرتێ و شۆخی ژنان، تووك و نەفرینی ژنانی لە مێرد ناڕازی، وڕو کاست دەکەن...

– ڕەببی کوێرەوە بێ.
– دەمت بشکێ.
– کچی فاتە لەنجە حەیشی لەبەر هەڵگیراوە.
– تاوی بەری داویە لەسەری
– خەنی لە خۆت مینا خێڵ.
– "مەلەکێ" چاك دەستت لەگەڵ ئەحۆلدا تێکەڵ کردووە.
– بە کوێرایی چاوی ناحەز.
– بە براژنم بی یاخوا.

– توخوا ڕێم بکەن پەلەمە.
– ڕاستەکات کەڵەگاکەی هاتووەتەوە.
– خۆزگەم بەخۆی!
– کوێربی، بۆ دەستت تێخست، نازانی بۆ وسڵ دەرکردنمە.
– منیش دڵم خۆشە مێردم هەیە، ڕەببی لەشی ساغی سێبەڕۆ بێ.
– بڵێ کۆنە قەڵتاغ تۆ تازە چیت لە چیا ماوە!.

پەکوو... کورە ڕۆژگارو تەمەن هەر لە خۆوە دێ و دەڕوا. هەموو ئەو دیمەنانەم بە جوانی لەبەر چاون. ئێستاش لەبەر چاومە.. شەوبا بە گڤو هۆڕ خۆی بە نێو لق و پۆپی دارو دەوەنەکانا دەکرد. باران نم نم، دەستی پێکرد. بۆنی خاکی تازە باران چێشتووم بە سەردا هات، هێندەی دی نەشئەی پێ بەخشیم! نەشئەیەك مەگەر تەنیا بۆنی ژنی ناز فرۆش و بەربەتاو بە پیاوی ببەخشێت. ئەو شەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو دوو بۆنە، بۆنی خاکی تازە باران چەشتەو بۆنی ئافرەت، دوو بۆنی ئەزەلین و کۆن نابن! ئەدی ئەو هەموو سرتەو چپەو دەنگانەی باوەشی شەو! تەحا! دەنگی شەو چیە؟ ناگێڕدرێتەوە نا. هەرگیز ناگێڕدرێتەوە. هەزارو یەك رازی نە ناسراو، خورپەو ڕاچەنین، ژان و سوێ، نامۆیی و هۆگری، تریقەو قاقا، ترس و لەرز، ئومێدو دڵە لەرزێ، ئاخ و ئۆف، ناڵە و بێزاری، ماندوو بوون و حەسانەوە، نیگەرانی و ئۆخەی، بارەی عاشقانەی گیانلەبەرانی کێوی، جوکەو تریوە تریوی پەلەوەرو باڵندەی هێلانە لێ ونبوو. لوتکەو بەندەن و بنارو دەشت، دەنگ و دەنگدانەوەی ، گرتۆتە باوەش و چەشنی خۆشەویست ترین فەرزەندی خۆی دەیانلاوێنێ.. نییە باوەڕ ناکەم چ شتێك ئەوەندەی شەو نهێنی داڵدە دابێ. من و ماڵی میرزا سمایلیش ئەو شەوە سەرباری نهێنیەکانی تری شەو بووین.

هەر وەکو تارماییەك هەنگاوی ماندوو، لەبەر دەرگایەکی شەق و شڕی حەوشەیەکی تا ناو قەد کەڵەکەچن ڕای گرتم. کەوتمە سەرە تاتکێ، ئێ بەڵکو دەنگێ، سرتەیێ،، ڕۆشناییە... تەنیا مشەمش و مڵچەی کاوێژی چێڵی تازە دۆشراوم بەر گوێ کەوت. ئەوجا قرچە قرچی ڕۆنی داغ کراوم بەر گوێ کەوت. پیاوی برسی خۆی لەبەر بۆنی ڕۆنی داغ کراو ڕاناگرێ! بەوەی باشە لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستاندا درەنگ شێو دەخورێ، نەبادا میوانێ، ڕێبوارێ ڕوویان تێبکات و خەجاڵەت بن!... پێم بە جەرگی خۆما ناو لە دەرگام دا :

– ماڵێ ؟!

تارماییەك درزی خستە دەرگایەکی سەربانەوەو هەر لەوێڕا بە دەنگێکی ناسك گوتی:

– کێیە ؟!
– منم خوشکێ، میوان ڕادەگرن ؟
– فەرموو برا، میوان ئازیزی خوایە.

هەڵوێستەیەکی کرد، بە دەنگێکی ڕەوان و ناسکتر گوتی:

– ڕاوەستە با چرایەك بێنم تاریکە...
– زەحمەت مەکێشە، لایتم پێیە.

بە کۆڵێ قایش و قروش و تفەنگەکەمەوە بە پەیژەیەکی شەق و شڕدا سەرکەوتم، ئێستاش جیڕە جیڕی پەیژەکە لە مێشکمدا دەنگدەداتەوە. هیلاك و ماندوو، جلەکانیشم کەمێ تەڕ بوون.

– ئەوە چەند وەختە بەو پیاوەی دەڵێم: میرزا دوو بزماران لەو پەیژە میراتیە بدە.

دەرگاکەی یەکالا کردەوە.

– فەرموو براله، فەرمووە ژوورەوە.

بە شەرمێکەوە خۆم بە ژوورێکدا کرد.

– سەلام و عەلەیکم .

کابرایەکی میانە ساڵی دەستە باڵا، دەموچاو قوپاو، چاو درشت و کەپوو بەرانی لەسەر سفرەکە هەستا.

– وەی عەلەیکوموسەلام و سەرچاوان فەرمووە سەرەوە... فەرموو...

چوومە سەروی سفرەکەوەو تفەنگەکەم دانا، دەستەسرەکەم لە بەرکم دەرهێناو تفەنگەکەم پێ سڕی، هالاوی چێشتی دۆینە ئاوی زایاندە دەمم....

– بەخێر بێی سەرچاو.

تفەکەی دەمم قووت دایەوە.

– سەلامەت بی.. بژی.

– ئادەی "سەباو" دەوریە چێشت بێنە.

سەباو، ئافرەتێکی دەستە باڵا، پرچ بە خەنە، ڕوومەت کەمێ چرچ، چاوگەش و بەرچاوی بوو. بە پەلە چووە دەرێ... پاش تۆزێك بە قاپێ دۆینەی سەر بە ڕۆنی گەرمەوە گەڕایەوە. سەلکێك پیوازیشی هێنا بوو. لە بەردەمی دانام و گوتی: فەرموو.

– ئادەی سەباو برێ داریش بخە سۆپاکەوە...

پاش شێو خواردن و چاخواردنەوە، خۆم گەرم کردەوە، جلەکانم وشك کردەوە. ماندویەتیم حەسایەوە. دەمویست بلێم: ئەرێ بێزەحمەت پەتۆیەکم بدەنێ دەچم بۆ مزگەوت! میرزا وەك بلێی هەستی کرد و مێشکی خوێندمەوە. گوتی:

– ئێ کاکی پێشمەرگە، دەڵێی پەلەتە... خۆ هێشتا زووە، جارێ دانیشە با هەندێ قسان بکەین و خەمی دڵ بە با بدەین.

حەوسەڵەو تاقەتی قسەکردنم نەبوو. بێدەنگ بووم... لە دڵی خۆمدا گوتم:دەبخۆ دەی. پاروویەك نانت خواردووە دەبێ باجەکەی بدەی. قسەی چی سەلامەت بی! جا بۆ ؟ دەبا ئەمشەو چەوساوەی دەستی ئەم بیت، گوێگر بیت. خۆ مەرج نییە دڵت لێی بێ... خۆ ئەگەر ئەم ترە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە نەبوایە مرۆڤ بە تاقی تەنیا دیقی دەکرد... بەس نییە ئەم فشە پەیوەندییانەش هەن. کە جار جارێ کەیفە کەرانەیەك بە مرۆڤ دەبەخشێ و بە درۆو بە ڕاست خۆی لە بیر دەکات! یا بە تۆپزی تەنیایی خۆی بە ملی یەکێکی دیدا دەدات...

– ئادەی ئافرەت سەرو چای دیکەمان بۆ داکە.

چایەکی لەبەردەمی من و ئەوی تریانی بۆ خۆی دانا، کە چایەکەی تێکدەدا زرینگە زرینگی پیاڵەکەی پەستی دەکردم.

دەنگێکی گڕو کەرخ لە دەرەوە بانگی کرد:

– میرزا، لە ماڵی ؟!

– ئادەی ئافرەت بزانە کێیە ؟

سەباو رووی گرژ کرد، پڕتاندی و بە ئەسپایی وتی: لە نا خەلیفە زیاتر کێیە.

سەباو چووە دەرێ :

– فەرموو خەلیفە خۆتی... فەرموو میرزا لە ماڵەوەیە...

پیاوێکی ورگنی ردێن پان هاتە ژوورەوە. میرزا زۆری هەوڵ دا بێتە سەرەوە، فایدەی نەبوو. هەر بە چیچکانەوە لەلای دەرگاکەوە دانیشت.

– ئاخر خەلیفە جوان نییە، پیاوی چابە وەرە سەرەوە .

– سەلامەت بی میرزا. قەیدی نییە دەڕۆم. ئەرێ میرزا خەریکە دڵم شەق دەبات، وەختی هاتنەوەی کاروانە و چ هەواڵێکیان نییە.. دەترسم.... بە ئە قڵی تۆ چیبکەین باشە...

میرزا تەماشایەکی منی کرد، ئەوجا کەمێك تێفکری و گوتی:

– کێ سەر کاروانە ؟!

– شێخەی کوڕی کاکە شێخ.

– ها، یانی دەستە گوڵەکەی تۆ. وەڵڵا خەلیفە دڵنیابە کاروانێ نەزان و نەفام بەڕێوەی بەرێ بە سەد زاناو فامیدە ناهێنرێتەوە سەر رێگا. کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە، تاکو ئێستا تەنیا پرسە گورگانەتان بە ئێمەومانان کردووە.. ئێمە هەر شاهید بووین و بەس... بەڵام کە بارتان خوار دەبێ ئەوجا ئێمەومانانتان بیر دەکەوێتەوە. ئێستاش کێ خێروبێری کاروان دەخوات با ئەوە بچێ بە شوێنیدا... خێرو بێری کاروان لەوەتەی هەیە هەر ئێوە خواردووتانە... ئێمە هەر دەست و پا بووین و زەقەی چاومان هاتووە. گامان لە گاڕان نەبووە و پێمان بەفر بردویەتی. ئەگەر پیاوەتی بێ بەسە، ئەگەر گەوجێتیش بێ هەر بەسە.

دەنگی بابم لە گوێمدا دەزرینگایەوە: " کوڕم ئێمە نۆرە کاروانی خۆمان کردووە، مامت یەکێکە لە شەهیدە دیارەکانی کاروان... کێ هەیە کە ناوی عەزیز دۆغری بێت و ڕەحمەتی بۆ نەنێرێ و ستایشی نەکات..." ئەگەر پێی دەڵێم: بابە ئەو بۆ خۆی کردی بۆ خۆی... بەس لەسەر حیسابی مردووان بژین. بەس کۆنە دەفتەران هەڵبدەنەوە، ئاخر ئەوە نیشانەی ئیفلاس بوونە! ئاخر کێ بە مەلەی کێ دەپەڕێتەوە!! هەی هەزار بەڵام لەو کەسە دا کە ئەم قەوانەی خستە مێشکی ئێوەوە. ئەوا زیز دەبێ و دەڵێ بە هەزار کوێرەوەری کوڕم بەخێوکرد و ئەمەش پیاوەتیەکەی !.

خەلیفە هەستاو بە مەیلەو زویرییەوە رۆیی. میرزا فڕێکی لە چایەکەی دا ـ تەق پیاڵەکەی دایە دواوە.

– چای دیکەمان بۆ تێکە ئافرەت .

تەماشایەکی منی کرد. هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– دەزانی کاکی پێشمەرگە، پێشمەرگایەتی عیبادەتێکی تەواوە.
بە نا بەدڵیەوە گوتم: چۆن ؟!
کەمێك گەروی پاك کردەوەو لەسەری ڕۆیی :
– چۆن عیبادەت پەیوەندییەکی خالیسەی نێوان بەندەو خوایە، ئەشقێکی رووتی بێ ڕیایە، ئاواش پێشمەرگایەتی ئەشقێکی پاك و بێگەردە دەرهەق بە خەڵك و خاك و ئازادی. پێشمەرگە ناز هەڵگری خەڵك وخاکە، خاکی بێ پێشمەرگە وەکو باخی بێ پەرژینە. هاوار بۆ ئەو خەڵك و خاکەی پێشمەرگەی نەبێ ! پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە بێ ڕیا، بێ چاوەڕوانی پاداشت لەبەر پێی خەڵك و خاکدا گیان دەسپێرێ و دەبێ بە گوڵێکی هەمیشە بۆندار.
زۆر بێتاقەت بووم، تەنانەت قسە شیرینەکانی میرزاش نەیان دە هەژاندم: ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ! هەستم دەکرد ئەو قسانەی میرزا زادەی مێشکێکی قوڕمیش کراون نەك زادەی مێشکێکی خۆڕسك و خۆ خەملیو. سەرم هەڵبڕی، سەباو چاوە ڕەش و مەنگەکانی تێ بڕیبوم، دەتگوت بەزەیی پێمدا دێتەوە..میرزاش دەتگوت تامەزرۆی قسانە، بزەیەکی بە رومدا داو وتی:
– تۆ دەڵێی چی ؟!
– چیت عەرز بکەم. خۆم بە پێشمەرگە دەزانم، خۆزگە هەموو کەسێك وەك جەنابت بوایە!.
– خەمت نەبێ ئەو ڕۆژەش دێ.
– بەڵام میرزا گیان، پێشمەرگایەتی دەبێ لە چوار چێوەی شۆڕشدا بێ، ئەگینا...
– ئەوە نییە شوکور شۆڕشمان هەیە!
کەمێك دامام.
– میرزا گیان هەموو چەك هەڵگرێ پێشمەرگە نییە... بڕوا بکە بەشێکی زۆرمان چاکلاین و چەکیان پێوە هەڵواسیوین! پێشمەرگە ئەو کەسەیە لە ناخا شۆڕشێکی بەرپا کردبێ. بە کورتی پێشمەرگایەتی پوختەو کاکڵەی شۆڕشە. شۆڕشیش گۆڕانە... گۆڕینی هەموو مەیدانەکانی ژیان... ئەوەی تۆش پێی شوکری بەڕای من شەڕە، نیمچە بزووتنەوەیەکی چەکدارانەیە. راستە شەڕی قارەمانانە دەکەین.. بەڵام ئەوەش بزانە لەوەتەی هەین هەر شەڕ دەکەین. جا تا ئەو شەڕە نەگۆڕین بە شۆڕش هەر ئەوە بەشمان دەبێ. چونکە لەوەتەی هەین هەر شەڕ دەکەین، هیچمان بە هیچ نەکردووە. بۆیە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە شەڕەکەمان بکەین بە شۆڕش.خۆشبەختانە شەڕی رەوا نزیکە لە شۆڕشەوە، هەوڵی بۆ بدرێ زوو دەگۆڕدرێ بە شۆڕش. خۆ خەڵکانی شۆڕشگێڕمان هەن، بەڵام حەیفێ هێشتا لە چوارچێوەی شۆڕشدا خڕ نەبوونەتەوە. بۆیە دەبێ بزووتنەوەکەمان پرۆلیتاریزە بکرێ. ئاگامان لە بۆرژوا بێ، چونکە بۆرژوا لە هەموو دنیادا هەر سەڵەفێ دووانە و پاشان با دەداتەوەو ترسی شۆڕشی لێدەنیشێت.
وا دیار بوو میرزا، زۆر باش لێم تێنەدەگەیشت. باوێشکێکی داو گوتی:
– خوا کەریمە.
رووی کردە ژنەکەی:

– ئادەی ئافرەت پەتۆ تازەکە بۆ کاکە بێنە، وا دیارە ماندووە و حەزی بە ڕۆیشتنە.

بەدەم چاوەڕوانییەوە کەوتمە خۆ کۆکردنەوەو تفەنگەکەم کردە شانم، پەتۆکەم وەرگرت. شەوباشم لێکردن و بەرەو مزگەوت... تووکە درێژو نەرمەکانی پەتۆکە، کە لە بن دەستما بوو، ختوکەی لەشی دەدام، هێشتا دەقی نەشکا بوو.

میرزا لێت تێدەگەم، دەزانم چ دەڵێی، ڕاست دەکەی عیبادەتە... بەڵام داخۆ ئاگات لێیە من و تۆ لە چ چڵکاوێکا دەژین! چڵکاوێ پڕە لە دز، دەست بڕ، لێبوك، بێکار، فاڵچی، ماستاوچی، قۆنتەراتچی، سیاسەتچی!! بۆرە پیاو، ڕیاکار... ئەدی ئاگات لێیە هەر چوار دەوریشمان ئاگرە ! دەمێنین وردە وردە بۆنی چڵکاو دەگرین. دەردەچین دەبین بە خۆراکی ئاگر! بەڕای تۆ چ بکەین میرزا... هەڵبەتە مامۆستا محەمەد وتەنی دەبێ بە چنگ چڵکاوەکە بکەین بە ئاگرەکەدا... تا دەبین بە خاوەنی تەواوی خۆمان.

بێ ئیختیار وشەی میرزام بە سەداوە لە دەم دەرپەڕی. ئاوڕێکم بەملاو بەولادا دایەوە !... بەپەلە بەرەو مزگەوت کشام. تەواو لە مزگەوت نزیك بوومەوە... تێیان خوڕیم :

– زەلام کێی ؟

– خۆمانین، پێشمەرگەم.

گەییمە نزیکی ئێشك گرەکە.

– شەوباش .

– شەوباش .

لایتەکەی هەڵکرد: – ئەوە تۆی مستۆ!. هەر خۆتی.

خۆم بە ژووری مزگەوتەکەدا کرد. پێشمەرگە لێرەو لەوێ پاڵکەوتبوون، هەندێکیان لە پرخەی خەودا بوون و هەندێك وەنەوزیان دەدا. هەندێکیش دوو بە دوو ڕازو گلەییان دەکرد. یەکێك لە سوچەکەی ئەو سەرەوە شڕە پاڵتۆکەی دەدرویەوە! سۆپا دارەکەش نێڵە نێڵ دەسوتا. تاقمەکەم کردەوە، تفەنگەکەم خستە سەری. قەمسەڵەکەم خستە ژێر سەرم و پەتۆکەم یەکالا کردەوە. تەپ شتێ کەوتە خوارەوە، لەبەر تیشکی کزو لەرزۆکی قوتیلە چراکەدا بۆی گەڕام. دۆزیمەوە. شتێك بوو لە پەڕۆیەکی سوورەوە پێچرا بوو. دەستم لێیخست، لە پارە دەچوو، خستمە گیرفانەکەی بەر باخەڵم و لێی ڕاکشام.

((4))

ئەو ئێوارەیە پەست و بێتاقەت بوو. حەوسەڵەی نەبوو وەکو چەند ئێوارە سەرپەرشتی دەرس و دەوری منالەکان بکات. بە حیکایەتی خۆش بیانکاتە خەو. پاکەت و شقارتەکەی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی خۆی.. لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا. جگەرەیەکی داگیرانـدو چاوی بڕییە بنمیچەکە.. دوکەڵی جگەرەکە بە ئاسمانی ژوورەکەدا لولەی دەبەست و پاشان وردە وردە لە چاو ون دەبوو. خەیاڵی ئەویش چەشنی دوکەڵەکە بۆ چەند ساتێ خەرمانەی دەداو پاشان دەڕەویەوە.

– باوەر بکە کاك فەرەج هەر خەمی ئەوەمە هێشتا منداڵە...

– منداڵی چی سەلامەت بی! ماشەڵڵا پیاوێکی تەواوە، پیاو کە گەییە پلەی جامیعە ئیدی کەی منداڵە!... ئێمە هەر وا پەروەردە کراوین کە متمانەمان بە خۆ نەبێ، شتێکی دیشت لەبیر نەچێ خەلفە سادق، ئەولاد لەبەر چاوی دایك و باوك گەورە نابن، سەریان بگاتە پاشایەتیش هەر منداڵن.

ڕاست دەکات، قسەیتی، ئەولاد لەبەر چاوی دایك و باوك هەر منداڵە، بەڵام مەگەر هەر من بزانم ئەو هەتیوە چی بەسەر هاتووە. بووە بە خۆراکی خەم و خەفەت. زۆر خەم لە تەواو نەکردنی خوێندنەکەی دەخوات... خەم و خەفەت نەك بنیادەم، بگرە کێویش لەبن دێنێ.. وەکو باخی بێ ئاو دەیپروکێنێ. قەت باوەڕناکەم هەڵبکا، شارەزایی دەوێ.. ئاخر ئەوێ مەگەر تەنیا لە کتێباندا شۆڕش و پێشمەرگەو جووتیاری ناسیبێ، ئێستا چۆن هەڵدەکا! کوڕە دەی هەر مەرگی نەبێ چش! گەنجە با بۆ خۆی تێبەربێ... هەر هیچ نەبێ تەجرەبەیەکی زۆر پەیدا دەکات... ئاخ! چۆن منداڵ لە ڕەگ و ڕیشەمان نیشتن ! تەماشای ئەو ئاتە خرپنە ناکەی چۆن بووە بە داسك و دەرزی، چۆن پێستی بەسەر ئێسکیەوە وشك بووەتەوە! ڕەش داگەڕاوە. چاوەکانی بە قووڵا چوون. ناهەقی نییە دایکە دایك! بەستەزمانە لە ترسی تۆ ناوێرێ باسیشی بکات، نا، نا دەبێ دڵی بدەیتەوە. خۆ دایك و باوکی ئەم وڵاتە بە خۆشی منداڵەوە دەژین. هەر کە بوون بە خاوەن منداڵ ئیدی خۆیان لەبیر دەچێتەوە! نا، وەکو ئەو هەتیوە حیرسی قەویە نابێ تۆ وابی، بە تایبەتی لەگەڵ ئاتەدا، دەزانی چەند قەرزارباری ئەم ژنەیت! ناگێردرێتەوە زۆری بەسەرتەوەیە. ئەدی ماڵی بابی بۆ ناڵێیت. قەت لە کوڕێکی خۆیان جیایان نەکردویتەوە. ڕاستە لە هەوەڵەوە پەڵپ و بیانوی زۆریان پێگرتی. داخیان کردە دڵتەوە بەڵام نا هەقیان نەبوو، بابایەکی بێگانە... پێشمەرگەیەکی ڕووتە ! خۆ خەتای ئاتەی تێدا نەبوو. بە هەموو نەوعێ لەگەڵتا بوو... تەنانەت ئامادە بوو هەڵیگریت. بەڵام بۆ پێشمەرگە ئەوە کاری کردەنی نەبوو. ماڵی میرزا حەسەن ئاوا بێ بۆت تێکەوت و کارەکەی مەیسەر کرد. وا دەزانیت ئێستایە، میرزا حەسەن ڕۆیی دەم و دووی ماڵە بابی تاقی بکاتەوە. نزیکەی هەفتەیەکی پێچوو، بەڵام چ هەفتەیەك! دڵت لە مستدا بوو! دەبێ، نابێ ! سەری هەفتە ترومبێل لە شارەوە هات. پڕ بە دڵ حەزت دەکرد وەکو منداڵ بەرەو پیری ترومبیلەکە بچی. شەرمت دەکرد، یا ڕاستیەکەی دەترسایت، چونکە پێشتر چەند کەسێکی دیت ناردبوون و هەروا دەست لە گونان شۆڕتر گەڕابوونەوە. دەترسایت میرزا حەسەنیش هەروەکو ئەوان بێت و کۆشکی هیواو ئاواتت هەرەس بێنێ. زۆر جار دڵخۆشی خۆت بەوە دەدایەوە ئەگەر نەشی دەن قەیدی نییە. هەر بە مەرجێ ئەو شو نەکات و جارێ دانیشێ. بەپەلە چویت بۆ لای پورە حەلاو... دەست و دامێنی کەوتیت کە بچێت تاقیبێکت بۆ بکات کە میرزا حەسەن لەگەڵ ترومبیلەکەی ئاواییدا هاتووەتەوە یان نا ؟! پورە حەلاو ڕۆیی، کەس خۆزگەی بەو ساتانەی تۆ نەبێ. دەتگوت لەسەر ئاگر دانیشتویت، قەدەرێکی پێچوو پورە حەلاو هاتەوە. هەر لە دوورەوە بزەی دەهاتێ... هیچ دڵت بە بزەکەی خۆش نەبوو. دەترسایت لەبەر دڵی تۆ بێت و بەس. هەرکە لە دالانەکە وەژوورکەوت بە شپرزەییەوە وتت:

– خێرە پورە حەلاو !

– پورێ لە دەوری سەرت گەڕێ، بە دڵی دۆست بووە.

لە خۆشیا نەتدەزانی چی بکەی، بە تۆ بوایە باوەش بە پورە حەلاودا بکەیت و تێر تێر بۆنی پێوە بکەیت، ئەوجا تۆزێ هێدی بویتەوەو وتت:

– ئێ پورێ دە بۆم باس کە... باشە دایکم بۆ نەهاتووە ؟!

تەماشایەکی کردیت. هەستت دەکرد یەك پارچە شادی بەسەر ڕوخساریا بارییووە...

– جا دایکت بۆ چییە لە منت کەوێ! ئەدی من چیم لێرە! دایکت لەبەر جلك هەڵگرتن نەهاتووە! سبەینێ من و میرزا حەسەنیش دەگەڕێینەوە و بە پیکابەکە دەڕۆین.

هەر هۆپێکت لە خۆما: دەگەڕێنەوە! بۆ ؟.

هەناسەیەکی شادیت هەڵکێشاو گوتت:

– بۆ ؟

– ئەدی نازانی؟! من بە بەربووکی دەچم، جا بزانە چ بووکێك بۆ کوڕی خۆم بڕازێنمەوەو تاس و لوس بدەم! بەم دوو ڕۆژە ئەوەندەی شت دەربارەی مێرد و ماڵ و هەڵس و کەوت فێردەکەم کە لە تەواوی عومریدا فێری نەبووبێ. بووکێکی ئەوەندە ئەهل و سەهلت بۆ دێنم هەتا ماوی هەر ڕەحمەت بۆ گۆڕی مردووم بنێری.

لە خۆشیانا هەر خەریك بوو پەڕو باڵ دەربکەیت. بێوەی خوا حافیزی لە پورە حەلاو بکەیت وەدەرکەوتیت. لە ئاواییدا جێت نەدەبووەوە، چویتە دەرێی گوند و کەوتیتە پیاسە. وەك چۆن چەك غیرەت و پیاوەتی بە کوڕانی گەنج و خوێن گەرم دەبەخشێت، گەیشتنە ئاواتیش شتێکی سەیری لەو بابەتە بە مرۆڤ دەبەخشێ، ئازای ڕۆحی مرۆڤ دەبێ بە متمانەو پشت ئەستووریو هەست کردن بە پیاوەتی خۆ...

شەوێ میرزا حەسەن وەکالەتنامەیەکی پێنووسیت کە سەلاحیەتی مارەکردنی بووکێی هەبێ. ئەو مژدەیەشی دایتێ کە خەبەری لە سوارانی گوندەکانی دەوروبەر گێراوەتەوە تا ڕۆژی دووشەمە بە پیری بووکەوە بێن. لە بری ئەوەی شاد بیت وجێ بە خۆت نەگری، تەواو دامایت. میرزا حەسەن بە زەبری دنیا دیدەیی خۆی هەستی خوێندیتەوەو گوتی:

– ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ناشێت بیر لە مەسرەفی نان و چێشت بکەیتەوە! ناهەقت ناگرم پێشمەرگەیت و دەستت کورتە. بەڵام با ئەو مژدەیەشت بدەمێ کە ئێمە عادەتمان وایە بە هەموو گوندەکە مەسرەفی نان و چێشت دەکەین. وە نەبێ ئەمە هەر لەبەر خاتری تۆ بێ. عادەتە عادەت کوڕم! خۆ بۆ تۆ کە پێشمەرگەی زیاتریش دەکەین. هەموو ماڵێك ڕۆژی بووك هاتن شاییانە و هەر کەسە لە ماڵی خۆی فاخیرترین نان و خواردن دروست دەکات و هەموو دێن لە دیوەخانی گوند پێکەوە نان دەخۆن. حەزدەکەم خۆت سەخڵەت نەکەیت و خۆت بە قەرزاربار نەزانی، ئێمە ئەمە بۆ کوڕی خۆمان دەکەین، بەڵام ماتیەکەت پتر هی گەورەیی خۆشیەکەتە، یاخوا هەر لە خۆشیدا بیت. زۆرجار خۆشی گەورە پیاو مات دەکات، هەر تۆ وا نیت! ئەوە ئیتر سبەینێ من و پورە

حەلاو دەڕۆین، خوا یار بێ ڕۆژی دوو شەممەی موبارەك دەمەو عەسر بووکت بۆ دەگەیەنینە ئێرە.

* ***

دووشەمە بوو، گەورەو بچووك، کوڕو کچ، ژن و پیاو خۆیان ڕازاندبووەوە.. دوکەڵکێشی وەجاخی هەموو ماڵان، بۆنی پڵاوو قاورمە، بۆنی سوتانی بڕەداری تەڕ مرۆڤیان مەست دەکردو گەواهی بەرچاو تێری ئەو خەڵکەیان دەدا. زستان دوا ڕۆژەکانی خۆی بەڕێ دەکرد، ئەرز تەواو نێر بووبووەوە. زەوی کزرو ئاسمان شین و ساف بوو. ریزی ڕەشبەڵەك ئەمسەرو ئەوسەری دیار نەبوو، ڕۆژ ڕۆژی دلبەرو دڵدار بوو. قریوەی چۆپی کێش، هاڕەی گۆبەرۆك، خرینگەی لەرزانە. قرمژنی ناو بەناوی تفەنگ و دەمانچە، چاوبڕکێی کوڕان وکچان، لەرەی سینەو مەمك، دیمەنی جامانەی بە شان و ملا کەوتوی ئاشقان، تەنکە ئارەقەی سەر کوڵمی کچۆڵان، هەڵهەڵەی زوڵاڵی قەیرە ئافرەت، تەزووی ئارامیان بەگیان دەدا. تۆش تاوێك هەڵپەڕیت، پاشان شایی کەران زوو دەریان کردیت.

– کاك سادق تۆ نابێ خۆت ماندوو بکەیت!

– هەڵیگرە بۆ شەوێ !

– شایی تۆو بووکێ شەوێیە.

لە خوات دەویست. لەگەڵ کاکە ڕەشدا چویتە سەربانی مزگەوتەکە، چاوێکت هەر لە ڕێگا بوو.

– کاکە دۆغری گیان، کە شەوێ چویتە کن بووکێ وەکو کوردی دۆ نەدیو پەلاماری نەدەیت. چونکە هەوەڵ شەوی ژن و مێردایەتی بۆی هەیە کار لە سەرانسەری ژیانی ئەو ژن و مێردە بکات، جا چ بە باری چاکەداو چ بە باری خراپەدا. بۆیە پیاو دەبێ ژنەکە هێدی هێدی ڕام بکات و شەرمی بشکێنێ و خۆی لە دڵیا شیرین بکات! چونکە ئەو شیرینیە لە سەرانسەری ژیانیاندا دەمێنێتەوە. ئەگەر خۆت لەبەر چاوی تاڵ بکەیت ئەوا ئەمیشیان هەر... ئەوەش بزانە کە دەچنە پەردەوە، کوڕو کاڵ دێن بەر دەرگات لێدەگرن: دی تەواو نەبویت! خێراکە، چیت کرد و لەم بابەتە قۆڕیاتانە .چونکە لە ئەقڵیەتی عەشایەریدا زوو زاوا بوون نیشانەی پیاوەتی و ڕەسەنایەتیە. خۆ هەندێك هەر بۆ ئەوەندە دێنە بەر دەرگا تا زاوا بێتە دەرێ و دوا فیشەکی خۆیان بتەقێنن و بڕۆنەوە، چونکە کە زاوا بە زاوا دەبێ کوڕو کاڵ تەقەی بەسەردا دەکەن و پاشان گەنم گردو جۆ بڵاوی لێدەکەن. بەڵام تۆ گوێی مەدەیە. دەتوانی هەڵیان بخەڵەتێنی و بەر لەوەی بە زاوا بیت بێیتە دەرێ، با تەقەی خۆیان بکەن و بڕۆن.

* * *

کە سەرت هەڵبڕی و تەماشای بەری ئاواییت کرد، هەر سوار بوون و بەرەو پیری بووکێ دەچوون، دووربینەکەت نایە چاوتەوە. بووکێیان لە ترومبیل دابەزاند، تارای سورمەچن بەسەر بووکێوە لە دوورەوە دەبریقایەوە. بووکیان سواری ماینێك کرد، لالە حەمەش جڵەوی ماینی گرتە دەست. ساڵحۆك و ئەحمەد چاوجوانیش لەملاو لەولاوە ڕکێبی بووکێیان گرت، بارگەو بارخانەی بووکیان لە دوو سێ ئەسپان نا، بەربووك سواری یەکێکیان بوو، هێدی هێدی کەوتنە ڕێ .

سواران کەوتنە سوار سوارێن بە چوار دەوری بووکدا، لەم لاشەوە کوڕانی تفەنگ بە شان و دەمانچە لەقەد کەوتنە سەربانان. چاوەڕوانی یەکەم تەقەی پێشوازانی بووک بوون، تا ئەمانیش لێرەوە دەست پێبکەن. قامیشێکی درێژی سەر لەلە کراویان دایە دەست تۆ، کە بەر لەوەی بووکێ وەژوور کەوێ بەسەرو شەدەکەیدا بدەی، گوایە سامت بەسەریا دەشکێ ! لەم لاشەوە چەند کەسێك سەرو کیسە مێوژو برێشکەو شەکرۆکەیان بە دەستەوە گرتبوو، هەرکە بووك بگاتە جێ بە سەریا هەڵدەن. گوایە پێ و قدوم و سەری بەرزق دەبێ !.

یەکەم تەقە لەولاوە کرا، ئیدی لەم لاوە سەری کرایەوە... کوڕ ئەو کوڕە بوو زۆر تەقە بکات، گوایە نیشانەی دڵسۆزییە بۆ بووك و زاوا. بووکێ زۆری دڵ پێخۆش دەبێ و دەڵێ: ئەمە هەموو لە خۆشی منە!...

بووك گەییە جێ. بووکێ غەنزری: دانا بەزم!

هۆپێکت لە خۆ ما. خۆ پوورە حەلاو گوتی: "... بووکێکی ئەوەندە ئەهل و سەهلت بۆ دێنم هەتا ماوی هەر ڕەحمەت بۆ گۆڕی مردووم بنێری...".

ئاپۆڕاکەش هەر بە خەیاڵیاندا نەدەهات! هەر یەکەو خەریك بوو زەفەر لەبەر بووك بێنێ و ڕستە پشقلێکی پێدا بکات. تا پوورە حەلاو بە جنێوان شرت و شۆیان لێبڕێ و پێکەنین و بەزمیان دەربچێ...

– دایك چاك، باوك چاك وەرە خوارێ.

– نایەمە خوارێ تا بەخشیشێکی چاك نەدەنە ئەم پیاوانەی سەرپەرشتی ماینەکەیان کردم. دەبێ شتێکیش لە قەبێلی من بکەن.

داخوازی بووکێ جێبەجێ کران. پاشان ژنان بە پێکەنین و شۆخییانەوە گوتیان: ئێستا کاری ئەو پیاوانە رایی کرا. بۆ خۆتیش جوانە گا سوورت لە قەبێڵ دەکەین!

پاشان زانیت "جوانە گاسوور" مەبەستیان لە زاوایە!

***

لەگەڵ بانگی شێواندا کرایتە پەردەوە. بۆنی بخوردی داگیرساوو خەنەی لە دەست وپێی بووك گیراو، مێخەکی تازە کزرەوە بوو، چاوی گەشی بە کل رێژراو، نەشئەی بە گیان دەبەخشی.. دوای قەدەرێ لە دەرگاوە هاواریان لێکردیت:

– سادق تەواو نەبوویت !

ئاتە راچڵەکی، بە شەرمێکەوە خۆی پێوە نووساندیت، بە ئەسپایی گوتی: ئەیەڕۆ ئەوە چییە... حەیامان چوو!.

– کوڕە دەخێراکە چیت کرد، خۆ ڕەبایە بوایە دەمێ بوو گرتبووت !.

چوویتە دەرەوە، تۆقەیان دەگەڵ کردیت، چوویتە سەرەوە. هەر کەسەو تەقەی خۆی کردو رۆیشتەوە...

ساڵێ بەسەر ژن هێنانتا ڕەت نەبوو، چەکت دانا، هەرکە بۆنی دووبەرەکیت کرد ئیدی دیش کەمت لێکرد... بەڵام سویندەکەی خۆت هەر لە بیر بوو: بە قورعان، بە شەرەف خیانەت لە کوردو کوردستان ناکەم.

وەکو هەندێ کەس نەبوویت بە قۆنتەرانچی، بە هەزار قەرزو قۆڵەو کارو کاسبی و باربووی خزمان ستارەیەکی هاکەزاییت پێکەوە نا. شانت دایە بەر کارو کاسبی....

***

جگەرەیەکی دیت داگیرساند : سەیرە، دڵی دایك و باوکیش سەیرە، دەڵێی هەر مستۆتان هەیە! بەڵام باوەڕ بکە هەزار منداڵت هەبێ هەریەکەیان تامی خۆی هەیە....

ئاتە هاتە ژوورەوە. بە ماتییەوە لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت. قەرەوێڵەکە کەوتە جیڕە جیڕ....

– پیاوەکە قەت ئەوەندە دڵڕەق نەبوویت! ئەوە چەند وەختە لەو کوڕە ناپرسیتەوە... ئاخر هەواڵێ، سۆراخێ. خۆ کلکی کەری وەیسی نەبڕیوە، هەقە شانازی پێوە بکەیت...

– هم... کەڵەمە ڕەقە، کەڵەمە ڕەق! ئافرەت من دەیناسم، دوور نییە ئەگەر بچم بۆ لای قسەم لەگەڵدا نەکات.

– ئاخر پیاوەکە گوناحە. هەست بە هێلاش کەمی دەکات! هەست بە بێکەسی دەکات، لە ناو برادەرەکانیا دەشکێتەوە...

خەلفە سادق کەوتە سەرلا. ئاتە پتر هاتە سەر قەرەوێڵەکە، جیرە جیڕی قەرەوێڵەکە ختووکەی حەزی هەردووکیانی دا. خەلفە سادق دەستی بە پێکەنینێکی نەرم کرد. ئاتە پرسی:

– ئەوە بە چی پێدەکەنی ؟!

– بیرتە یەکەم شەو کە تۆیان بۆ گواستمەوە بۆ "باخە کۆن"، ژوورەکەی ماڵی شێخ کەریم! ئەو زەلامانەی هاتنە بەر دەرگا گوتیان: .... خۆ ڕەبایە بوایە دەمێ بوو گرتبووت!

هەردووکیان پێکەنین... ئەوجا ئاتە گوتی:

– دەباشە لەبەر خاتری ئەو شەوە سەرێکی مستۆ بدە.

سادق نیگایەکی ئاتەی کرد، نیگایەك هەر هەمووی قایل بوون، نەرم بوون بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: من دەیناسم چ کوڕێکی مەغرورە! لەوانەیە بشچم بۆ لای قسەم لەگەڵ نەکات. بەڵام هەر چۆنێ بێ لە خوێنمە.. بەو حاڵەشەوە هەر خۆشم دەوێ. لە سبەی زووتر نییە....

((5))

بەیانی پەتۆکەم بردەوە. میرزا ژن مانگای دەدۆشی. چۆڕاوگەی شیر بە قوڵە گۆشتنەکەیدا دا چۆڕا بوو...

– فەرموو کاکە بچۆ سەرەوە ئێستا دێم.

حەزم نەدەکرد بچمە سەرەوە، بەڵام سەفتە پارەکەو سەرقاڵی میرزا ژن ناچاریان کردم سەرکەوم.

پاش تۆزێك میرزا ژن هاتە سەرێ.

– بەخێر بێی سەرچاو.

– میرزا دیار نییە ؟

– بزنەکانی ڕەوان کردووە، ڕەنگە تۆزێکی دی بێتەوە.

– میرزا ژن، بێزەحمەت ئەم پریاسکەیە لەنێو پەتۆکەدا بوو. ویستم شەویٚ بۆتانی بێنمەوە، بەڵام ئیدی درەنگ بوو، ببورن خستمە ئێستا.

که چاوی بە پریاسکەی گۆڕین کەوت ڕەنگی تێکچوو.. شەپێکی بە ڕوومەتی خۆیدا داو:

– ئەیەڕۆ، سەرم بە تاشین چیٚ.. باشە ئەگەر دەستی حەڵاڵزادەیەکی خۆت ئاسا نەکەوتایا !

گوێت زرنگایەوە:*((پێشمەرگایەتی ئەشقێکی رووتی بیٚ ریبایە...))*

– ڕەبی خێر بێتە ڕێت... دایمە دڵخۆش بیت وەکو دڵی منت خۆش کرد... خۆزگە میرزا لە ماڵ بوایە.

"پێشمەرگە ناز هەڵگری خەڵك و خاکە..."

– خوایە سایەی پێشمەرگەمان لەسەر کەم نەکەی .

" پێشمەرگە گوڵی هەمیشە بۆن دارە..."

قاوەڵتیم کردو کەوتمە ڕیٚ....: نا، نا هێشتا باشم، بۆنی چڵکاوم نەگرتووە!.

هێدی هێدی بەرەو دەرێی گوند چووم. لە تەنیشت زبڵدانەکەی قەراخ گوندا چووم بەسەر مریشکە بە کڕێك و ڕەوە جوجەڵەیەکدا. کە گەییمە ئاستی ڕەوە جوجەڵەکە، بە جووکە جوك و خنەخن بەرەو دایکیان غاریان دا.. مریشکەکە قیژەیەکی کرد، باڵەکانی فش کردەوەو بەرەو من هات.

" تەنانەت مریشکە بە کڕیش لەسەر بێچووی خۆی دەکاتەوە !"

گەلێك دیمەن لەبەر چاوو خەیاڵم زیندوو بوونەوە. کە لە شەڕە قورسەکە گەڕاینەوە، وام هەست دەکرد گەلێك لە پێشمەرگەکانمان دووچاری بەزینی کاتی بوون. جا خەڵکی بەزیو زۆر جار خەتەرە، داخی بەزیوی خۆی بەسەر هەموو شتێکدا، تەنانەت بەسەر دۆستیشدا دەرێژیٚ. ئێستاش لەبەر چاومە خالیدی مەلا ساڵح جوجکێکی گۆشت نەخۆرەی بەبەر چاوی خەڵکییەوە خستبووە سەر دەستی و بە توڕەییەوە هەڕەشەی لێدەکرد:

– ئەگەر پێم نەڵێی دایکت لە کوێیە، خۆت دەخۆم...

بەشی زۆری خەڵکی گوند، لە ترسی تۆپباران گوندەکەیان بەجیٚ هێشتبوو، لە پەنا بەردو ئەشکەوتەکانی دەوروبەری گوندا کەپرو پەنایان دروست کردبوو.

ئومێد، دۆستی نزیکی پێشمەرگە بوو. هاتبۆوە سەر هەواری خاڵی، تاقە ژوورەکەیان بۆ گسك دابوو..

ئاری ،پێشمەرگەیەکی منداڵکاری ڕوح سووك، کەوتبووە دڵدانەوەی...

– کاکە ئومێد با بچین مەقەڕەکان بگەڕێین!

– جا برا گیان بۆ مەقەڕ بگەڕێم.. پاش چی!

– نا، هەر دەبیٚ پێکەوە بچین، بزانین شتەکانت دەناسیتەوە. شت لەلای پێشمەرگە نافەوتیٚ...

– گریمان ناسیمەوە. سەرمایەو پەتۆ هەر قابیلی پێشمەرگەیە. برسین، ئازووقە هەر بۆ ئەوان چاکە... بەڵام تاڵان کردن ! خۆ تۆ بە چاوی خۆت ژوورەکەت بینی! وایان گسک داوە وەك ئەوەی هەرگیز ئاوەدانیی بە خۆیەوە نەدیبێ! ئاخر ئەمە کردەوەی پێشمەرگەیە یان...!

ئاری، وازی لێنەهێنا بوو. هێنا بووی بۆ لای سەربەست، گوایە نیمچە مەسئولێکە! بە خۆم لەوێ بووم.

– کاك سەربەست، ئەمە کاك ئومێدە، هەموومان دەیناسین و دۆستی خۆمانە... دەرگای ژوورەکەی شکێنراوەو هیچی تێدا نەهێڵراوە...

– جا من چی بکەم... با بەجێی نەهێشتبایە...

ئومێد، نانی بردبوو بۆ پێشمەرگەکانی سەر شاخ!

– قەیدی نییە کاك سەربەست، با ناو پەتۆو شتەکان بگەڕێ...

– پێشمەرگەی من هیچیان نەهێناوە.

ئومێد هاتە قسان:

– برا گیان، خۆ من ناڵێم پێشمەرگەی تۆ!!! خوا نەخواستە دزن... بڕۆ سەیری ئەو ژوورە بکە، بزانە لەشکری مەغۆلیش شتی وایان کردووە!

سەربەست بە دەم یاری کۆنکانەوە سەری هەڵبڕی و خۆی گیف کردەوە !

– دەوەل بە لەبەر چاوم، ئەوە جنێو بە شۆڕش دەدەی!

– نەخێر ئەو پەتۆیەی جەنابت لەسەری دانیشتویت جنێوە بە شۆڕش، ئەو وەرەقانەی کۆنکانی پێدەکەی، ئەو قەڵەمەی تەرەقەکانی پێدەنوسیت، ئەو کتێبەی تەرەقەکانی لەسەر دەنووسیت جوێنە بە شۆڕش و... ئاخر هەر چواری وەکو تۆ ناوی پیرۆزی پێشمەرگە دەلەوتێنن جەنابی شۆڕشگێ.....!

سەربەست تووڕە بوو، سوور بۆوەو هەستایە سەر پێ، وەرەقەکانی هەر بە دەستەوە بوو:

– پێت دەڵێم بڕۆ بەڕێی خۆتەوە ئەگینا یا دەت تۆپێنم، یا شەهیدم دەکەی !!

***

مانگە شەوێکی خۆشە، هەوا فێنکە، دنیا بۆنی پایزی لێدێ... پەڵە هەوری پەڕاگەندە، چەشنی پینەی کراسی هەژاران، لێرەوە لەوێ بەری ئاسمانی گرتووە، مستۆ سەعاتەکەی دایە بەر تریفەی مانگەکە، جوان لێی ورد بووەوە:

هێشتا سەعات و نیوێکم ماوە! دەی بەم مانەگە شەوە خۆشە سامانیش هەڵناستێنم، نۆرەکەی ئەویش دەگرم... ماندووە، لە ڕێوە هاتووە...

مستۆ تفەنگ بەشان، بە بەر مزگەوتەکەدا دێ و دەچێ، جارجارێ، شنەیەك چنارەکانی ئەو بەرەوە دەخاتە سەما. گەڵای ڕژاوی بن چنارەکان بە ئاستەم بەرز دەبنەوەو پاشان بە ئەسپایی لە جێی خۆیان دەنیشنەوەو هەموو شتێك دەچێتەوە باوەشی خامۆشی. لەپڕ لوورەی دوورو درێژو ناسازی سەگێك بێدەنگییەکە دەشڵەقێنێ. مستۆ دڵی دادەخورپێ :

– شوومە، شووم. لوورەی سەگ بە دوومە، لە کوردەواریدا پێڵاو دەم و قڵپ دەکەنەوە. نازانم ئەمە چ دەگەیەنیٚ! گوایە لە بەڵا بە دوور دەبن ! عادەتی سەیرمان هەن. یا هەر ماڵیٚ کە سەگ رادەگریٚ، هەر بە توتکی گوێی دەکەن، گوێچکەکانی دەرخوارد دەدەن، گوایە دڕ دەبیٚ!...

لێرەش وایان لە کەسانی منداڵ و هەرزەکار دەکرد... نارنجۆکێکیان دەدایێ :

بڕۆ فلاّن کەسی پێبکوژە... لە فلاّن شوێن بیتەقێنەوە.. بیرت نەچیٚ ئەڵقەکەی بێنیتەوە! ئەگینا باوەڕت پێناکەین!

ئیدی ئەڵقە بوو بوو بە سەنگی محەك !!

ئای خولە قوچ! زۆڵی بیژی! چ ئاوێکت ڕشتووە ! چەند کەست لەوتاندووە! خستوونتە ریزی تاوانکارانەوە، چەند کەست بەدناو کردووە !

خولە پیاوێکی بالاّبەرز، سورفڵێکی دەم و چاو مەگەزاوی، چاو شینی چاو شێوە بادەمی بوو. ئێستاش هەندێ لە قسەکانی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە :

***– قازانجی حیزب لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، هەر کەسیٚ دڵسۆز بیٚ دەبیٚ ملکەچی تەواوی بڕیارەکانی حزب بیٚ... ئێمە لە پێناوی پاراستنی ریزەکانی حیزبدا تەنانەت ئەندامانی خۆیشمان دەکوژین. رێکخستنی پۆڵایین ئەمەی دەویٚ ! ئا، دەیکوژین و پاشان لە بەرچاوی خەڵکی فرمێسکی بۆ دەرێژین....***

خولە قوچ، حەرامزادە... ئەمەت کردبوو بە کوتەکی دەستت، چاك و خراپت پیٚ سەرکوت دەکرد. چاوت دەگێڕا. یەك یەك خەنیمەکانی خۆت دەست نیشان دەکرد، ئەوجا بەستەزمانێکی کەم تەجرەبەت دەهێنا، گوێیت دەبڕی !! تەواو قورمیشت دەکرد !

– ئەو کلاّشینکۆفە بگۆڕە، بچۆ بڵیٚ کاك مەحمود دەڵیٚ: دانەیەکی بیٚ قۆناغمان هەیە، با ئەوەت بدەنیٚ. هەر بۆ خۆت با دیاری من بیٚ...

دەستێکت بە پشتیا دەداو هەر جارەی بە شێوازیٚ دۆردییت لێدەکرد:

– نهێنی حیزبی درکاندووە !

– جنێوی داوە...

– پێوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە!

– خەتەرێکی گەورەیە!

– پوازە...

– بیری ژەهراوی بلاّودەکاتەوە.

ئافەرین بۆ خۆت و زۆڵیت کاك مەحمود! خولە درێژ.. تۆ خەڵکی بە چی دەزانیت! سەیری دەوروبەری خۆت کردووە ! دەزانی کێت لە دەوری خۆت خڕکردووەتەوە، یا گەنجانی نەفام و خوێن گەرم یا خەڵکی بودەڵە، خەڵکانیٚ کە قەت سەنگی کۆمەڵایەتییان بە خۆوە نەدیتووە ! ئافەرین بۆ خۆت و زۆڵیت... هەر ئەوانە بە کەڵکی تۆ دێن، چونکە ئەوانە بە داو دوو دەستە هەوڵدەدەن بگەنیٚ، قیتاری سەریعن! بە دزی بیٚ، بە.... گرنگ نییە، کە مرۆڤ نەیتوانی خودی خۆی بیٚ ئیدی بۆ دەروویەك دەگەڕیٚ، بۆ پەنایەك دەگەڕیٚ جا بە هەر ڕێگەیەك بیٚ، تاوان، زەبرو

زەنگ، چەوساندنەوە... تامەزرۆیی هەموو شتێکیان لا دەسرێتەوە، ویژدانیان سڕ دەکات. زمانیان گریێ دەدات، ڕاستییان لەلا دەکوژێ، کە ڕاستیش مرد یا زیندەبەچاڵ کرا ئیدی هەموو شتێك... بەڵام مەحمود باوەڕ بکە، سەد ئەوەندەی تر ویژدان و ئەقڵ بلەوتێنی ئەوجاش بۆت ناچێتە سەر. گۆڕی خۆت هەڵدەکەنی. تۆ بابایەکی بۆرژوا سروشت و بیری. بۆرژواش تەنیا پشووی سەڵەفیێ- دووانی هەیە، پاشان دەداتەوە کەندێ، گێر دەگۆڕێ و لە لۆفەی سازشکاریدا "120" قەپات دەکات و بای بای. جا بۆ خۆت هەر ئەو چۆڕە ئاوەی بەر دەستت لیێڵ بکە. لیێڵی بکە با لە بەر چاوی خەڵکی قووڵ بنوێنێ!

خولە قووچ، ئەمشەو رۆحم بێدار بۆتەوە. ئۆقرەی لێهەڵگرتووم، حەوانەوەی لێبڕیوم. نا، نا ئەمشەو کەس خەبەر ناکەمەوە، نۆرە حەرەسیاتی هەموویان دەگرم. ڕۆحم بێدار بۆتەوە، گوێم دەزرینگێتەوە. خەیاڵ بەرۆکم بەر نادات.

کە بابم هاتبوو بۆ لام بە تامەزرۆییەوە دەیڕوانییە تفەنگەکەم، پێدەچوو لە دڵی خۆیدا داخ بۆ ساتێ تەمەنی گەنجی هەڵبکێشێ.

- کوڕم چ خەمی تەواو نەکردنی جامیعەکەت مەخۆ، کۆمەڵ جامیعەیە.. شۆڕش زیندووترین وانەیە..

مەحمود، ڕۆحم بێدار بۆتەوەو بەرۆکم بەرنادات، مەحمود بەرتیلە بزە، رۆخۆشی درۆ، زۆر بڕ ناکات. جا هەر دەمامکەکەت توند بکە ! هەر بە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆتی بزانە! کەسانێ هەن پۆلیسەکەی ژێرەوەی بە زەقی دەبینن ! خۆزگە تۆش گوێت لێدەبوو بابم چی بۆ گێڕامەوە:

- لەو شەوانەدا لە دوکان دەگەڕامەوە... تاریکە شەوێ بوو چاو چاوی نەدەبینی، ڕێژنەی بارانی سەر بەکڵاوە کە دەگەیییە ئاستی گڵۆپی عامودی سەر شەقام و کۆڵانەکان وەکو داوی گڕ بەخێرایی بەرەو زەوی دا دەکشا. کزە بایەکی ساردی دەهات. لە دوورەوە تارماییەکم بەدی کرد، بایەکە لولی دەدا و تەکانی پێدەدا. هاتە پێشترەوە، لێکدی نزیك بووینەوە، ئاو لەسەراپای دەچۆڕا. وەکو شەقشەقە دەلەرزی. کە دیقەتم دا پورە مێرەم بوو. پورە مێرەمی دراوسێمان، نایەتەوە خەیاڵت ؟! دایکی سیابەند، بە خاوەخاو لێم هاتە پێشەوە. دەستی خستە بەر پشتێنەکەم، لێوی کەوتە تەتەڵە. چاوی بڕییە ناو چاوم. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. بە لێوە لەرزێ گوتی: سادق رۆڵە، ئێوە خێڵی دۆغریتان پێ دەڵێن. تۆ پیاوێکی مەردی، لە ئاستی هەقدا ملت لە موو باریکترە. مەردی خوابە پرسیارێکت لێدەکەم ڕاستم پێ دەڵێی؟! گوتم: ئەدی مەعنای چی باجی مێرەم، تۆ سەروەری ئێمەیت. فەرموو ئەمرکە. وتی خۆ تۆ سیابەند دەناسیت ؟

گوتم: کام سیابەند ؟!

ڕووی گرژ کرد، دیار بوو ئەو قسەیەی زۆر پێگران بوو. خوا دەزانێ لە دڵی خۆیدا چەندی جنێوداوە.

- سیابەند، سیابەندی کوڕم، سیابەندی جوانە مەرگ ؟!

- بەڵێ، بەڵێ ئەدی چۆن !

- سیابەند خاین بوو ؟

– نەخێر ... بۆ ؟

– هیچ هەر ئەوەندەم مەبەست بوو. خوا حافیزت بێ کوڕم... خێرو خۆشی بێتە رێت.

ئیدی خۆی دایە دەم بایەکەوەو بە نێو کۆڵانە تاریکەکاندا کەوتە ڕێ. هەر بۆڵە بۆڵ و ورتە ورتی بوو. پێدەچێ تێك چوو بێ!...

باشە مستۆ تۆ شتێك دەربارەی سیابەند دەزانیت !؟

سەرم خستە نێو هەردوو دەستم. هەندێ نێو چەوانم گوشی و سەرم بەڕاست و بە چەپدا بادا.

***

ئەم سەگە ناز تۆپیوە. شتێکی بە چاوەوەیە .

بەپەلە چووم، پێڵاوی یەکێك لە پێشمەرگە نووستووەکانم دەمەو قلپ کردەوە! هەرچەند باوەڕم بەمە نەبوو، بەڵام بەو کارە ئیسراحەتم کرد !

دەنگی تاق تاقکەرەیەك، ئارامی شەوەکەی دەشەڵەقاند و غوربەتی ناخی جۆش دەدا.

خەیاڵ دەستم دەگرێ، بە قوتابخانەکانی شارمدا دەگێڕێ... چاو دەخەمە سەر یەك، چاو دەکەمەوە، موچڕکەیەکی ساردم پێدا دێت. مامۆستایەکی ئافرەتی منداڵکار، خرپن، مەلۆی قژ بەسەر شان و ملیا لالا کەوتوو، ئەسمەرێکی چاو سەوز، بە دەنگێکی ناسك :

– تۆ هەستە ڕۆڵە.

– م... ن ، مامۆستا ؟

– بەڵێ. ناوت چییە ؟!

– ڕەنج سیابەند .

– ئافەرین.. بابت چی دەکات ؟

منداڵەکە ڕەنگی دەبزرکێ، هاوپۆلەکانی ئاوڕی لێدەدەنەوە. ئەو سەر دادەخات. چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك ! قوڕگی پڕ دەبێ لە گریان... یەکێك لە منداڵەکان لاسارانە دەڵێ : مامۆستا، مامۆستا. باوکی کوژراوە، خاین بوو...

ئە گەر ئەمجارە بابم دێتەوە بۆ لام.. بابە پێی بڵێ.. بە باجی مێرەم بڵێ... نەخێر، نەخێر سیابەند خاین نەبوو. پێشمەرگە بوو، شۆڕشێکی لە ناخا هەڵگرتبوو. دڵسۆز بوو. بە باجی مێرەم بڵێ: تا دەتوانێ شانازی پێوە بکات، سیابەند شەهیدی هەقیقەتە....

" پێشمەرگایەتی عەشقێکی ڕووتی بێ ڕیپایە...."

بابە، بە هەمووتان ڕەنج تێبگەیەنن کە کوڕی کابرایەکی خاین نییە... کوڕی شەهیدێکی گەورەیە !.

– مستۆ .

ڕادەپەڕم: بەڵێ هەڵکەوت گیان

– ئەوە بۆ هەڵت نەساندم، خۆ نۆرەکەم تێپەڕیوە !

– قەیدی نییە، بڕۆ بخەوە.. خەوم نایەت ئەگەر بچمە ناو جێگاکەش هەر خەوم لێناکەوێ، جا ئیدی بۆ... بڕۆ بخەوە شەو باش...

گوێم دەزرینگێتەوە.. بێ ئختیار گوێم دەگرم و لە دڵی خۆدا : مردنم لە بیرە. مردنم لە بیرە... بە منداڵی وایان فێر کردبووین، هەرکە گوێمان بزرینگێتەوە وا بڵێین... جاری وابوو لە گەرمەی وازی و گەمەی نێو کۆڵاناندا یەکێکمان گوێی دەگرت و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: مردنم لە بیرە.. مردنم لە بیرە... مردنم لە بیرە...

ڕۆحم بێدار بۆتەوە.. ئۆقرەم لەبەر بڕاوە. شاشەی خەیاڵم قەرەباڵغە. سیمای شەپڕێوی هەڵکەوت، دەنگە هێمنەکەی، مێشك و گوێم فەتح دەکەن.

– زۆرم پێوت، بەڵام بێ فایدە بوو. کوڕە سیابەند ئاگات لە خۆ بێ داویان بۆ ناویتەوە. سرپۆت دەکەن لە نێوت دەبەن، ڕەشکوژت دەکەن!...بە پێکەنینەوە دەیگوت: ئەوپەڕەکەی دەمکوژن. دەزانی کاکە هەڵکەوت ئینسان هەقیقەتێکی پیرۆز و ئاڵۆزە.. کردار لە مەحەکی دەدات و مەرگ دوا بڕیاری لەسەر دەدات.

– کوڕە سیابەند پیاوی چابە... تۆ هێشتا نایان ناسیت. هەرزانی و گرانی بە دەستی خۆیانە.

– گوێ مەدەرێ هەڵکەوت گیان، کاك مەحمود دۆستی کۆنە . تۆ بڵێی ئەوەندە بێ وەفا بێ!.

– کوڕە سیابەند، مەحمود بابایەکی سیاسەت چییە، سیاسەت چی نابێ بە دۆستی کەس! مەسڵەحەت، تەنیا دۆستی مەسڵەحەتی خۆیەتی!.

– ئاخر گەلێ سری لە ژێر دەستمدایە، هێشتا کارەکانی تەواو نەبوون...

– سیابەند بۆ خوا پێت دەڵێم، هەر ئەمە دەبێ بە باعیسی مەرگت...

– قەیدی نییە کاکە هەڵکەوت، شۆڕش کردن خیانەت نییە، مەرگیش مەحەکی حەقیقەتی ئینسانە.

– بەڵام مەرگی تۆ، ئەو مەرگە نابێ کە خۆت دەتەوێ...

– دەیشارنەوە! دەیشێوێنن! با تەخسیر نەکەن، ئەوپەڕی تا ماوەیەك ئەمەیان بۆ دەچێتە سەر. چونکە هەموو هەقیقەتێك هەتاوی خۆی لەگەڵدایە، ڕۆژێ دێ لە ناوەوە هەڵدێ و تیشك دەخاتە سەرخۆی.

****

– مستۆ !

ڕاچڵەکیم، ئاوڕم دایەوە. حەسۆ بوو.

– بڕۆ بخەوە. ماندوو بوویت.

خۆم لە کیسە خەوەکەما لوول دا... لە جریوە جریوی چۆلەکەی سەر دارتووی نێو حەوشی مزگەوتەکە خەبەرم بووەوە. دەیان ناوو ڕۆژ لەسەر قەدی دارتووە زەلامەکە هەڵکۆڵرا بوو..

خۆمان کۆکردەوە. بەماڵەکاندا تەوزیع بووین. هەستم کرد لەشم کەمێك سووك بووە، بەڵام بڕێك وڕو کاسم.



مەحمود کەم دەرەکەوت. ئەوەندە تێکەڵ بە خەڵکی نەدەبوو. ئەگەر تێکەڵیش با زۆر کەمی دەگوت. بەمە چەشنە هەیبەتێکی بۆ خۆی دروست کردبوو. دەوروبەرەکەی گەنجانی نەفام و

خوێن گەرم یا کەسانی بودەڵەو ریباکار بوون. بە کورتی کۆمەڵە سێبەرێك بوون و بەس. ئەمانە وەکو توتی فەرمایشتەکانی هاوڕێ مەحمودیان دەوتەوە. شتی وایان دەگێڕایەوە و دەدایە پاڵ.. ئیدی دەیانگەیاندە کەشکەڵانی فەلەك! وای لێهاتبوو ئەگەر بە خۆیشی هاواری بکردایە، جاڕی بدایە: کوڕینە من ئەوە نیم وەکو ئێوە تێم گەیشتوون!... کەس باوەڕی نەدەکرد. نەخێر هەر یەك هاوڕێ مەحمود هەیەو نابێ بە دوو... بەخششی خوایەو بە ئێمە عەتا کراوە!

– بابەل باب هەر دڵسۆزی کوردو کوردایەتی بوون..

– بابی پێشمەرگەیەکی هەرە عەگیدی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بوو !.. هەر لە خۆشەویستی ئەویش ناو نراوە مەحمود!

– بنەماڵەکەیان لەسەر کورد بڕاوەتەوە..

مەحمود ژوورێکی بچکۆڵەی هەیە، تۆزێ چەپەکە.. وا باشە، موتاڵا زۆر دەکات. فاڵ بۆ چارەنووسی کورد دەگرێتەوە ! ژوورەکەی دوو دەرگای هەیە. دەرگای چەپ هەمیشە داخراوە... مەگەر تەنیا خۆی و هاوڕێ "پەروانە" لەو دەرگایەوە هاموشۆ بکەن! پەنجەرەیەکی بچووکیش دەڕوانێتە رۆژئاوا ! وێنەی مارکس و ئەنگلزو لینین.. لە ژوورەوە بە بەرزییەوە بە دیوارەکەدا داکوتراون. وێنەیەکی "ماو"یش لە خوار ئەوانەوە لەبەر خاتری خاترداران هەڵواسراوە !!

ئێستا بە ژوورەکەی خۆیدا دێ و دەچێ، خۆی دەدوێنێ:

– تا ئێستا باشت هێناوە مەحمود. هەر ئەوەندە کە بە تەواوی چاوترسێن بوون ئیدی داشت سوار دەبێ و بە کەیفی خۆت لێدەخوڕی. هەرکە چاوشکێن بوون ئیدی وەکو چۆن مەڕ چاوی بە گورگ دەکەوێ و قەڵەمی دەست و پێی دەشکێ و بێ چەندو چوون پێشی دەکەوێ.. ئاوا گوێ ڕایەڵت دەبن. مل کەچت دەبن. نەکەی بەسەر کەسیاندا باز بدەی ! چاویان بکرێتەوە دەتخۆن. زمانیان بپڕێت لە وارو یۆخت دەنیشن. ئەم چەکل و مەکلەی دەوروبەریشت غافڵ مەکە! دەمیان چەور بکە با دڕتربن  با کەس نەوێرێ لە ئاستی ئەوانیش بکۆکێ. فێری قسەی زلیان بکە. فێریان بکە چۆن درۆی باڵدار هەڵبەستن و کەس نەوێری پێیان بڵێ : درۆ دەکەن!.. زۆریش جڵەویان بۆ شۆڕ مەکە!...

ئەگەر ویستت تیز بە یەکێك بکەی، چاوت بچووك بکەوە، بە ئاستەم لێوت بترازێنە، ئەگەر پشتاو پشتیش ناسیاو بوو، خۆتی لێنەناس بکەو وا بنوێنە سەر قاڵیت و بیرت لای چارەنووسی میللەتە: تۆ ناوت چی بوو ؟!

ئا، ئاگات لەم دلێرە خوشك حیزەش بێ، خەریکە خۆی لێدەگۆڕێ، وای بتەزێنە جارێکی دی نەتوانێ لە بەردەمتا چاو هەڵبێنی. با بێ، با خوشکە قەحبەکەی بێ!... سەیرە بۆ نەهات! دوور نییە ئێستا لە ژێر درەختێکا خۆی دابێتە بەر کەڵەگایەکی دی... دەبێ بی بەستیتەوە. بەڵام..قوز بە قۆچەقانی پاس ناکرێ ! مردوو مراوە هێندە بە ئالۆشە لە دامرکانەوە نایەت. ڕێ لە ڕێبوار دەگرێ. وەکو مریشك بۆ هەموو کەڵەشێرێك فس دەبێتەوە. خێرەومەندە دەست بە رووی کەسەوە نانێ... نا، دەبێ بیبەستیتەوە. ئا، پتر رووی بدەیە و هەندێ کاری لابەلای پێ بسپێرە،

ئیدی کێ پیاوه با توخنی بکەوێ ! خۆ خەڵکەکەش شوکور ئەوەندە زۆجن پێوەری ئیحترامی هەرکەسێك لەلایان بریتییە لە ڕادەی پێوەندی ئەو کەسە بەم، یا، بەو مەسئولەوە.

مەحمود هێندە قووچە.. سەری خەریکە لە بنمیچەکە بدات. شەکەت و ماندوو، دێتە بەر پەنجەرە چکۆلەکە، هێندەی دی سوور هەڵگەڕاوەو چارەی ترشاوە .

– دلێر، نازانم پەروانە بۆ نەهات ؟!

– قوربان ئەگەر تا تۆزێکی دی نەهات، بەخۆم دەچم بە شوێنیا .

مەحمود لەسەر جێگاکە ڕادەکشێت، چاو دەبڕێتە بنمیچەکە...: نازانم...

لە پڕ بە ئەسپایی لە دەرگا دەدرێ، دەرگا دەکاتەوە. پەروانەیە... پەروانەی چی! دەڵێی تازە بە بووکی دابەزیوە. کە هەنگاو دەنێ سمت و کەفەڵی وەکو سپرینگ دەکەوێتە سەما. چاوە باشقاڵەکانی پیاو بەنج دەکەن. مەمکەکانی چەشنی جووتێ قومری سڵ کردو بە ئاستەم لە درزی کراسەکەیەوە دیارن. مەحمود توند مەچەکی دەگرێ. ئەویش کە لە هەموو ژیانیا هەر دۆخێن شل بووە. بەختی مەحمود ناز دەفرۆشێ. خۆی قورس دەگرێ.

– ئهە... ئا.. خر...

مەحمود دەست دەکاتە ملی. بەرەو لای خۆی ڕای دەکێشێت.. ئەویش خۆی ڕادەپسکێنێ. نایەوێ بە هاسانی خۆی بە دەستەوە بدات. دەزانێ سیحرو تامی ئافرەت لە نازفرۆشی دایە. ئەگەر ئەمە فەرامۆش بکات سیحرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

* *** *

– دلێر گیان چۆنی، بێزەحمەت ئەم کاغەزە هی سەلامە، بەڵکو دەیبەیتە ژوورەوە بۆ کاك مەحمود.

دلێر وەك ئەوەی بۆنی شتێکی کردبێ، بە دوو دڵییەوە دەڵێ :

– ئاخر ....

– زۆر زەرورییە، دەی من لێرە چاوەڕێی جوابەکەی دەکەم .

دلێر بە دوو دڵی خۆی بە ژووریدا دەکات. هەڵوەستەیەك دەکات.

– ببوورن...

خێرا دێتە دەرێ. ڕەنگی نەختێك تێکچووە.

– ئازاد گیان، کاك مەحمود جارێ ئیشی هەیە ! تۆ بڕۆ دوایی خۆم جوابت لێدەگێڕمەوە .

ئازاد دەڕوات. دلێر دەست دەداتە مەسینەیەك و بەرەو ئاودەستەکە....

((7))

ئالێرەدا، لە باوەشی ئەم دۆڵەدا، ئێستاش پێوەری سەرەکی وەخت هەتاوە : بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارێ...

خاڵە عەزەو خەلیفە  خدر دانوویان پێکەوە ناکوڵێ، زۆر جار کوڕو کاڵ سەر دەکەنە سەر خاڵە عەزە. خاڵەعەزە بە هیچ قەڵس نابێ بەوە نەبێ بڵێی : خاڵە عەزە تۆ وەختت لێتێکچووە، نوێژ درەنگە...

– خاڵە عەزە وەختی نوێژ نییە ؟!

سەر هەڵدەبڕێ، چاوە چکۆڵەکانی لە ژێر برۆ سپییە چڕەکانیەوە هەڵدەهێنێ. تەماشایەکی شالقی دارتووەکە دەکات.

– ماوێتی خاڵەکەم. کە سێبەر بگاتە سەر شالقی دارتووەکە، ئیدی نوێژی نیوەڕۆیە...

– ئەدی خەلیفە خدر دەڵێ نوێژ درەنگە، خاڵە عەزە لێی تێکچووە!

بە کووڕە کووڕە هەڵدەستێ. بە دارە تەقێ چەند هەنگاوێك دەنێ. پشت ڕاست دەکاتەوە. هەناسەیەك هەڵدەکێشێت.

– خەلیفە خدر شەکری شکاندووە. نۆبەتی ئەو قەوانەیە، ئەوەتای من هەم حسێبی وەخت و رۆژ و ساڵ و ئەستێرەو رەمەزان و پارشێوو فیتارو جەژن و چلەی گەورەو بچووك بۆ ئەم ئاواییە دەگرمەوە بۆ جارێ لێم تێکنەچوو ! خەلیفە خدر! کوڕە بەو خوایە دەزانم کەی ژنەکەشی بێ نوێژ دەبێ. خەلیفە خدر ! چاك بە حەدیسە کێویلکە و مێویلکە گەوجی کردوون! بڕۆ هەی نۆ قەدو نیو کەرم لە دایەی خۆی و پیری پیرانەکەشی نا !.

***

دەمەو خۆر ئاوایە. خەلیفە خدر لەسەر بانیژەکەی خۆیان وەستاوە. چاوی بڕیوەتە دوور. خێرا خێرا دەسحێبە سەدو یەك دەنکیەکەی دەگێڕێ و لێوی دەبزوێ. تا خۆرەکە پتر بەرەو ئاوا بوون دادەکشێت پتر شپرزە دەبێ.

– نازانم بۆ چ هەواڵێکیان نییە! خوایە ئاخری خێر کەی، خوایە!.... وەختی گەڕانەوەیە. کاروانی ئەمجارەمان دوا کەوتووە. تۆ بڵێی حسێبەکەم لێ تێکنەچووبێ و لەم دڵەڕاوکێیە نەجاتم ببێ ؟ خۆ خەڵکەکە هەر مێشیش میوانیان نییە ! هەرکەسەو خەمی خۆیەتی . جارێ میرزا ئەمساڵ لە کونی ژوورێ خزاوەو بە ئامان و زەمان نایەتە دەرێ. وەکو گەماڵ بیست و چوار سەعاتەی خوا بە دیار (سەبە) قیتێوە وەرکەوتووە ! دە رۆژی جارێکیش وەرە نێو پیاوان ! بە ناخێرت پیاوێکی فامیدەو دنیا دیدەی ! هەی ئەو دونیایەم بە قوڕێ گرت کە تۆ فامیدەکەیت ! نا، نا هەر لە هەوەڵێڕا کاروانەکەی بە دڵ نەبوو. کەم و زۆر خۆی لێ نەکردە ساحێب. ئەدی چەند رۆژێ لەمەوبەر ڕووی خۆم نەنایە ژێر پاوەو بەم سەرو سیمایەوە رووم لە ماڵەکەی نەکرد ؟! شایەت بەو شایەت پێشمەرگێکی میوان بوو. هەی ماڵەکەم بە قوڕێ گرتی. بەسی جزمەی قورحان بمزانیبا ئەو پیاوەیە، قەت نەدەچوومە کنی. تازە بۆم بووەتەوە بە نۆ فیکەڵە!... لە دووی قوونی سەبە نابێتەوەو نابێتەوە. چۆن لە بەرچاوی ئەو میوانە تەریقی کردمەوە!... هەی خەجاڵەتی بەر بارەگای خوانتەعالا بی ئیشاڵڵا! خۆ دەمم سووتا کە گوتم :

– میرزا... تۆ بڵێی کاروانی ئەو ساڵمان بە سەلامەتی بگەڕێتەوە ؟!

– کێ سەر کاروانە ؟!

– شێخەی کوڕی حاجی شێخ...

– یانی دەستەگوڵەکەی تۆ! خەلیفە بەو خوایەی خواداری ئەرزو ئاسمان دەکات، کاروانیٚ، نەزان و نەفام سەر کاروانی بیٚ... بە سەد زاناو فامیدە نایەتەوە سەر ڕێگای ڕاست. کەندیٚ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە....

هەی خەجاڵەت بی جەنابی نا میرزا، وەکو منت لە بەرچاوی ئەو میوانە خەجاڵەت کرد. ئاخر هەی خوا غەوری غەزەبت بکا، ئەگەر قسەی چاك نازانی، ئیٚ خراپ بۆ دەکەی ! نەت بیستووە فەخری عالەم، جدو ئابادم بە قوربانی بیٚ فەرموویەتی : سەدەقاتون کەلیماتون تەیباتون ! نەخێر هەر لە ڕکی من وایگوت، ئەدی چۆن ! دەزانیٚ من یەکەم کەس بووم کە ڕام لەسەر سەرکاروانی شێخە داوە بۆیە دەمی خێر نایەنیٚ !..

ئا میرزا ڕێوی... هەر بەوەندەشەوە بوەستایە قەیدی نەدەکرد.. لێم ئەسەحە هەر کەسیٚ بچێتە کنی دەمی لێپان دەکاتەوە: کوڕە باوکم ریشی خۆتان مەدەنە دەست ئەو کابرایە، مەگەر هەر ئەو خوایە بزانیٚ چ ئۆینێکی لە ژێر سەرە. ئەو وەختەی خۆشە کە ئێوە بە مەلولی و لێقەوماوی ببینیٚ، کوڕە بیکەن بە رەزای خوا وازی لێبێنن. ریشتان دەتاشیٚ و ئاوێنەتان دەداتە دەست! بۆ خۆی بابایەکە کەرکولٚ و بار سووك! هەر وەختیٚ لێی بقەومیٚ وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچیٚ و پەنا دەباتە بەر پیری پیرانەکەی و ئێوەش دەستتان بە گونی بارگیری!...

سەری هەڵبڕی، تەماشایەکی خۆرنشینی کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.. تەماشا، تەماشا!... عاسمان غەزەبی لێدەباریٚ، سەیرکە خوێن و غەزەب بەری عاسمانی گرتووە. خەڵکەکە گۆڕاون ! لە خوا دوور کەوتوونەتەوە. کار وا بڕوات ئەرزو ئاسمان ژێرو ژوور دەبیٚ. ئا ژێرو ژوور دەبیٚ، بەرد دەباریٚ، با هۆزو زریان دیٚ و لەوار و یۆخمان دەنیشێت. قڕ دەکەوێتە وڵات. ئافەت لە دەغڵ و دان و ڕەزو باخمان دەدات، ژن و مناڵمان دەربەدەر دەبن.. بۆ نانیٚ ... ئەدی چۆن بینایی چاوان غەزەبمان لێناگریٚ. با دەیگریٚ و وەڵڵا وەبیلا وەتیلا دەیگریٚ، دەیگریٚ و ئەولاتریش... ئاخر کە ئەو دەیوت بابە، خاڵە عەزە، خاڵە گووە نا ماقووڵی وا بکات :

" .... چاك بە حەدیسە کێویلکەو مێویلکە گەوجی کردوون... بڕۆ هەی نۆ قەدو نیو کەرم لە دایەی خۆی و پیری پیرانەکەشی نا..."

دەیگریٚ، چۆن نایگریٚ! خوایە تۆبە، قسەی ئەو بیٚ و ئی من نەبیٚ.. تۆبە خوایە، رەنج بە خەسارم نەکەی....

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. یا هەق. بە پەیژەکەدا بە لەقەلەق دێتە خواریٚ و ڕوو لە مزگەوت دەکات. نوێژ دادەبەستیٚ، نوێژ لە دوای نوێژ. پاش هەر نوێژێك بە کوڵ و بە دڵ دەکەوێتە پاڕانەوە. ڕوو دەکاتە ئاسمان و دەست پان دەکاتەوە:

– هۆ خالقی جەبار هۆو... فریام کەوە. خەجاڵەتی لای هەرچی و پەرچییانم مەکە. پیری پیران، شاهی نەقشبەند دەنگت بخە پاڵ دەنگم. خوایە سووك و چروکم نەکەی. خوایە کاوڕە نێرێکم نەزر بیٚ، هەر ئەم سەفەرە کاروان بە سەلامەتی بگەڕێتەوە. شەرتم شەرت بیٚ دەم لە پلێکییەوە نەدەم ! یا مەدەد هۆو هۆ کەسی بێکەسان، پشت و پەنای کڵۆڵان، خالقی لەیل و نەهار ! پەنام

هێناوەتە بەرتۆ، سەگی بەر قاپی پیری پیرانم.... یاڕەبەن عالەمین.. ئەی بینای چاوان خۆت نەت فەرمووە: دەعونی.... فەستەجیب !

خوڕ خوڕ فرمێسك بە چاویا دێتە خوارێ و لە بنجی ریشە ماش و برنجەکەیدا ون دەبێ. وردە وردە لێو دەبزوێنێ. هەندێ سەر بادەدا، فوویەك بە چوار دەوری خۆیدا دەکات، فەقیانەکانی توند دەکات و بە بێقەراری لۆش لۆش بەرەو ماڵ دەبێتەوە :

– بچم بۆ لای ئەو دەیوسە، باشە... عەزە گۆلك... نا، نا... زێنێ بنێرم چاکترە : هەستە حورمێ هەستە... بڕۆ بۆ لای خاڵە عەزیز... بزانە ئەو تەگبیری چییە ؟ چی دەڵێ ؟! خۆ لە شوێنانەوە دێن بە شوێنیا. کاروانێ بکەوێتە بنی عەرزیشەوە ئەو سۆراخێکی هەر دەزانێ. قوربانی بەشی خوا بم. کەشف و کەرامات بە پیاوی وا دەدات لەگەڵ کەری وەگۆڕی کورتانت زەرەرە. تۆبە خوایە هەزار گوناح و یەك تۆبە... بەندەناس هەر تۆی... بەڵام وا لەبەر چاومە ئەو زەندیقە چ دەڵێ :

– زێنێ تۆ خوشکی منی، دایکی منی. پێڵاوت دەخەمە سەرچاو. من هەقم نییە بەسەر ئەو ریش پانی شاخ شکاوەوە، با ژنی ئەویش بیت ئەمە قسمەت و نسیبە : لەگەڵ نسیبدا هیچ ناکرێ ! بەڵام تۆ ژنێکی بە حورمەتی.. خێرو بەرەکەتی ئەو قوڕمساغە بە تۆوەیە. تۆ نەبی سەگ بە گووەوە دەیبا! فیڕکەنی درۆزن. خۆت دەزانی چەند خاتری تۆم دەوێ ! بەو خوایەی تاق و واحیدە لەبەر خاتری تۆ نەبایە زارم نەدەکردەوە، بەڵام بڕۆ با ئەمجارەش خاتری کەوشەکانی تۆ بێ. خوا بیکات بە قوربانی ئەو عاردەی تۆ پێی پێدا دەنێی. بڕۆ دایکم بڕۆ... بڕۆ پێی بڵێ : کاروان لێکدی دابڕاوە، شێخە خۆی و بەشی هەرە زۆری کاروانەکە لە چیای هات و نەهات گیری خواردووە، ساحێبی حەوت رۆح بن، نابن بە خاوەنی یەکێکیان.

دەست ڕادەوەشێنی، سیمای گرژ دەکات، خێرا خێرا مژ لە سیغارەکەی دەدا، هانکە هانکی پێ دەکەوێ : بڕۆ دایکم بڕۆ، خێرا بڕۆ پێی بڵێ... چوونیان بێفایدەیە، بەڵام با هەربچن، با نەبن بە لۆمەکاری عالەم، ئاه، ئاه. وەی بابەڕۆ وەی پشتم! پێی بڵێ... بڕۆ خوشکم پێی بڵێ : فەرەج جیا بووەتەوە، ئەویش رێی گوم کردووە. بەم زوانەش... ئاه، ئاه. رێگا نادۆزێتەوە! پێی بڵێ.. لە بیرت نەچێ پێی بڵێ : با هەر نوێژان بکات... با هەر لە خوا بپاڕێتەوەو وەکو ژن بگری... چما خوا ئەوەندە بێ عاقڵە... ڕیشی خۆی بداتە دەست فیڕکەنێکی واوە، بە قسەی ئەو بکات !!

***

با بچم بۆ لای جەمال....

– جەمال کوڕم . ئێوە هەر خانەدان و پیاو بوون.. بابەل باب هەر بە کەڵەمێردی هاتوون. کوڕم، باوکەکەی باوکم... ئەوا کاروانەکەمان دوا کەوتووە خوا دەزانێ چ نسکۆیەکی بەسەر هاتووە!. دادەکورکێنێ و

– ماڵی وێرانم، کوڕە هەر دەبین بە لۆمەچی خەڵك و خوا. ئابڕومان دەچێت. رووی ناو خەڵکیمان نامێنێ!.. دەبێ سەر شۆڕ بکەین و گوێ لە تانەو تەشەری خەڵکی ئەم ناوچەیە بگرین. هەر ئەم ناوچەیە! کوڕە لە حەوت وڵاتان دەنگ دەداتەوە : ئەوەندە بێ با شارو دەست سپی و بێ غیرەت

بوون، تەنانەت نەچوون بە هانای کاروانەکەی خۆشیانەوە ! ئەوجا وەرە پیاو نەمرێ. نە عاردی قووتمان دەدات، نە عاسمان هەڵمان دەکێشێت. دەبینە پەندی عالەم. کوڕە جەمال هەستە کوڕم. من لەم شارە دێیەدا هەر تۆم بە پیاو زانی، بە ردێنی سپییەوە ڕووم لە تۆ ناوە، هەستە بڕۆ بە شوێن عەلی حاجی و عەبە مچەو کاکەولاو... جوامێرو ئەزوەرو هەموو کوڕەکانی دی دا... ئەوی ئەسپی هەیە بە سواری ئەسپ و ئەوی دی بە پیادە... لە دەرەوەی ئاوایی چاوەڕێم بکەن... وا منیش دەچم ئەسپەکەم دێنم و دێم... کوڕە خەریکە دیق دەکەم. دەی بە قوربانی کوڕ بم... هەر ئێستا بە خۆیشم فریاتان دەکەوم. جەمال... کوڕم بیرت نەچێ سەرێکی میرزا سمایلیش بدە. بزانە ئەو تەگبیری چییە ؟! وەی لە خەلیفەت کەوێ...

***

سەگوەڕ لە نێو ئاواییدا بڵند بوو.. تەقەتەقی سمی وڵاخ و پڕمەو حیلەی ئەسپ. زەڵەو پەکوپۆی ژنانی سەر بانیژان و بەر دەرگایان لەرزی دەخستە دڵەوە .

– دەکەوینە سەر ساجی عەلی .

– دەربەدەر دەبین .

– ئوە ڕەببی سەبەبکارمان بە کۆی زوخاڵ بێ...

– ئەیەڕۆ.. چیای هات و نەهات! وەی کوێر بم... کوێر بم بۆ تۆ کاروانی خێر لە خۆ نەدیوو...

– سەرم لە قوڕ نێم بۆ بەخت و ئیقباڵێ خوا بە تۆی دا شێخەی برام!...

– فەرەج جیا بۆتەوە، کچێ فەرەج جیا بۆتەوە هەی هەشی دنیام بەسەر

– قەتارێ بێنن ڕۆڵە ڕۆ خەمانم بارکا

بمگەیەنێتە چیای هات و نەهات برام ڕۆ

گیانم رزگارکا. گشت کەسم. ڕۆ ڕۆڵە .

– جا ئەو شین و شەپۆرەی بۆچییە. مانگا مردوو دۆ بڕا... کەی کاروان خێری بۆ ئێمەو مانان بووە، تا ئەوەندە بە خەمییەوە بین !.

***

خەلیفە بە شپرزەیی خۆی بە ماڵی خۆیاندا دەکات. زێنێ بەرەو پیری دێ:

***– ئەیەڕۆ پیاوەکە ! خۆ خاڵە عەزە دەڵێ: بێفایدەیە. چوونیان بێ فایدەیە، کاروان لە چیای هات و نەهاتدا گیری خواردووەو کائینات رزگاری ناکات.***

خەلیفە خدر لە ناخدا سست دەبێ، خەمێکی سەیر لە چارەی دەنیشێت .

– قەت وا نەڵێی حورمێ !

– بەرێ وەڵلا، دەڵێ: فەرەجیش جیا بۆتەوەو رێگای گوم کردووەو بەم زووانە بە تەمای مەبن .

– لاحەولە وەلا...

لەبەرە خۆیەوە دەکەوێتە ورتە ورت، خۆ ناکرێ هەروا لێیان نەپرسینەوە .

– ئادەی حورمێ ئەو ئەسپەم بۆ زین کە، تا تفەنگەکەم دێنم.

ریسەکەمت کردەوە بە خوری، عەزە شێت !

" لە هات و نەهات گیریان خواردووە... کائینات رزگاریان ناکات..."، دەمت شکێ ئینشەڵڵا نەدەبوو جارێ ئەم گووە نەخۆی ! بەلای کەمەوە فرسەتی چاوو ڕاوێکم دەبوو.. تەگبیرێکم دەکردو.. ئاخ زێنە دەم شڕ ! یاخوا قسە نەکەوێتە دەم ئافرەت ! بریا ملم شکابا و نەم ناردبایە بۆ لای ئەو شێت و شورە... هات و نەهات ! بۆی هەیە، لە گوینە ! قسە یا لە شێت یا لە منداڵ . قیروسیا لەمەش، چی لەم خەڵکە خۆشباوەڕە بکەم ! هەموو لە دڵی خۆیاندا باوەڕیان کردووە. هەر کە بگەینە دەوروبەری هات و نەهات، تیقمانە تیقێ دەکەن و دەگەڕێنەوە..."

خەلیفە بە توندی بە بەردەم ژنەکاندا تێدەپەرێ ..کۆڕی شیوەن کزە لە جەرگ هەڵدەستێنێ :

– قەتارێ بێنن ڕۆڵە خەمانم بارکا

بمگەیەنێتە چیای هات و نەهات برام رۆ

گیانم رزگارکا... گشت کەسم رۆ.....

خەلیفە لە گوند دەردەچێ. جەماڵ و یەکە یەکەی کوڕانی ئاوایی چاوەڕوانین..

– جەمال، حازرن باوکەکەم !

– دەی خاڵە خەلیفە فەرموو با بڕۆین. خەریکە هەواکەشی دەگۆڕێ !

هەموو مات و بێدەنگ دەکەونە رێ. خەلیفە لە پێشەوەیە. جار جار هەڵوەستەیەك دەکات و گوێ هەڵدەخات.

– " بێفایدەیە، چونیان بێفایدەیە. لە هات و نەهات گیریان خواردووە. کاینات رزگاریان ناکا !"

خەنی لە خۆت عەزە دۆم... خوای گەورە، پیری پیران....

سەر با دەدات. شەو درەنگە. هەواکەی، هەوای تۆف و بەفرە... هەموو لەسەر ئەسپ و بارگیرەکانیان سڕ بوون. لە وەختی وادا بینادەم بەپێیان بڕوا چاکترە.. لە پڕ با هەڵدەکات. بە لورە لور خۆی بە نێو لق و پۆپی گەڵاوەریوی دار بەڕرواندا دەکات: وو... وو... ووو... فیزاحی ژنی کۆست کەوتە وەبیر دێنێتەوە : قەتارێ بێنن رۆڵە خەمانم بارکا....

خەلیفە لە ئەسپەکەی دادەبەزێ :

– وەی، وەی لەم سەرمایە وەی...

بە پێیان دەکەوێتە ڕێ. هەڵوەستەیەك دەکات..

– جەمال، کورگەل : دەمێکە بەڕێوەین. هەواکەشی تەواو گۆڕیوە. دەترسم تۆف بمانگرێ و لەبری ریش سمێڵیش دابنەین... زۆرمان نەماوە بۆ ئەشکەوتی موغان، هەروا دوو سەد شەقاوێکمان ماوە. چ دەڵێن لەوێ لابدەین. ئاگرێ بکەینەوە و تا بەیانی ئیسراحەت بکەین و....

– زۆر چاکە

هەموو بەپێیان دەکەونە ڕێ. هەر یەکەو لە خەیاڵێکە.

– خوایە... پیری پیران، بۆ ئەمەتان لەگەڵ کردم!... ئای چۆن عەزە دۆم و میرزا سەر زل و هەرچی و پەرچییان پێم باخۆش دەبن ! ئەستەغفروڵڵا... لاحەولەوەلا...

– " جەمال کورم ئێوە بابەل باب هەر کەڵەمێرد بوون...."

– کاروانی چی ! هەی سەری ساحێبی بخوا وەکو خواردی...

– شێخە! ... توخوا ئەوە پیاوی سەر کاروانییە... ئاخر پیاو بوایە هەقی... ئاخر زەلامە، ئاخر زەلام!

– فەرەج! حەیف بۆ تۆ فەرەج، هەی مەردی مەردان. بەخوا من بتناسم هەر دەگەڕێیتەوە...

– کاینات رزگاری ناکات!.. کوڕە بە خوا لەبەر لۆمەی خەڵکی نەبوایە دوو پێم نەدەهات !.

– خەلیفەی نا موبارەك وا دەزانیٚ ئەمەیش دوعاو نوێژە...

– سبەی بۆ پاش نێوەڕۆیەکی درەنگ دەگەینە بناری چیای هات و نەهات...

– تا ئێستا هیچ کاروانێك لەو چیایە نەگەڕاوەتەوە... تۆ تەماشای ناوەکەی چەند بیٚ رەزایە !.

تاریکە شەوێکە چاو چاو نابینیٚ. گڤە گڤ و لورەی شەوبا هەترەشی زەلامان دەبا !...

– ئاه، ئاه، وەی بابە لاقم وەی... پروکام... ئۆخەی... ئۆخەی شوکر گەیشتین.

–خەلیفە حەیفیٚ پیر بوویت.

– ئەریٚ بە خوا رۆڵە... وەی لاقم وەی... پیری و هەزار عەیب !.

بە پەلە کاو جۆیان کردە تورەکەوەو لە سەری وڵاخەکانیان کرد، هەر کەسەو وڵاخی خۆی بە بنچکێکەوە بەستەوە. لە چاو تروکانێکدا خەرمانیٚ چیلکەو چڵ و چێویان خڕکردەوە. ئاگرێکی حێلیان لەبەر زارکی پیرە ئەشکەوت کردەوە، کەوتنە پیا هەڵدانی ئاگر .

– ئاگرە گڕەی خۆمانە، نایدەین بە کچە بێگانە .

– ئاگر میوەی زستانە، ساوەر ئالیکی مێردانە .

ناو بە ناو یەکێکیان بڕیٚ چیلکەی دی دەخستە سەر ئاگرەکە. ئاگر لە شوێنی وادا باشە. جانەوەر ڕەوێنە..

***

بە دەم ڕێوە، ناو بە ناو یەکێکیان بانگی دەکرد :

– ئەهۆو شێخە هۆو...

چیاو دۆڵەکان بانگەکەی عەکس دەکردنەوە .

– ئەهۆ وو ... وو و...

– ئەهۆو کاروان هۆو...

– ئەهۆو فەرەج هۆو...

دەنگەکان لە چیاکاندا دەنگی دەدایەوەو ون دەبوو. هەموو وڕو کاس، برسی و هیلاك، نیگای پرسئامێزیان دەبڕییە یەك و پاشان هەر یەکە لەلای خۆیەوە سەری دادەخست. وەك ئەوەی بڵیٚ : بێفایدەیە... لە دوای چووان مەچۆ...

بایەکەی خستبوو. پەڵە هەوری بۆر، جار جاریٚ بەری هەتاوی دەگرت و پەڵە سێبەرێك چەشنی پینە بۆ ماوەیەك بە عاردییەوە دەنووسا. هەموو خەمبار و لێو بەبار ڕێگای ئاوەدانیان گرتەوە بەر. خەلیفە لە پێش هەموویانەوە بوو. یەکجار شپرزە دیار بوو..

– نا، نا، نابیٚ بەم زووانە بچمەوە ئاوایی، دەبم بە مەخسەرە. خوا نەکا خەڵکی زمانیان بکرێتەوە. پیاو دەکەن بە پەڕۆی بێنوێژ. هەزارو یەك بوختانی بۆ هەڵدەبەستن، نا، نا، نابیٚ بەم

زووانە بچمەوە! هەرچییەك بەسەر ئەم ئاواییەدا هاتبیٚ، لە كۆن و نویٚ بە ملی منیا دیٚنن.. پیری پیران. فریام بكەوە..! هەر منداڵە ورتكە چاوم دەردیٚنن. هەموو كەس و نا كەسیٚك لیٚم دەبیٚ بە شیٚری مەیدان..

گەیشتنە سەر ریٚگا راستەكە، خەلیفە وەستا. چاوانی پڕ بوون لە ڕوندك. لیٚوی كەوتە تەتەڵە. دەیزانی هەركە دەم هەڵبیٚنیٚ جڵەوی لە دەست بەردەبیٚ و لە سەڵای گریانیٚ دەدات ..

– "..... كاروانیٚ، نەزان و نەفام سەر كاروانی بیٚ... كەندیٚ كەمە، دەكەویٚتە سەد كەندەوە..."

– " چاك بە حەدیسە كیٚویلكەو میٚویلكە گەوجی كردوون... برۆ هەی نۆ قەدو نیو.."

هەر بەو دەقەوە چاوی بڕی بووە زەلامەكان... نیگای لیٚلی بەزەیی لە دڵان دەبزواند .

– كوڕینە ... م... ن، ناتوا....نم بیٚمەوە. تازە ڕووی ئاوەدانیم نەما. دەچمە خزمەتی پیری پیران، دەغیلی دەكەوم . تا بەیانی بۆ كاروانی ناكاممان دەپاڕیٚمەوە ... خوا حافیزتان ...

لەقەیەكی بە قەبرغەی ئەسپەكەیدا كیٚشا. بە دەستە ڕاستدا پیٚچی كردەوەو بۆی دەرچوو. زەلامەكان تا لە چاویش ون بوو، ئەبڵەق و حەپەساو لە دواوە سەیریان دەكرد...

– فەقیرە لە تەریقیدا سەری خۆی هەڵگرت !

– ئا، ئا حاجی لەقلەق فەقیرە، بەڵام مار دەخوات...

– ئیٚوە نایناسن، ئەسكویٚی حەوت مەنجەڵە..

– هەر تاڵیٚكی ریشی هەزار ئۆینی پیٚوەیە... هەی... بە بنجی ڕیٚشە پانەكەی.

– باشە ئەدی زیٚنیٚ ؟!

– ها هۆ... ئەوە خەلیفەیە، گریٚوی لە شەیتان بردۆتەوە. شەویٚك لە نا خافڵا دیٚ زیٚنیٚ دەباو دەڕوات...

– باشتر با لە كۆڵمان بیٚتەوە .

– لە كۆڵیٚ ؟! وەكو گەماڵیٚ لە پاڵیٚ پیری پیران وەردەكەویٚ.. هەم وەكو پیاو چاك خۆی دەنوێنیٚ و هەم چاوەڕیٚ دەكات تا خەڵكەكە ئەم كەتنەیان لە بیر دەچیٚتەوە. دوور نییە تا ئەو كاتە فەرەج-یش پەیدا ببیٚتەوە... ئەوجا دیٚت بە زمانی لوس دەچیٚتە بن كلیٚشەیەوەو خۆی دەكات بە برای باوكی!

– هەی نەیخوا تاڵە! ئەو باوكەی مرد، مرد .

كەوتنە ڕیٚ. جەمال لە پیٚشەوە دەڕۆیی. هەموو وەكو ئەوەی خۆڵیٚ و دۆیان بەسەردا كرابیٚ متەقیان لیٚوە نەدەهات. جەماڵیٚ جارجاریٚ هەڵوەستەیەكی دەكردو گویٚی هەڵدەخست .

***– " كوڕم، باوكی باوكم... ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسیٚت، بزانیٚ چی لە باردایەو چی لە دەست دیٚ، نەك بە حەزو خۆزگە، خۆی و خەڵك و خوا دەستخەڕۆ بكات. چیت پیٚیە وەرە مەیدان و مەترسە. ئەگینا حەزو خۆزگە هی پیاوی بیٚ دەسەڵاتە. كلیلی ژیان خۆ ناسینە.... كەیفی خۆتانە! بچن باشترە، هەر نەبیٚ با لۆمەی خەڵكیتان نەیەتە سەر. خوا حافیزت بیٚ...."***

تاوە نە تاویٚكیش، بزەیەك وەكو بروسكە سیمای پەژمردەی بۆ نیو نەخت ڕوناك دەكردەوە.

– "... بابەل باب هەر بە كەڵەمیٚردی هاتوون..."

که بیری له چارەنووسی کاروانەکە دەکردەوە دنیای لەبەر چاو تاریک دەبوو... خۆشی خۆشی کاروان ببێ بە کاروان و بکەوێتە ڕێ.. شێخ و شێخزادەو موریدو خەلیفەو... لێت قوت ببنەوە و ببن بە دەمڕاست و دەم سپی و شێری مەیدان.....

– :.... ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسێت و بزانێ چی لە باردایەو..."

دەك بە قوربانی ئەو داوێنە بم کە لێی کەوتییەوە میرزا، ڕەحمەت لە شیرت بۆ خۆت و قسەت..

لە پڕ وەستا، ڕووی کردە زەلامەکان. خوێنی هاتە جۆش. گیانی کەوتە لەرزین. بە دەنگێکی نێر گوتی :

– کوڕینە ئەم کاروانەشمان فت .

هەموو تێکڕا وتیان :

– فت .

– خۆ ئێمە بێ کاروان هەڵناکەین !...

– هەڵناکەین.. ناژین..

***– وەرن مەردی خوا بن، لەمەودوا بە دەهۆڵ و زورنای هەرکەس و ناکەسێك هەڵنەپەڕین... با لەمەودوا خۆمان بناسین. ئازایەتی ئەوەیە بزانی چیت لە باردایەو چت لە دەست دێ، نەك دەستخەڕۆی حەزو خۆزگە بی... سوارێ سوار نەبێ هەر بارە بەسەر ئەسپەوە. سەرکاروانێکیش سەرکاروان نەبێت دەبێتە باعیسی تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی... کەری دێزەیە !..***

((8))

– کاك سەلام ... هۆ و کاك سەلام؟

– بەڵێ ئازاد گیان، وەرە لە ژوورەکەی خۆمم.

– کاکە... دلێر گوتی: مامۆستا بڕێك کاری هەیە، پاشان خۆی جوابەکەشت لێدەگێڕێتەوە.

ئازاد دەیەوێ بڕوات. سەلام بانگی دەکات.

– ئازاد تۆ وەرە... با بۆت بخوێنمەوە... نوسخەی دووەمم لای خۆم هەڵگرتووە. تۆ وەرە با بۆتی بخوێنمەوە بزانم بە دڵتە. گوێ بگرە.

***بەڕێز مامۆستا مەحمود***

***سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم***

***بۆ ئەوەی نامەکەم هیچ حەقیقەتێکی تێدا پێشێل نەبێ، وا دەقی ڕووبەڕووبوونەوەکەم لەگەڵ ئەو هەتیوەدا – سیابەندە، سیامەندە !– بێکەم و زیاد تۆمار دەکەم و دەینێرمە خزمەت جەنابتان. هیوادارم بە دڵتان بێ...***

***ئەو خوێڕییە لوت بەرزە لە خۆ ڕازییە، بەبێ خوڵکاو وەك ئەوەی ڕوو لە ماڵی باوکە سەگی بکات... من لەبەر دەرگا وەستا بووم هەڵوەستەیەکی کردو بە فیزێکەوە گوتی : – ڕۆژباش.***

منیش یەکسەر قسەکەی جەنابتم بیر کەوتەوە : ئەگەر ویستت یەکێك ببوغزێنی : خۆتی لێ نەناس بکە... یا خۆت وا بنوێنە ئاگات لەو نییەو بیرت لە شوێنێکی دییە... ئیدی چاوەکانم چکۆلە کردنەوەو کەمێك لێوم ترازاندن و هیچ وەڵامێکم نەدایەوە .

هەندێ لێم راما، بە دەم ڕەتبوونەوە ورتە ورتێکی کرد .

– ترحێو، ئەگەر نەمدیتبا دایکت، دەمردم لە عەزرەت باوکت !...

ئیدی لێی هەڵبووم، وەك چۆن شەماڵ دەکەوێتە بەفری کوێستان...

– ئەوە گوتت چی هەتیو ؟!

مامۆستا گیان ، پیاو درۆیەك بۆ دزیش بکات، هەر بەینی خۆمان بێ، کوڕێکی شەیتانە، هەر خۆی نەکرد بە خاوەنی قسەکەی خۆی، بێهیچ هەڵوەستەیەك گوتی :

– قوربان هیچ .

– نەخێر شتێکت گوت .

– قوربان هیچم نەگوت .

– نەخێر جنێوت دا .

– بەکێ ؟!

منیش بۆ ئەوەی بیترسێنم و دووچاری غەڵەتی بکەم، ناوی ئێوەم هێنایە ئاراوە گوتم :

– بە هاوڕێ مەحمود .

– کاکە گیان گەڕم پێمەکە.. من ئەو پیاوە فەقیرە!... ناناسم، خۆ هەقی باوکم لەسەری نییە تا جنێوی پێبدەم...

دەنگم بەرز کردەوە، شوانەش لە دەنگە دەنگی من هاتە دەرەوە .

وتم: – وەڵلا جوانە، ئەدی ئەمە جنێو نییە ؟!

– کامە ؟.

– نایناسیت! گوایە لەمەش جنێو تر !!

– قوربان ببورە هەڵەم کرد .

– جا بۆ هەڵە دەکەی !!

ئەو زۆڵە دەیویست هەرچۆنێ بووە خۆیم لە دەست دەربکات. زۆر بە هێمنی گوتی :

– چونکە بە هەڵە لە دایك بووم...

– جا بۆ بە هەڵە لە دایك دەبی قورمساغ ؟!

هەندێ داماو گوتی: – کاکە گیان ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە کە هیچ ئینسانێك بە خواستی خۆی لە دایك نەبووەو نابێ...

گوتم: – جا ئەمە فەلسەفەیە یان هەڵەیە ؟

– کاکە گیان فەلسەفە هەڵەی فەرامۆش نەکردووە .

– وادیارە تۆ زۆرت پێیەو کەمی دەردەخەی .

لێی چوومە پێشەوەو لەسەری رۆیشتم :

- باشه فەلسەفە چییە ؟
- دایکی هەموو زانستەکانە.. زانستێکی یەکجار فراوانە .
- یەعنی چەند فراوانە ؟
- فراوانتر لە گەشەکردنی تەبیعەت، لە پەرەسەندنی کۆمەڵ و فیکری بەشەرییەت !.
- باشە تۆ ئەم هەمووە دەزانیت بۆ بە هەڵە لە دایك بووی ؟
- قوربان لەبەر خاتری تۆ بە هەڵەش دەژیم !
- ئەدی چ دەکەی لێرە ؟
- ئاخر بە ئێرەوە بەستراوم .
- چۆن ؟
- بە هەڵە !

چاوم لێ سوورکردەوە، قیڕاندم بەسەریا، لە ترسا خۆی کرد بە ئاودەستەکەدا. لە دڵی خۆمدا گوتم : قەیدی نییە وادیارە لە ترسا خۆی پیس کردووە، لەم کاتەدا ڕێبوار هاتەوە . ئیدی لە نووکەوە چۆنم بۆ جەنابت نووسیوە، بۆ ئەویشم گێڕایەوە. لە حەژمەتا خۆی پێنەگیرا کەوتە بۆڵە بۆڵ : ئەم خوێڕیانە چاك شوڵیان لێهەڵکێشاوە. بە کوردستان دەبێ بیانکەین بە شێخێ شەویان لێگۆڕابێ.

وتم: نا، نا ڕێبوار گیان – دوور لە ڕووت مامۆستا– دەیانکەین بە بەردی سەر ئاودەستخانە...

مامۆستا گیان لە پڕ دەنگی بەرز بووەوە.

– گوڵ تا پەینی بکرێتە ژێر زووتر دەڕوێ و چاکتر دەگەشێتەوە... کۆمەڵیش تا زیاتر داوەشێ ، بیر خێراتر لە دایك دەبێ و دەست لە ملی چەك دەکات . قەیدی نییە،با جارێ بەردی سەر ئێوە بین...

ئیدی کە بۆی چووین، هەڵات.

هەر سەرکەوتووبن

بەر ئەندام: سەلام

سەیرێکی ئازادی کرد:

- چۆنە ئازاد، تۆ بڵێی مامۆستا مەحمود بە دڵی بێ ؟!
- خۆزگە قەڵەم و ئینشای تۆم هەبایە، وەڵڵا من لە جیاتی هاوڕێ مەحمود بم دەتکەم بە مەسئولی ڕۆژنامەیەکی سیاسی..

سەلام کولێ کەیفی بەو قسانە دێت :

- بۆ ؟!
- وەڵڵا هەر بەینی خۆمان بێ، سوێن و جوێنی چاك دەزانیت .

پیرێژنێکی ڕەشپۆش، قاپێکی چکۆلە ماست و نانێکی لەبەر دانام. چایەکی بۆ تێکردم. قاپی ماستەکە بۆ ساردی لێدەهات. پیرێژنەکە بەکووڕە کووڕ هەستا :

– کوڕم من دەچم جەوەندەیەك ئاو لە کانی دێنم. بۆ خۆت نان و چایەکەت بخۆ، ماڵ ماڵی خۆتە... ئەگەر زۆرم پێچوو و ویستت بڕۆی دەرگاکە لە دوای خۆتەوە ڕاکێشە.

سەرم هەڵبڕی. دیمەنی باجی مێرەم لەبەر چاوم بەرجەستە بوو... بەدەم ڕەشەباکەوە، بە بۆڵە بۆڵ دەڕۆیی، جنێوی دەدا، هاواری دەکرد :

***" هۆو خەڵك و خوا، دارو دیوار ، عەردو عاسمان، لەگەڵ ئێوەمە ها ، دوایی نەڵێن مێرەمۆك پێی نەووتین ! نەخەڵەتابن جارێکی دی ئەو گووە بخۆنەوە : سیابەندی مێرەمۆك خاین بوو... کوڕە فەقیر خاین نابێ نا! خوام لەو خوایە بێژەکانتان بە (ڕەنج)ە بڵێن بابی خاین بوو. بەو کاکەحمەدی شێخە حەیاو ناموستان دەبەم. وەرنە دەرێ، وەرنە دەرێ. هەی داوەشێن. غیرەت نەماوە! وای کە غیرەت بۆ بنیادەم شتێکی چاکە ! وەرنە دەرێ ئەوە بۆ وەکو سەگی خوێڕی خۆتان لە نێو لنگی قەحبەکانتان خزاندووە .***

***وەرنە دەرێ سەیر کەن وەرن... هەی هەر هەمووتان بە قوربانی سەعاتێکی سادق دۆغری بن... هۆ خەڵك و خوا سیابەندی من، سیابەندۆکی من شەهیدە، شەهیدی شەهیدانە..."***

– بەستەزمانە بە بێوەژنکۆشی، بە کوێرەوەری، بە کلۆڵی و داماوی کوڕی نایە بەر خوێندن. لە دەمی خۆی دەگرتەوە و دەرخواردی کوڕی دەدا، لە بەری خۆی دەگرتەوەو لە بەری سیابەندی دەکرد. پێیگەیاند... بەلەنگازە ! جوانی و ژیانی خۆی لەسەر ئەو تاقە کوڕەی دانا. بە هەزار ناری عەلی ژنی بۆ هێنا، ماڵی بۆ پێکەوە نا، خۆشی خۆشی لە خەم ڕەخسا، ئیدی نۆرەی ئیسراحەتە. ئەویش ئاکامەکەی، کلۆڵە دەڵێی بۆی بڕاوەتەوە کە دەبێ هەر هەتیو بەخێو بکات... ئەمجا نۆرەی ڕەنجەیە...

لە پڕ فیڕەی شاور بە ئاگای هێنامەوە. هەستام ، هەر پێشمەرگە بوو، یەك یەك و دوو دوو لە کۆڵانەکانەوە بەرەو مزگەوت. دەنگی تۆپ دەهات، کە دەتەقییەوە لە دۆڵەکاندا دەنگی دەدایەوە. جار جار دەنگی ڕەشاش چەشنی نێری نێو بزنانی بە تەگە دەی مرقاند و ختوکەی غیرەتی پێشمەرگەی دەدا. پێشمەرگە هەموو کۆبوووینەوە تەنیا دلێر دیار نەبوو .

نەبەز ڕووی تێکردین : – کوڕینە ئەوە شەڕە... دەبێ زوو فریا بکەوین، ئەگەر پێهەڵگرین بە نیو سەعاتێ دەگەین. تا ئێمە دەگەین ئەو برادەرانەی ئەوێ پێشی دژمن دەگرن. قوەتی دژمن کەمە. هەمووتان پێشمەرگەی کۆنن، پێموایە پێویست بە چ ئامۆژگارییەك ناکا. زۆرتان لە من شارەزاترن. ئیدی کە دەگەینە جێ، بڕنەوەکان لە مەودای بڕنەو، کلاشینکۆف بۆ پێشەوە. (بی– کەی– سی)یەکان لە هەردوو تەنیشت و ئیدی هەر کەسەو لە سەنگەری خۆیەوە هونەری خۆی بنوێنێ... خۆ کەس دوا نەکەوتووە ؟

– تەنیا دلێر دوا کەوتووە .

– ئاخ... خولە قوچ ئەم خوشكحیزە چی بوو تووشی منت كرد ؟! با بەخێریَ لەم شەڕە بێینەوە... دەی قوربانی كوڕ بم... تا لە گوند دەردەچین.. هەر لەسەر ڕێگاوە، هەركەسە بۆ خۆی نان لە ماڵەكان وەربگریَ .

نەبەز پێشمان كەوت، پێشمەرگە كەوتنەخۆ، خۆیان گورج كردەوە، بە دەم ڕێوە نانیان لە ماڵەكانی سەر ڕێگا وەرگرت. لە گوند دەرچووین. دلێر لەسەر ڕێگا وەستا بوو. لە بری كلاشینكۆفە بیَ قۆناغەكەی خۆی برنەوێكی پێبوو. نەبەز بە توڕەییەوە گوتی :

– ئەوە لە كوێی نا دلێر ؟! ئەدی كوا كلاشینكۆفەكەت ؟!

– لەگەڵ خۆشناودا گۆڕیمەوە كاك نەبەز...

نەبەز ، سەیرێكی كردین. نیگای بە ئاشكرا دەیگوت : سەیری ئەم خوێڕییە بكەن. بە ویژدانتان ئەمەش پێشمەرگەیە ! ئەگەر لەبەر خاتری دادەت نەبیَ تۆ ئەو پیاوە نیت...

پێشمەرگە چەشنی قەتاری قورینگان ڕیزمان بەست. هەموو بێدەنگ، دەتگوت هەر یەكەو لە ئاستی خۆیەوە بیر لە تۆڵە دەكاتەوە...

زۆر لەم هەتیوە، لەم دلێرە نامەردە دەترسم. بە گومانم لێی.. رەنگە كاكە خولە، خولە قووچ هەر بۆ مراقەبەی منی دانا بیَ ! خولەی نامەرد شكی كردبوو كە من بە مەسەلەی كوشتنەكەی سیابەندم زانیوە، بۆ لە رووی نەدام ؟! زۆڵە بۆی خستومەتە دوو تویَی نانێكی گەرمەوە. ئەگەر ساڵی بەسی چووبیَ وەزەنی خۆیم لێدەكات. گەلێك نامەردە ، بۆ مەرامی خۆی هەموو شتێك دەكات. لە سەگی نهێنگیرو پیاوی نامەرد بترسە .

دە، دەی تۆش دنیات لە خۆت كردووە بە چەرمی چۆلەكە.. ئاخر دلێرە خوێڕی چییە ! هەموو گیانی ئاگر بیَ پوشێكی پیَ ناسووتیَ ! نا، نا مستۆ لەو سێبەرانە بترسە ! ئەدی هەر ئەوان سیابەندی جوانە مەرگیان بە كوشت نەدا ؟!

.... هەستم بە شتیَ كردبوو. لەلای دەرگاكەی چەپەوە، لە پەنایەكدا خۆم دانووساند بوو. ئێستاش لەبەر چاومە : سەلام و ئازاد سیابەندیان دابووە ناو، هەركە گەیاندیانە بەر دەرگای ژوورەكەی هاوڕیَ مەحمود ! بە توندی دەڵەكیان دا بۆ ژوورەوە. بە یەك دەنگ گوتیان : ئەوەتانیَ هاوڕیَ مەحمود .

هاوڕیَ مەحمود هەڵوەستەیەكی كردو بە تووڕەییەوە :

– ئەمە چییە نا سەلام! دەیانكەین بە بەردی ئاودەستخانە! هەتیو سەگی كۆڵان دەبن بە پیاو تۆ نابی بە بنیادەم! شەكری وا دەخۆی، هەر شەكرێكت حەوت عەڵبە زەرەرە ! بڕۆ دەرەوە خوێڕی لەگام....

ئەوجا رووی كردە ئازاد :

– ئەدی تۆ بۆ وەستاوی! دەبڕۆ ملی خۆت بشكێنە...

ئەو جووتە گورگەی تۆزیَ لەمەوپێش، وەكو جووتیَ ڕێوی لەبەر دەرگا هەڵدەلەرزین. سەلام وەكو كەو چوو بوو. بە مەلولییەوە سەیری ئازادی دەكرد :

– " خۆزگە قەڵەم و ئینشای تۆم هەبایە!....."

***

سیابەند چاك دەرەقەتیان دەهات. دەماری ناسی بوون. ئەوەی ئیهانەی كردبا دەقات ئیهانەی دەكردەوە، دەیتەزاند. هاوڕێ مەحمود ڕووی كردە سیابەند :

– تۆ ناوت چییە ؟!

– هەڵە .

– كوڕێ كێی ؟

– هەڵە .

– جا توخوا هەڵە ناوە ؟!

– كاك مەحمود لە هەڵخەڵەتاندن چاكترە !

– جا كێ ناوی هەڵخەڵەتاندنە ؟

– زۆر كەس .

– وەكو ؟

– لە خۆتان بپرسە .

– باشە تۆ پێم ناڵێی جیاوازی هەڵەو هەڵخەڵەتاندن چییە كوڕی باش !

– لە چ روویەكەوە ؟

– بۆ چەند ڕووی هەیە !

– گەلێ...

– لە یەك ڕووەوە باسی بكە .

– هەر لەبەر ئەوەی خۆتان لە یەك ڕووەوە شتەكان هەڵدەسەنگێنن ؟

– دەمت داخە، دەی شەكرەكەت بخۆ .

– باشە لە رووی زمانەوانییەوە بۆتی شیدەكەمەوە .

– فەرموو !

– هەڵە : ناوە، تاكە، گشتیە. هەڵخەڵەتاندن: چاوگە، چاوگ سەرچاوەی فرمانە، فرمانیش سەرچاوەی هەموو چاكەو خراپەیەكە. چاكەكەیان فت ! چونكە لەلای ئێمە رۆژی دەیان جار لە قەنارە دەدرێ... هەڵخەڵەتاندن : بە هۆی پاشگری "اندن" ەوە بووە بە چاوگی تێپەڕ. ئەنجام، هەڵە : لە سنووری خۆیدا دەسوڕێتەوەو پاڵاوتنی ناخی لەگەڵدایە . هەڵخەڵەتاندن : سنووری خۆی دەبەزێنێ چونكە تێپەڕە... و لەوتاندن و گلاوكردنی ناخی لەگەڵدایە .

– باشە كە ئەمە بیركردنەوەتە چ دەكەی لێرە ؟!

– چونكە بە ئێرەوە بەستراوم. ڕەگم لێرە داكوتراوە خاوەنی ویژدانی ڕاچەنیوم.

– باشە كەی ئەمە وەڵامی پرسیارەكەی منە ؟

– با، وەڵامی پرسیارەكەی تۆیە، بەڵام چونكە تۆ... وەڵامی پرسیارەكەی خۆت ناناسیتەوە.

– یەعنی من كەرم ؟

– نازانم... ئەمەیان...

– باشە ویژدانی راچەنیو چییە ؟
– دانەبڕانە لە خەڵك، گوێزانەوەو قۆستنەوەی ژان و ئازاری هەژارانە .
هاوڕێ مەحمود، لە ژوورەوە دەنەڕێنێ :
– وەرن، وەرن ئەم هەتیوە بەرن....
سەلام و ئازاد وەکو جووتێ گورگی برسی و دڕندە خۆیان وەژووریدا کرد. لە چاو تروکانێکدا سیابەندیان بەرەو دۆڵەکە فڕاند..
سەرم داخست. گریان ئەوکی گرتم : دەی کوژن !! پیاو کوشتن هەندە ئاسانە !.
– ".... بیری ژەهراوی بلاو دەکاتەوە "
– ".... ئا. دەیکوژین و پاشان لەبەر چاوی خەڵکی هەندێ فرمێسکی بۆ دەرێژین..."
دەیکوژن ! دەیکوژن !! پاشان گەلێك بوختانی بۆ هەڵدەبەستن و بە خاینی گەورەی لە قەڵەم دەدەن...
بە غار خۆم گەیاندە پەنایەك و دەمەو ڕوو لێیکەوتم. ئاگام لە خۆ نەما. پاش قەدەرێ هاڕەی دەستڕێژێکی دوور دڵی داخورپاندم .
کەی بێ ئێمەومانانیش وا بێکەس کوژ بکرێین !....
***
قەتاری پێشمەرگە ملی رێگامان گرتووە. بە بێدەنگی دەکشێین. دەنگی تەقە نزیك بووەتەوە، لەگەڵ شریقەی تەقینەوەی گوللە تۆپێکدا ڕاچڵەکیم. سەرم هەڵبڕی .
زۆرمان نەماوە. وا گەیشتین. دەڕۆین.هەر دەڕۆین ، چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکات ! تارماییە یا حەقیقەتە ! باجی مێرەمە، دەچمە پێشەوە. خۆی دوور دەخاتەوە. هاوار دەکات : ***هۆو خەڵك و خوا، دارو دیوار، عەردو عاسمان، لەگەڵ ئێوەمە ها ! دوایی نەڵێن مێرەمووك پێی نەوتین ها ! نەخەڵەتابن جارێکی دی ئەو گووە بخۆنەوە : سیابەندی مێرەمووك خاین بوو. کوڕە فەقیر خاین نابێ نا.***
لەپڕ گرمە گرمی فڕۆکە وە ئاگای هێنامەوە. سەرم هەڵبڕی ، گردەکەی بەرانبەرمان لە دووکەڵ و ئاگردا غەرق بوو.. بۆنی باروت بە سەرماندا هات .
***" لە هەر شوێنی زوڵم هەبێ، پێشمەرگەش دەبێ..."***
وەك چۆن نەبەز گوتبووی، دامەزراین... تەقە گەرم بوو... تا تەقە گەرم دەبێ ئینسان هەندێك دەترسێت. بەڵام لەگەڵ گەرم بوونی تەقەدا وردە وردە ترسی دەڕەوێتەوە. سەیرە من هەر دەترسم، شتێك لەسەر دڵم بووە بەگرێ و سات بە سات دەمترسێنێ. مستۆ شەرمە ! وا دیارە لەو دلێرە هیچ و پوچە دەترسیت ! دەست بە پەلەپیتکەوە دەنێم . چ فیشەکێ دەرناچێ. خێرا مەخزەنەکەم دەگۆڕم . چەندم حەز لە جگەرەیەکە ! وەختی نییە مستۆ ! دوایی، دوایی...
چاو دەنێم بە سێرەی تفەنگەکەمەوە. وێنەی میرزا، خەلیفە خدر، کاروانەکە لەبەر چاوم بەرجەستە دەبن و خێرا ون دەبن...

– "... بڵێ دەستە گوڵەکەی تۆ ! بەو خوایەی خواداری دەکات کاروانێ نەزان و نەفامان سەر کاروانی بن، کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە.."

نەختێ هەڵدەکشێم... جاشی دینا هاتووە : ***پەحا ! کوڕە خۆ ئەوە شەڕی پێشمەرگەو کوردە !*** چاو دەنێم بە سێرەی تفەنگەکەمەوە. ئازای گیانم دێتە جۆش. دەنگ دێ، گوێم پڕ دەبێ، وەکو چۆن یەکێك مێش لە گوێی بتارێنێ ، دەست ڕادەتەکێنم. بێسوودە.... دەنگی میرزایە.

" پێشمەرگایەتی ئەشقێکی ڕووتی بێ ڕییایە..."

ناخم جۆش دەسەنێ، لەگەڵ هەر تەقەیەکدا، چەشنی بزەی سەر لێوی نەوزادێکی بەر مەمکە، دڵم بۆ نیو نەخت روون دەبێتەوە. دەنگی دایکم، دەنگی ئاتە لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە .

– " بە دەم فریشتەوە پێدەکەنێ، چاو چاو مستۆ.."

ئەرێ بەڕاست بۆ لەگەڵ بابمدا نەهاتبوو بۆ لام ! دیارە نەیتوانیوە، سکی پڕ بووە. شەرمی کردووە بە سکی پڕەوە بیبینم. ترساوە لەبەر چاوی برادەرەکانم شۆخی لەگەڵدا بکەم و وەکو جاران بڵێم ئاتە، کەی مەعمەلەکەتان دەوەستێ ! ئاه، چەند بیرت دەکەم ئاتە گیان... ئای ئاتە گیان قەت ئەوەم لە بیر ناچێ کە ئێوارانی هاوین لە کرێکاری بازاڕ دەگەڕامەوە.. یەك سەعات بە دەورما دەهاتیت. دەست و قاچت دەشێلام، ئەگەر بمهێشتبا ماچ بارانت دەکردم. ئێستا لێرە بیت بێ دڵیت ناکەم ئاتە گیان، لە بری ماچێ سەد ماچت دەدەمێ ! دایە گیان زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەو جووتە گۆرەوی و پوزەوانە دەست چنانەی بۆت نارد بووم... دەستت نەڕزێ...

قاچم سڕ بووە... لە پڕ بوو بە هەرا .

– دوایان کەون، هەڵاتن ! دەرفەتیان مەدەن، دەرسێکی وایان دابدەن کە نەخەڵەتابن پێ بخەنە خاکمان...

هەر پێشمەرگە بوو، وەکو بێچووە شێر لە سەنگەرەوە دەردەپەڕی. تەکانم دایە خۆ قاچێکم کەمێك سڕە. دوو هەنگاو و بە دەما ڕەتم برد... هێشتا بە تەواوی ڕاست نەبوو بوومەوە، لەپڕ لە دواوە چزە لە شلکەی ڕانم هەستا، ئاخ !

جامانەکەم لەسەر شەرواڵەکەوە لە برینەکەم پێچا، گەرماو گەرم کەوتمە غاردان بەرەو پێشێ... نازانم چەند ڕۆیشتم.. کەوتم و ئاگام لە خۆ نەما .

***

ئا لێرەدان لە باوەشی ئەم دۆڵەدا، ئێستاش پێوەری سەرەکی وەخت هەتاوە : بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە...

خاڵە عەزەو خەلیفە خدر دانویان پێکەوە ناکوڵێ . خاڵە عەزە بە هیچ قەڵس نابێ بەوە نەبێ بڵێی: خاڵە عەزە تۆ وەختت لێتێکچووەو نوێژ درەنگە... ئەگەر خەڵکی گوندەکە ئەوەی پێ بڵێن دەهەری دەبێ، چی بە دەمیا بێ... دایك و خوشك، ژن، مردوو زیندوو نابوێرێ.. ئەگەر پێشمەرگەیەك ئەوەی پێ بڵێ، نیگایەکی سەرزەنشت ئامێزی دەکات و دەڵێ :

– ***لە هەر شوێنێ زوڵم هەبێ، پێشمەرگەش دەبێ...***

ئەم قسەیە بوو بوو بە وێردی سەر زاری پێشمەرگە . بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە، ئەوەی خاڵە عەزەی دیبوو، و ئەوەی نەی دیبوو، ئەو قسەیەیان دووبارە دەکردەوە .

***– لە هەر شوێنێ زوڵم هەبێ، پێشمەرگەش دەبێ!...***

دار تووی بەر مزگەوتەکەشیان ناو نابوو دارەکەی خاڵە عەزە...

***

دەمەو مەغریب بوو، مستۆ لە ژێر سێبەری دارەکەی خاڵە عەزەدا چاوی هەڵێنا . چاوی بە خاڵە عەزە کەوت. خاڵە بە خشوعێکی خوا پەرستانەوە ڕاوەستا بوو. چاوی بڕی بووە جەستەی ماندوو وڕاکشاوی. مستۆش وەکو ئەوەی بە دەم فریشتەوە پێبکەنێ، بزەیەکی کرد .

***– ... لە .. هەر ... شو ... ێنێ، زوڵم ... هە... هە... بێ... ئاه... ئهە، ئهە تینوومە... سووتام... گڕم تێ بەربوو..***

خاڵە عەزە پشتاو پشت کشایەوە. ڕووی کردە خۆرنشین. هەتاو نیشتبووە سەر کەل، تۆزێکی بە دەرەوە مابوو. لە سەلای گریانی دا..

میرزا دڕی بە ئاپۆراکەی دەوری دا، بە دیارییەوە کروشکەی کرد. دەستی خستە سەر دلی: – مستۆ، مستۆ گیان... دەمناسیتەوە....

مستۆ نیگایەکی میرزای کردو بزەیەکی ناسک، ناسک وەکو جوڵەی باڵی پەپولەی سەر گوڵ هەڵنیشتوو، کشتەکی لێوی جوڵاند. وەك ئەوەی بیەوێ بڵێ ڕاست دەکەی :

***– کاروانێ نەزان و نەفامان سەر کاروانی بن، کەندێ کەمە، دەکەوێتە سەد کەندەوە .***

میرزا لەسەری ڕۆیی :

– مستۆ، مستۆ... نامەردت نەکەم حا! دە قسەیەك بکە...

مستۆ چاوی کرایەوە.. وەك ئەوەی دوا هێزی بەدەنی کۆبکاتەوە، تەکانێکی داو چاوێکی گێڕا :

***– ئینسان... حەقیقەتێکی گەورەیە. کردار لە مەحەکی دەداو ... ئهە.. ئهە.. مەرگ، مەرگ، مەرگ دوا... هە هە هە بریا... ری لەسەر دەدا.***

هەموو دەم و چاوی نیشتە سەر ئارەقە. چاوەکانی بە جۆرێ کرانەوە وەك ئەوەی جووتێ چۆلەکەی تازە باڵەفرە بن و بیانەوێ لە ترسی مار بفڕن و قەڵەمی دەست و پێیان شکابێ، لێوەکانی کرژ کردەوە :

– میرزا.. گوێم .. دە.. دەزرنگ...!

((10))

سادق دۆغری مات و خەمبار، پشتی هەندێ چەماوەو ئەژنۆکانی هێز لێبڕاو کەوتە دوای قەتاری بڕێ زەلامی خامۆش و خەم لە سیما نیشتوو.. دوو کوڕی گەنج ئەملاو ئەولای تابووتێکی بە جاجمی سوور پۆشراوی سەر ولاخێکی بەرزەیان گرتبوو .

– هەرکە بگەینە ئەودیو، ئیدی لە تراکتۆرێکی بار دەکەین..

– حەیف بۆ مستۆ، کوڕی وا قەت نابێتەوە !

به دەم ڕێوە چاوت بڕی بووە ئەرزەکە، وڕوکاس دەتگوت لەم دنیایەدا نیت. زۆریان لەگەڵت گوت، هیچت نەبیست... بوو بوو بە مەراقی دڵت، حەزت دەکرد بزانی چەند گوللەی پێ کەوتووە، لە کوێوە پێکراوە...

– برا گیان مستۆ هەر کوڕی تۆ نەبوو. هەر لە تۆ نەچوو ! ئەو کوڕی ڕاستەقینەی ئێمە بوو .

– میرزا سمایل ناردوویەتی کەرەستە بێت و قەبرەکەی هەڵگرێ .

– پیاوی چا بە جێ لەقی مەکە. دیارە ئەم خاکەی بە نسیب بووە...

– ئەوەندە بە ڕێك و پێکی تەقەت کرا، بە خۆیشت لێرە بای ئەوەت بۆ نەدەکرد...

– باوەڕت بێ گەورەو بچووکی ئەم دێیە بۆی بە داخن...

– ئەوەی لە هەموو ژیانیا نوێژی نەکردبوو، ئەو ئێوارەیە هاتە سەر قەبرەکەی و نوێژی کرد.

ماڵیان ئاوابێ، پیاوەتی خۆیانە. خوا لە خزمایەتیان کەم نەکات. بەڵام نازانن بۆ جێ لەقت کرد ! ئەو دەردەی لە دڵی تۆ دایە بە کەس هەڵناگیرێ !...

سەرت هەڵبڕی. ئاخ و هەناسەیەکت هەڵکێشا.. بۆنێکی سەیرت بەسەر داهات، بۆنێکی فێنك و ساردی یەکجار تایبەتی. هەموو زەلامەکان دەم و لووتیان هەڵپێچا بوو، لەبەر خەمبارییان بوو یا لەبەر بۆنەکە !...

بۆنێکی سەیرە، لە بۆنی چی دەچێت ! لە بۆنی گڵی تازە کزرەوە بوو دەچێ، هەر کوت و مت لە بۆنی ئافرەتی زەیستان دەچێت !...

ئافرەتی زەیستان خەون زۆر دەبینێ... زۆر لە خەونی ئافرەتی زەیستان دەترسیت !... هەر چەندە ئاتە منداڵی دەبوو، کاوڕێکت دەکرد بە خێر.. بەڵام ئەمجارەیان... ڕووی نەبوونی ڕەش بێت. دوعا دوعات بوو ئاتە زوو هەستێتەوەو خەون نەبینێ.. ئەوەی لێی دەترسایت ڕووی دا. خوایە خراتر نەدەی. خەونەکەی ئەم کۆستە زلە بوو .

– " پیاوەکە ئامان خێرێ قەرار بدە!... خوایە جەرگی پیریمان نەسووتێ. گوێی شەیتان کەڕ بێ لە خەوما : مستۆ لەبەر مزگەوتێکا وەستا بوو، سەری پاك بە گوێزان تاشی بوو. جلێکی هاودامان ڕەشی لەبەر دا بوو. قاقا پێدەکەنێ. پێمگوت : –ئەیەڕۆ مستۆ گیان ئەوە بۆ وات لە خۆت کردووە!.."

لە پڕ لە دەنگی تراکتۆرەکە وەئاگا هاتیتەوە، خەڵکەکە دوا سەر خۆشییان لێکردیت. دوو پێشمەرگەی ناسیاو لەگەڵتا سوار بوون..

– ئاتە ئەم کوڕەمان ناو بنەین چی ؟!

– " با کاکە مستۆ ناوی لێبنێ، بچۆ سەرێکی لێبدەو با ناوێکی خۆشیشمان بۆ بدۆزێتەوە..."

به هەڵتەك هەڵتەك لە شار نزیك دەبوونەوە :

ئەمیشیان ناو بنێ مستۆ...

گەیشتنە قەراخ شار. تراکتۆرەکە وەستا. پێشمەرگەکان دابەزین کە بگەڕێنەوە، لەگەڵیاندا دابەزیت. بەر لە خواحافیزی پێت گوتن :

– تو ئەو خوایە پرسیارێکتان لێدەکەم، راست و دۆغری جوابم بدەنەوە... مستۆ کوڕێکی ترسنۆك بوو ؟!

– نەخێر، نەوەڵڵا خوا قەبووڵ ناکات، لە هەموو شەڕێکا هەر قارەمان بوو، لە پێشەوە بوو... بەڵام ئەم پرسیارە بۆ ؟!

هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشا :

– لە دواوە پێکراوە !!

هەردووکیان لە ناو قەدەوە وشك بوون، خەنجەرت لێدابان خوێنیان لێنەدەهات... دەستیان خستە ناو دەستت کە خوا حافیزیت لێبکەن... دەستت بۆ جەستەی جگەر گۆشەکەت ڕاکێشاو : حەیفێ ساڵی تازە نەکردەوە. ئەگەر دەتزانی وا زوو لێت جیا دەبێتەوە هەموو هەفتەیەك سەرێکت دەدا... خۆشەویستی لە دابڕاندا دەردەکەوێ !.....

1986/11

***تێبینی:***

***ئەم چیرۆکە یەکەمجار لە ساڵی 1987دا بە فارسی بڵاوبۆتەوە. لە ساڵی 1988دا لە گوندی کاولان، لە ڕاگەیاندنی حسك، لە چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی بە چەند نوسخەیەکی کەم چاپ وبڵاوکرایەوەو پاشان لە قاسمەرەشی سەر سنووری ئێران و عێراق بە ئەمر ، لە لایەن هەندێ چەکداری (ی. ن، ك) ەوە کۆکرایەوەو سووتێنرا...***

حەمە كەریم عارف:

* كەركووكییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی 1975 كۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.

• یەكەم بەرهەمی شیعرێكە بەناوی (هەڵبەستێكی هەتیو كەوتوو) كە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوكاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك، نووسەری كوردستان، كەلتوور،نووسەری كورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك،نووسەری كوردستان، كەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاكزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولكەریم بەرهەمی بڵاو كردووەتەوە.

*لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی كوردستان بووە، لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات، چونكە باوەڕی وایە كە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاكانەوە تا 2010/8/20راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكایەتی لقی كەركووكی یەكێتیی نووسەرانی كوردی كردووە.

• زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،1988،چاپی سێیەم 2007
3- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم 1988
4- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005
8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ1987چاپی چوارەم 2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی
9- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) 1983، چاپی دووەم، 2007
10-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێران.
11- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گوڵان
12 – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم 2006
13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006
19- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوك
20- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی
21- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوك
22-دیدارو دەقو رەخنە،چ2005،1
23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1
24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوك
25- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005
27- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ1998،1
28- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم 2004
29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006
30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم 2011
31 -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998
32- چینی کۆن، چ1(          )دەزگای موکریانی

---

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
36- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
37- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
38- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
39- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
40- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

43- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
44- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
45- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
46- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
47- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (23ئەفسانە)

---

48- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008
49- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
50- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

---

51- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی – کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی
52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

---

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
56- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
57- گوگول، نووسەری ریالیست
58- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
60- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

61- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان
62-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

---

63- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم2008
64- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
65- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
66- ریالیزموودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ2004،1،دەزگای سپیرێز
67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ2006،1دەزگای موکریانی
68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
69- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006
70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی
71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006
72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006
74- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ2007،1
75- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008
76- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوك
77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009
78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004
80- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
81-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

82-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

83-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

84-وقفات فی رحاب الثقافه الکوردیه، حەمه کەریم عارف

85-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

86-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

87-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

88-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

89-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

90-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

91-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف

92-باڵندەکەی من ڕۆمان، فریبا وفی

93- نامەکانی تولستۆی

94- جەمیلە، ڕۆمان جەنگیز ئایتماتۆف

95- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

96- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی

97- کڵاو سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان

98- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

99- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

100- خەیام...زانای شاعیران وشاعیری زانایان /جەلال زەنگابادی

101- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی

102- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە

* لە ڕاپەڕینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...